حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی پەروەردەی هونەری

# پڕۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی

نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی کراوە وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردەی هونەر / پڕۆگرام و ڕێگاکانی وانەووتنەوەی موزیك

لە لایەن خوێندکاری ماستەر

تۆڵە ئومێد محمود

بەسەرپەرشتی

پ.د. جواد نعمت حسين

پ.ی.م. وفاء محمد حسين

(٢٧٢١)ی کوردی (١٤٤٢)ی کۆچی (٢٠٢١)ی زایینی

بسم الله الرحمن الرحيم

لكل جعلنا منكم شرعة ومنهاجا

صَدَقَ اللهُ العَظيم

(سورة المائدة – الاية : ٤٨)

# بڕیاری سەرپەرشتیاران

ئەم نامەیە بە ناونیشانی **(پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی)** بە سەرپەرشتی و لە ژێر چاودێری ئێمەدا لە لایەن خوێندکاری ماستەر (تۆڵە ئومێد محمود) لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردەی هونەر/ پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەووتنەوەی موزیك، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ

پ.د. جواد نعمت حسین

سەرپەرشتیاری یەکەم

ڕێکەوت: ١ / ٢ / ٢٠٢١

واژۆ

پ.ی.م. وفاء محمد حسین

سەرپەرشتیاری دووەم

ڕێکەوت: ١ / ٢ / ٢٠٢١

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

ناو : پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

سەرۆك بەشی پەروەردەی هونەری

ڕێکەوت: ١ / ٢ / ٢٠٢١

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

ناو : پ.د. جواد نعمت حسین

لێپرسراوی خوێندنی باڵای کۆلێج

ڕێکەوت: ١ / ٢ / ٢٠٢١

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتووگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی **(پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی)** لەگەڵ خوێندکاری ماستەر **(تۆڵە ئومێد محمود)** گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی **(نایاب)** بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردەی هونەر/ پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی موزیك پێ بدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ
ناو: پ.ی.د. سلوى أحمد أمين
ئەندام
ڕێکەوت: ١٠ / ٤ / ٢٠٢١

واژۆ
ناو: د. عبدالله جمال أشرف
ئەندام
ڕێکەوت: ١٠ / ٤ / ٢٠٢١

واژۆ
ناو : پ.د. جواد نعمت حسين
ئەندام و سەرپەرشتیاری یەکەم
ڕێکەوت: ١٠ / ٤ / ٢٠٢١

واژۆ
ناو: پ.ی.م. وفاء محمد حسين
ئەندام و سەرپەرشتیاری دووەم
ڕێکەوت: ١٠ / ٤ / ٢٠٢١

واژۆ
ناو: پ.د. أفراح ياسين محمد الدباغ
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ١٠ / ٤ / ٢٠٢١

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ١٦ ) لە ڕێکەوتی ( ٢١ / ٦ / ٢٠٢١ ) پەسەندکرا.

واژۆ
ناو : پ.د. علی قادر عثمان
ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
ڕێکەوت: ٢١ / ٦ / ٢٠٢١

# پێشکەشە بە:

بینایی هەردوو چاوانم:

لیزا و لۆرا

قەڵا بەرزەکانی ژیانم:

دایك و باوکم

**توێژەر**

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینی بێ پایانم بۆ:

- مامۆستا و سەرپەرشتیارانی زێدە ئەزیز و خۆشەویستم بەڕێزان (پ.د. جواد نعمت حسين) و (پ.ی.م. وفاء محمد حسين) کە بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆبەخشییەوە ئەرکی سەرپەرشتی نامەکەیان گرتۆتە ئەستۆ، وێڕای ڕێنمایی و سەرنجە ئەکادیمیە بە نرخەکانیان بە هزر و بۆچوونە وردەکانیانەوە ڕێگای توێژینەوەکەیان ڕۆشنتر و دەوڵەمەندتر کرد.

- بەڕێزان سەرۆکی زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د. ڕەزا حەسەن حسێن) و ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی (پ.د. علی قادر عثمان) کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هاوکارم بوون و بواری خوێندنیان بۆ فەراهەم کردم.

- بەڕێزان مامۆستایانی بەشی پەروەردەی هونەری و بەتایبەت بەڕێز (م.کامەران محمود أحمد).

- مامۆستایانم لە خوێندنی کۆرسی ئەکادیمی هەریەك لە بەڕێزان (پ.ی.د. حسن فخرالدين خالید)، (پ.د. سابیر بکر مصطفی)، (پ.د. نظام عبدالجبار حسين) و (پ.ی.د. محمد عزیز شاکر زازا) کە گەلێك زانیاری نوێیان پێ بەخشیم.

- مامۆستایانی بەشی موزیك لە کۆلێجی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەڵاحەدین و هەروەها پسپۆڕانی بواری موزیك و پەروەردە لەناوەو و دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتی بەڕێزان (د.بەرزان یاسین)، (د.عبدالله جمال سەرگرمە)، (م.عادل محمد کریم)، (م.ئامانج غازی شاکر)، (م.سیروان محمد)، (م. خالید سەرکار)، (م. سالار ئازید)، (م.بەختیار حمە هادی)، (م، چیایی کەمال)، (م.سۆران حەمە ئەمین ئەحمەد) و (م.دارا أورحمن أحمد)، کە هاوکار و ڕێنیشاندەرم بوون لە توێژینەوەکەدا.

- مامۆستایانی بەڕێز (پ.ی.م. بەرهەم عبدالرحمن) و (م.خێڵان أحمد) بۆ پێداچوونەوەی پوختەی توێژینەوەکەم بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

- مامۆستایانی بەڕێز (م.یادگار محمدأمين)، (م.سەرکار حمەرشید)، (م. شاڵاو عبدالله) و (م. ئاواز میرزا) کە هاوکاربوون لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی گفتوگۆی نامەی ماستەرەکەمدا.

- سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ڕاپرسییەکانەوە توێژینەوەکەیان زانستیانەتر کرد.

**توێژەر**

# پێڕستی ناوەڕۆك


| ناوەڕۆك | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | |
| ئایەتی قورئان | ب |
| بڕیاری سەرپەرشتیاران | پ |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن | ت |
| پێشکەشکردن | ج |
| سوپاس و پێزانین | چ |
| پێڕستی ناوەڕۆك | ح |
| پێڕستی خشتەکان | د |
| پێڕستی پاشکۆکان | ر |
| پێڕستی هێڵکاریەکان | ڕ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | ز |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** | ١ |
| • پێشەکی | ٢ |
| ١ ــ ١ کێشەی توێژینەوەکە | ٣ |
| ١ ــ ٢ گرنگی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١ ــ ٣ ئامانجی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١ ــ ٤ سنوری توێژینەوەکە | ٥ |
| ١ ــ ٥ پێناسەی زاراوەکان | ٦ |
| **بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە** | ١٠ |
| **٢ ــ ١ چوارچێوەی تیۆری** | ١١ |
| **٢ ــ ١ ــ ١ پرۆگرامی خوێندن** | ١١ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ١ مانای چەمکی پرۆگرامی خوێندن بە هەردوو زاراوە کۆن و نوێیەکەیەوە | ١١ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٢ بنچینەکانی بنیادنانی پرۆگرامەکانی خوێندن | ١٤ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٣ پێکهاتەکانی پرۆگرام | ١٦ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٤ جۆرەکانی پرۆگرامی خوێندن | ١٨ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٤ ــ ١ پرۆگرامی خوێندنی کۆن | ١٩ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٤ ــ ٢ پرۆگرامی خوێندنی نوێ | ٢٠ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٤ ــ ٣ پرۆگرامی خوێندنی هاوچەرخ | ٢٣ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٥ بیردۆزەکانی پرۆگرامی خوێندن | ٢٤ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٦ دیزاینکردنی پرۆگرام | ٢٧ |
| ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٧ نمونەی بنیادنانی پرۆگرامەکان | ٢٨ |

| | |
|---|---|
| **٢ ــ ١ ــ ٢ دەروازەیەك بۆ مۆزیك** | ٣٩ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ١ کورتە باسێک دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی مۆزیك | ٣٩ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٢ سەردەمەکانی مۆزیك | ٤١ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٣ جۆرەکانی مۆزیك | ٤٣ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٤ ڕەگەزەکانی مۆزیك | ٤٤ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٥ تایبەتمەندییەکانی دەنگی مۆزیك | ٤٥ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٦ ئامێرەکانی مۆزیك | ٤٨ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٧ سکێڵەکانی مۆزیك | ٤٩ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٨ فۆڕمی مۆزیك | ٥٠ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٩ چێژی مۆزیك | ٥١ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ١٠ کورتەیەك لە مێژووی سەرهەڵدانی مۆزیکی کوردی | ٥٣ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ١١ سکێڵی مەقامەکان لە مۆزیکی کوردیدا | ٥٣ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ١٢ فۆڕمەکانی مۆزیکی کوردی | ٥٧ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ١٣ گۆرانی | ٥٨ |
| ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ١٤ سروود | ٥٩ |
| **٢ ــ ١ ــ ٣ پەروەردەی مۆزیك** | ٦٠ |
| ٢ ــ ١ ــ ٣ ــ ١ کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی پەروەردەی مۆزیك | ٦١ |
| ٢ ــ ١ ــ ٣ ــ ٢ کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی پەروەردەی مۆزیك لە هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی وەك نموونە | ٦٣ |
| **٢ ــ ٢ توێژینەوەکانی پێشوو** | ٦٤ |
| ٢ ــ ٢ ــ ١ توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن | ٦٤ |
| ٢ ــ ٢ ــ ٢ توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی ئامادەکردنی پرۆگرام و بە ئەزموونکردنی | ٦٧ |
| ٢ ــ ٢ ــ ٣ توێژینەوەی پێشوو کە بەشێک لەناوەرۆکەکەی پەیوەندیدارە بە توێژینەوەی ئێستا | ٦٩ |
| ٢ ــ ٢ ــ ٤ بەراوردکردن لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو | ٧٣ |
| ٢ ــ ٢ ــ ٥ ڕادەی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو | ٧٥ |
| **بەشی سێیەم : ڕێکارەکانی توێژینەوەکە** | ٧٦ |
| ٣ ــ ١ میتۆدی توێژینەوەکە | ٧٧ |
| ٣ ــ ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٧٧ |
| ٣ ــ٣ نمونەی توێژینەوەکە | ٧٧ |
| ٣ ــ ٤ ڕێکارەکانی دانانی پرۆگرامی خوێندنی پێشنیازکراو | ٧٨ |
| ٣ ــ ٤ ــ ١ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی خوێندکاران و پێداویستیەکانیان | ٧٩ |
| ٣ ــ ٤ ــ ٢ داڕشتنی ئامانجی بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ٨١ |
| ٣ ــ٤ ــ ٣ دیاریکردنی ناوەڕۆکی فێرکاری بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ٨٣ |
| ٣ ــ٤ ــ ٤ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی فێرکاری بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ٨٩ |
| ٣ ــ٤ ــ ٥ دیاریکردنی ڕێگاو وشێواز و ستراتیجیەکانی وتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ٩٧ |
| ٣ ــ٤ــ ٦ دیاریکردنی چالاکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ٩٨ |
| ٣ ــ٤ــ ٧ دیاریکردنی ئامرازەکانی فێرکردن لە بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ١٠٠ |

| | |
|---|---|
| ٣ ـ٤ـ ٨ دياريكردنی شێوازەكانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەكانی پرۆگرامەكە | ١٠٢ |
| ٣ ـ٤ـ ٩ دیزاینكردنی بابەتەكانی پرۆگرامەكە بە شێوازی سەرەتایی | ١٠٢ |
| ٣ ـ٤ـ ١٠ دیزاینكردنی بابەتەكانی پرۆگرامەكە بە شێوازی كۆتایی | ١٠٥ |
| ٣ ـ ٥ هاوكێشە ئامارییەكان | ١٠٦ |
| **بەشی چوارەم : ئەنجامەكانی توێژینەوە** | ١٠٧ |
| ٤ ـ ١ ئەنجامی توێژینەوەكە | ١٠٨ |
| ٤ ـ ٢ ڕاسپاردەكان | ١٠٩ |
| ٤ ـ ٣ پێشنیازەكان | ١٠٩ |
| **لیستی سەرچاوەكان** | ١١١ |
| سەرچاوەكان بە زمانی كوردی | ١١٢ |
| سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی | ١١٣ |
| سەرچاوەكان بە زمانی ئیگلیزی | ١١٨ |
| سەرچاوەكان لە ئەنتەرنێت | ١١٨ |
| **پاشكۆكان** | ١٢١ |
| پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی | ١٥٠ |
| پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی | A |


## پێڕستی خشتەكان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| (٢-١) | تایبەتمەندی بیردۆزە سەرەكییەكان لە دیزاینكردنی پرۆگرامەكانی خوێندن | ٢٥ |
| (٢-٢) | پۆلێنكردنی سكێڵی مەقامی ڕۆژهەڵاتی لای (مصطفى) | ٥٦ |
| (٢-٣) | ڕادەی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەكانی پێشوو | ٧٥ |
| (٣-١) | بابەتە موزیكیە بڕیارلێدراوەكان لە بەشی پەروەردەی هونەری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩- ٢٠٢٠) | ٧٧ |
| (٣-٢) | ڕادەی شیاوی بابەتە موزیكیە پێشنیازكراوەكان و دەستنیشانكردنیان بۆ قۆناغ و سیمیستەرەكان و تایبەتمەندی جۆری ناوەڕۆكەكانیان لە لایەن پسپۆڕانی بواری موزیك | ٨٠ |
| (٣-٣) | ڕادەی شیاوی پێداویستی خوێندكاران لە فێربوونی بابەتە موزیكییەكان | ٨٠ |
| (٣-٤) | ئامانجی (فێركاری گشتی و ڕەفتاری) بابەتە موزیكیەكان بە شێوەی سەرەتایی | ٨٢ |
| (٣ - ٥) | ئامانجی (فێركاری گشتی و ڕەفتاری) بابەتە موزیكیەكان بە شێوەی كۆتایی | ٨٢ |
| (٣-٦) | گۆرانییە هەڵبژێردراوەكان بەپێی جۆری مەقامەكان و ڕادەی شیاویان لە پرۆسەی پەروەردەدا لە ڕوانگەی شارەزایانەوە | ٨٤ |
| (٣ - ٧) | ڕادەی شیاوی هۆنراوەی سروود و گۆرانییەكان لەڕووی پەروەردەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتی لەڕوانگەی پسپۆڕان بەشێوەی كۆتایی | ٨٥ |

| | | |
|---|---|---|
| (٣- ٨) | پۆلێنکردن و دیاریکردنی جۆری سروود و گۆرانییەکان بەپێی ئامانجی ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیان لە لایەن پسپۆڕانی بواری زمانی کوردی | ٨٦ |
| (٣- ٩) | ڕادەی شیاوی سروود و گۆرانیەکان لەڕووی میلۆدییەوە بۆ خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە ڕوانگەی پسپۆڕانی بواری موزیك | ٨٨ |
| (٣- ١٠) | ڕێکخستنی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕانی بواری موزیك | ٩٠ |
| (٣ - ١١) | دیاریکردنی ڕێگاو شێواز و ستراتیجەکانی وانە ووتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان | ٩٧ |
| (٣ - ١٢) | دیاریکردنی چالاکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان | ٩٨ |
| (٣- ١٣) | دیاریکردنی ئامرازەکانی فێرکردن لە بابەتە موزیکییەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان | ١٠٠ |
| (٣ - ١٤) | دیاریکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتە موزیکییەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان | ١٠٢ |
| (٣ - ١٥) | هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ بابەتەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن شارەزایان | ١٠٣ |



## پێڕستی پاشکۆکان



| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | لیستی شارەزایان و هەڵسەنگێنەران بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ١٢٢ |
| ٢ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی هەڵبژاردنی بابەتە موزیکییەکان لە بەشی پەروەردەی هونەری و لەڕووی تایبەتمەندی جۆری ناوەڕۆك و دابەشکردنییان بەسەر قۆناغ و سیمیستەرەکاندا | ١٢٥ |
| ٣ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی ڕادەی شیاوی پێداویستی خوێندکاران لە فێربوونی بابەتە موزیکییەکان و هۆکارەکانی فێرکردن | ١٢٦ |
| ٤ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ئامانجی (گشتی – ڕەفتاری) پرۆگرامەکە لەلایەن پسپۆڕانەوە | ١٢٧ |
| ٥ | ئامانجی (گشتی – ڕەفتاری) پرۆگرامەکە لەلایەن پسپۆڕانەوە بە شێوەی کۆتایی | ١٢٨ |
| ٦ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی هەڵبژاردنی گۆرانییەکان بە پێی جۆری مەقامەکان و ڕادەی شیاوییان لە پرۆسەی پەروەردەدا | ١٣٩ |
| ٧ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی دیاریکردنی ڕادەی شیاوی هۆنراوەی سروود و گۆرانییەکان و کاریگەرییان لەسەر دەروونی خوێندکاران لە پرۆسەی خوێندندا | ١٤٠ |
| ٨ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی پۆلێنکردن و دیاریکردنی جۆری سروود و گۆرانییەکان بەپێی ئامانجی ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیان | ١٤١ |
| ٩ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی هەڵبژاردنی ئەو سروود و گۆرانییانەی کە لەڕووی میلۆدییەوە گونجاون بۆ خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری | ١٤٢ |
| ١٠ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی ڕێکخستنی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە | ١٤٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی دیاریکردنی ڕێگاو شێواز ستراتیجەکانی وانە ووتنەوەی تایبەت بە بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ١٤٤ |
| ١٢ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی دیاریکردنی چالاکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ١٤٥ |
| ١٣ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی دیاریکردنی ئامرازەکانی فێرکردن لە بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ١٤٦ |
| ١٤ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی دیاریکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکانی پرۆگرامەکە | ١٤٧ |
| ١٥ | (ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ پرۆگرامەکە | ١٤٨ |
| ١٦ | پەڕتوکی ڕێبەری مامۆستا لە بابەتی (تیۆرەکانی موزیك) بە شێوەی (CD) هاوپێچ لەگەڵ توێژینەوەکە | |
| ١٧ | پەڕتوکی خوێندکار لە بابەتی (تیۆرەکانی موزیك) بە شێوەی (CD) هاوپێچ لەگەڵ توێژینەوەکە | |
| ١٨ | پەڕتوکی ڕێبەری مامۆستا لە بابەتی (سۆڵفێجی گشتی) بە شێوەی (CD) هاوپێچ لەگەڵ توێژینەوەکە | |
| ١٩ | پەڕتوکی خوێندکار لە بابەتی (سۆڵفێجی گشتی) بە شێوەی (CD) هاوپێچ لەگەڵ توێژینەوەکە | |
| ٢٠ | پەڕتوکی ڕێبەری مامۆستا لە بابەتی (سروود و گۆرانی) بە شێوەی (CD) هاوپێچ لەگەڵ توێژینەوەکە | |
| ٢١ | پەڕتوکی خوێندکار لە بابەتی (سروود و گۆرانی) بە شێوەی (CD) هاوپێچ لەگەڵ توێژینەوەکە | |


## پێڕستی هێڵکاریەکان


| ژمارەی هێڵکاری | ناونیشانی هێڵکاری | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| (٢ - ١) | نمونەی دیزاینی فێرکاری تایلەر لە ئامادەکردنی پرۆگرام | ٢٩ |
| (٢ - ٢) | نمونەی دیزاینی فێرکاری هێلدا تابا لە ئامادەکردنی پرۆگرام | ٣١ |
| (٢ - ٣) | نمونەی دیزاینی فێرکاری گرەیڤ بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام و ڕەگەزە بنچینەییەکانی | ٣٢ |
| (٢ - ٤) | نمونەی دیزاینی فێرکاری ئەدڵ بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام | ٣٣ |
| (٢ - ٥) | نمونەی دیزاینی فێرکاری ویلەر بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام | ٣٤ |
| (٢ - ٦) | نمونەی دیزاینی فێرکاری دیك و کاری بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام | ٣٥ |
| (٢ - ٧) | نمونەی دیزاینی فێرکاری کیر بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام | ٣٦ |
| (٢ - ٨) | نمونەی دیزاینی فێرکاری کەمپ بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام | ٣٧ |
| (٢ - ٩) | نمونەی دیزاینی فێرکاری محمد السید علی بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام | ٣٩ |
| (٢ - ١٠) | پۆلێنکردنی سکێڵەکانی موزیکی کوردی لای (ڕەووف) | ٥٥ |
| (٣ - ١) | نموونەی دیزاینی فێرکاری ئامادەکراو لە لایەن توێژەر | ٧٨ |

# پوختەی توێژینەوەکە

ئامانج لە توێژینەوەکە دانانی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بوو بۆ بابەتی موزیکی بڕیارلێدراو لە بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی. بەپێی سروشتی بابەت و ئامانجی توێژینەکە، میتۆدی وەسفی بۆ ئەنجامدانی بەکارهێنراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە سەرجەم بابەتە موزیکییە بڕیارلێدراوەکانی هەر چوار قۆناغەکانی بەشی پەروەردەی هونەری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩- ٢٠٢٠)، کەپێکهاتبوون لە (شەش) بابەت: (تیۆرەکانی موزیك، سۆڵفێجی گشتی، سروود و گۆرانی، مێژووی موزیك، پەروەردەی ئامێری پیانۆ و ئامێری سەرەکی پیانۆ). نموونەی توێژینەوەکە پێك هاتووە لە بابەتەکانی (تیۆرەکانی موزیك، سۆڵفێجی گشتی و سروود و گۆرانی)، لە ئاکامی خوێندنەوەیەکی فراوان بۆ سەرچاوە جۆراوجۆرەکان دەربارەی ناوەڕۆکی هەرسێ بابەتەکە و پرۆگرامی خوێندن و دیزاینی فێرکاری و نموونەکانی، بێجگە لە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پیسپۆرانی ئەم بوارانە و سەرەڕای ئەزموونی خودی توێژەر دەربارەی موزیك، هەستا بە دانانی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ ئەم بابەتە موزیکییانە بەپێی ڕێکارو هەنگاوەکانی نموونەیەکی تایبەت بۆ دیزاینی فێرکاری ئامادەکراو لە لایەن خودی توێژەر، بە سوود وەرگرتن لە هەردوو نموونەی (تایلەر) و (هێلدا تابا)، لە ڕۆشنایی بنەماکانی پرۆگرامی خوێندنی تەواوکاری (المنهج التكاملي) بە شێوەیەك کە پرۆگرامی خوێندنی هەر بابەتێك پێك هاتبوو لە شەش ڕەگەزی سەرەکی: (ئامانجە فێرکارییەکان، ناوەڕۆك، ڕێگاو شێواز و ستراتیجیەکانی وانەوتنەوە، هۆیەکانی تەکنەلۆجیای فێرکردن، چالاکییەکان و هەڵسەنگاندن)، لە ڕۆشنایی ئاراستە نوێیەکانی ڕێکخستنی پرۆگرامی خوێندن، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پرۆگرامی هەر بابەتێك بە دوو شێواز، یەکەمیان بە شێوازی پرۆگرامێکی فێربوونی تێر و تەسەل بۆ خوێندکار و دووەمیان بە شێوازی ڕێبەرێکی داڕێژراو بۆ مامۆستای بابەتەکە. پاش دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و ناوەڕۆکی پێکهاتەکانی پرۆگرامەکە بەش بە بەش و بە شێوەی گشتی لە ڕێگای نمایشکردنیان بە سەر شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکانی لە ڕێگای چەندین ڕاپرسی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستانە، بێجگە لە چاوپێکەتن، بەم شێوەیە ئەنجام و ئامانجی توێژینەوەکە دەستەبەرکرا، لە کۆتاییدا توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی خستەڕوو کە گرنگترینیان (بەکارهێنانی پرۆگرامە موزیکیە فێرکارییەکانی هەرسێ بابەتەکەیە لە لایەن بەشی پەروەردەی هونەری و بەشە هاوشێوەکانی دیکە و بەچاپ گەیاندنیان بە شێوازی پەڕتووك)، بێجگە لە چەند پێشنیازێك وەك ناونیشان بۆ چەند توێژینەوەیەکی تر و تەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی توێژینەوەکە.

# بەشی یەکەم

## (چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە)

١ ــ ١ کێشەی توێژینەوەکە

١ ــ ٢ گرنگی توێژینەوەکە

١ ــ ٣ ئامانجی توێژینەوەکە

١ ــ ٤ سنوری توێژینەوەکە

١ ــ ٥ پێناسەی زاراوەکان

# بەشی یەکەم

## (چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە)

- **پێشەکی**

بێگومان پەروەردەی هونەری وەك لقێك لە پرۆسەی پەروەردە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پێکهێنانی کەسایەتی خوێندکار بە شێوەیەکی گشتی، لەبەر ئەوەی چەمکی پەروەردەی هونەری هەڵگری دوو واتایە، یەکەمیان بەواتای ئامادەکردنی خوێندکار دێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هونەردا لە ڕەوتی ژیانی تایبەت بە خۆی، دووەمیان بە واتای بەکارهێنانی هونەر دێت بۆ برەودان بە کەسایەتی خوێندکار لە لایەنەکانی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، سۆزداریی، ڕۆحی و مەعریفی کارامەییدا، لەسەر ئەم بنەمایە، پەروەردەی هونەری کراوە بە یەکێك لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن لە سەرجەم خوێندنگاکانی وڵاتانی جیهاندا.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ڕۆڵی چالاکی هەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییە گشتی و تایبەتیەکانی لە خوێندنگاکاندا بەئاستێکی باڵا، پێویستە سەرجەم پێداویستەکانی وەك مامۆستای پسپۆر و لێهاتوو، پرۆگرامی خوێندنی پێشکەوتوو و هاوچەرخ، شوێنی گونجاو و کەل و پەل و پێداویستە جۆراو جۆرەکانی دیکە فەراهەم بکرێت بۆ خوێندنگاکان بەتەواوی وەك ئەوەی لە زۆرینەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا بەدی ئەکرێت.

ئاشکرایە ئەرکی ئامادەکردنی مامۆستای ئەکادیمی و پسپۆڕ و لێهاتوو لەم بوارەدا بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی کۆلێجەکانی پەروەردەی هونەری و بەشەکانی پەروەردەی هونەری لە کولێجەکانی پەروەردەی بنەڕەتی و هونەرەجوانەکاندا، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پێویست بە دابین کردنی سەرجەم ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکردن دەکات لە کۆلێج و بەشەکانی پەروەردەی هونەری لە زانکۆکاندا و بەئاستێکی باڵا.

یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی پرۆگرام بریتیە لە بابەتەکانی خوێندن، کە پێویستە لە لایەن کەسانی ئەکادیمی شارەزا و لێهاتوو بە شێوازێکی زانستی و پێشکەوتوو دابندرێن، بۆ دڵنیابوون لە شیاوی پرۆگرام و ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە لە هەموو ڕووەکانەوە، پێویستە بەردەوام بخرێنە ژێر پرۆسەی هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی پەرەپێدان و پێشخستنی بەردەوام، کە بگونجین لەگەڵ داخوازییەکانی خوێندکاران و پێداویستیەکانی ژیانیان، لەم ڕوانگەوەیەوە توێژەر بەپێی بواری پسپۆڕیەکەی بڕیاری داوە بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە، کە تایبەتە بە پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە موزیکیەکان لە بەشی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، کەهێشتا لە سەرەتای ئامادەکردنە لە لایەن سەرۆکایەتی بەشەکەوە.

## ١ – ١ کێشەی توێژینەوەکە

جێ ئاماژەیە پرۆگرامی خوێندنی بەشی پەروەردەی هونەری، لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، کە لە ساڵی ( ٢٠١١ – ٢٠١٢ ) دامەزراوە، تاکە بەشە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، پێك دێت لە کۆمەڵێك بابەتی هونەری پسپۆڕی لە بوارەکانی (شێوەکاری، موزیك و شانۆ) جگە لە چەندین بابەتی گشتی و پەروەردەیی و دەروونی، سەبارەت بە بابەتەکانی بواری موزیك کەلەساڵانی ڕابردوودا سیستەمی خوێندنی (ساڵانە) پەیڕەو دەکرا لە بەشەکەدا تەنها (دوو) بابەتی موزیك هەبوون کە لە قۆناغەکانی (دووەم – سێیەم) دەخوێندران، بەڵام بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) سیستەمی خوێندن گۆڕدرا بۆ (وەرزی) و بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) سیستەمی (بۆلۆنیا پرۆسیس) پەیڕەو دەکرێت بۆ خوێندن لە بەشەکە. دوای ئەنجامدانی وۆرکشۆپێکی هاوبەش لە نێوان کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی و بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بە سیستەمی پرۆگرامەکانی خوێندن لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی و قۆناغی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردە، لیژنەی زانستی بەشی پەروەردەی هونەری بڕیاریدا کە وانەکانی موزیك زیادبکرێت بۆ شەش بابەت بە جۆرێك لە هەر (چوار) قۆناغەکەدا بخوێندرێت، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر وەك یەکێك لە مامۆستایانی بابەتەکانی موزیك لە بەشەکە، لە لایەن لیژنەی زانستی بەش ڕاسپێردرا بەدەستنیشانکردنی ناوی بابەتەموزیکیەکان کە پێویستە بخۆیندرێن لە میانەی چوار ساڵەکەدا، بەڕەچاوکردنی تایبەتمەندیەکانی بەشی پەروەردەی هونەری و ئامانجەکانی، کەجیاوازە لەئامانجەکانی بەشی موزیك لە پەیمانگە و کۆلێجی هونەرە جوانەکان، پاش بەدواداچونیکی وورد لە لایەن توێژەر بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵی سەرەنج و تێبینی لای دروست بوو وەك:

- بوونی جیاوازی لە پرۆگرامی خوێندنی بەشە هاوبەشەکانی پەروەردەی هونەری لە کولێجەکانی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆکانی عێراق و وڵاتە عەرەبیەکان و زانکۆکانی دەرەوەی وڵات.
- بەکارهێنانی هەمان پرۆگرامی خوێندنی چەند بابەتێکی موزیکی لە بەشەکانی موزیکی پەیمانگە و کۆلێجی هونەرە جوانەکان لە لایەن مامۆستایانی بواری موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری، کە ناگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی بەشی پەروەردەی هونەری.
- نە گونجانی پرۆگرام و شێوازی خوێندنی بابەتە موزیکیەکان لە بەشی پەروەردەی هونەری، لەگەڵ ئەرکەکانی دەرچوانی بەشەکە لە خوێندنگاکان، کە زیاتر جەخت دەکات لە سەر پێدانی زانیاری تیۆری و بەبێ بایەخدان بە لایەنە پراکتیکیەکان، کە ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان و پەروەردەکردنی دەنگ و گوێی موزیکی لە خۆ دەگرێت کە بایەخێکی زۆریان هەیە لە میانەی وانەووتنەوەی موزیك لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان.
- نەبوونی مامۆستای ئەکادیمی پسپۆڕ لە بواری پەروەردەی هونەری موزیك و شارەزا لە بواری شێوازی وانەووتنەوەی موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری.

ئەم سەرنج و تێبینیانە کۆمەڵێك کێشەی زانستین ڕووبەڕووی بەشی پەروەردی هونەری بونەتەوە، کەپێویستە بەڕێگای زانستی چارەسەربکرێن، بەم جۆرە چەند پرسیارێك لای توێژەر گەڵاڵە بوون وەك:

**١ – ١ – ١** ئایا ئەو بابەتە موزیکیانە چین کە پێویستە لە میانەی چوار ساڵدا بخوێندرێن لە بەشی پەروەردەی هونەری؟

١ ــ ١ ــ ٢  ئایا پرۆگرامی خوێندنی ئەوبابەتە موزیکیانە، چۆن و لەسەر چ بنەما وپێوەرێك دابندرێن؟ کێ ئامادەیان بکات؟

١ ــ ١ ــ ٣  ئایا دەکرێت پرۆگرامی بابەتەکان بەشێوەیەك ئامادەبکرێن کە مامۆستایانی بابەتەکان سوودی لێ ببینن وەك (ڕێبەر) و لە هەمان کاتدا خوێندکارەکانیش سوودی لێ ببینن وەك بەرنامەیەك بۆ فێربوون؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کە هیچ توێژینەوەیەکی پێشتر نیە وەڵامیان بداتەوە، توێژەر بڕیاریدا بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە وەك هەوڵدانێکی زانستی بۆ وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارانە کە بوون بە کێشەی توێژینەوەکەی.

## ١ ــ ٢  گرنگی توێژینەوەکە

ڕادەی گرنکی هەر توێژینەوەیەك بەندە بەگرنگی بابەتەکەی، یاخود کێشەکەی. بابەتی توێژینەوەی ئێستا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن بۆ بابەتە موزکییە بڕیارلێدراوەکان لە بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، بەشێوازیکی زانستی تۆکمە، کە سوودی هەبێت بۆ مامۆستایانی بابەتە موزیکییەکان و خوێندکارەکان لە هەمان کاتدا. ئاشکرایە پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵی ئەڵقەی پەیوەندی دەنوێنی لە نێوان هەردوو جەمسەرە سەرەکیەکەی پرۆسەی فێرکردن کە بریتین لە مامۆستا و خوێندکار و بەهای پرۆسەکە وابەستەیە بە بەها و خەسڵەتەکانی ناوەرۆکی پرۆگرامەکە، ئەمەش لەسەروبەندی خودی موزیکە کە بەها و پێگەیەکی بڵندی هەیە لە جیهانی زانست و زانیاریدا، بەو پێیەی لە هەمان کاتدا بریتییە لە هونەر و زانست و زمانی گوزارشتکردن، هەروەها یەکێکە لە دێرینترین هونەرەکان کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە پەی پێ بردووە و بەکاری هێناوە لە ڕەوتی ژیانیدا، هەروەها زمانێکی پاراوی مرۆڤایەتی و جیهانیە، کە سەرجەم گەلان و نەتەوەکان گوازارشتی پێ دەکەن و بەپێی زاراوە هەمەجۆرەکان، کە گەواهیدەری فراوانی ودەوڵەمەندی ئەم زمانە پڕ لە ئەفراندن وجوانی یە دەکەن، لە دەرئەنجامدا دەشێت گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١ ــ ٢ ــ ١  سوودی دەبێت بۆ مامۆستایانی بواری موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری و بەشە هاوشێوەکانی لە کۆلێج و زانکۆکانی دیکە، لە میانی وانە ووتنەوەدا، لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە ناوەڕۆك و ڕێبەری بابەتەکان کە بۆ مامۆستایان لە پرۆگرامەکەدا ئامادە دەکرێن.

١ ــ ٢ ــ ٢  سوودی دەبێت بۆ خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری و بەشە هاوشێوەکانی لە کۆلێج و زانکۆکانی دیکە، لە ڕێگای بەکارهێنانی تەواوی ناوەرۆکی بابەتە موزیکیەکان و هۆکارەکانی فێرکردن وەك سەرچاوەیەکی هونەری و زانستی ڕەسەن بۆ فێربوون لە میانەی خوێندنیان لە بەشی پەروەردەی هونەری، هەروەها لە پاش دەرچوونیان کاتێك دەبن بە مامۆستا لە خوێندنگاکان، لەبەر ئەوەی پرۆگرامەکە بە شێوەیەك ئامادە دەکرێت، کە سوودی ئەوتۆی هەبێت بۆ وتنەوەی بابەتی موزیك خوێندکارانی قوناغی خوێندنی بنەڕەتی.

١ ــ ٢ ــ ٣  سوودی دەبێت  بۆ توێژەران وپسپۆڕانی ئەم بوارە، لە کاتی دانانی پرۆگرامی خوێندن بۆ وانەکانی دیکە لە بەشی پەروەردەی هونەری بە تایبەتی کە ئەمە بۆ یەکەم جارە پرۆگرامێکی لەو جۆرە دادەڕێژرێت لە بەشی پەروەردەی هونەری / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سلێمانی.

١ ــ ٢ ــ ٤  سوودی دەبێت بۆ کتێبخانەی هونەری کوردی وەك سەرچاوەیەکی زانستی و هونەری ڕەسەن لە بواری موزیك بە زمانی کوردی.

١ ــ ٢ ــ ٥  سوودی دەبێت  بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە پێشخستنی پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەووتنەوە لە هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردەی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە شێوازی ئامادەکردنی پرۆگرامەکان.

## ١ ــ ٣  ئامانجی توێژینەوەکە

دانانی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ  بابەتە بڕیارلێدراوەکان لە بواری موزیك بە سەر خوێندکارانی قۆناغی یەکەم و دووەمی بەشی پەروەردەی هونەری ــ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ــ زانکۆی سلێمانی.

## ١ ــ ٤  سنوری توێژینەوەکە

### ١ ــ ٤ ــ ١  سنوری  بابەت

لەم توێژینەوەدا جەخت دەکرێت لەسەر ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن بە شێوازی ڕێبەر بۆ مامۆستاکان و ناوەڕۆکی تەواوی بابەتەکان بۆ خوێندکاران  لەم بابەتانەی خوارەوە:

أ- تیۆرەکانی موزیك بۆ قۆناغی یەکەم.

ب- سۆڵفێجی گشتی بۆ قۆناغی یەکەم.

پ- سروود و گۆرانی بۆ قۆناغی دووەم.

### ١ ــ ٤ ــ ٢  سنوری کات

سالّی خوێندنی  (٢٠٢٠ ــ ٢٠٢١).

### ١ ــ ٤ ــ ٣  سنوری شوێن

بەشی پەروەردە هونەری لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی.

## ١ ــ ٥  پێناسەی زاراوەکان

### ١ ــ ٥ ــ ١  پڕۆگرام  (المنهج) (Curriculum)

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: " لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً " (المائده: ٤٨)، عبدالكريم (٢٠١٨) دەڵێت: ووشەی (منهاج) لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەمانای ڕێگای ڕوون دێت. (لا. ١٨).

الوكيل و الموفتی (١٩٩٩) لە پێناسەی پڕۆگرامدا دەڵێن: "پڕۆگرام هۆکارێکی سنووردارە بۆ گەیشتن بە کۆتاییەکی دیاریکراو". (لا. ٥).

هەروەها الخفاجی (٢٠١٧) لە پێناسەی پڕۆگرامدا دەڵێت: "ووشەی پڕۆگرام کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Curriculum) لە ووشەی (Currer)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە ئەمەش بەواتای ئەو ڕێگایە دێت کە مرۆڤ دەیگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێك". (ئەنتەرنێت).

لە پێناسەیەکی دیکەدا تمار و بريكه (٢٠١٨) ئاماژە بە پێناسەی صلاح ذياب هندی دەدەن کە دەڵێت: "پڕۆگرام کۆی ئەو ئەزموونە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیەیە کە لەلایەن کۆمەڵگاوە ئامادەکراوە بۆ پەروەردەکردن و ئامادەکردنی تاکەکان لەبەر ڕۆشنایی مەرجەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئامانج و دەستکەوتەکانی دواڕۆژ " . (لا. ٣).

توێژەر لە پێناسەی پڕۆگرامدا دەڵێت: ڕێگایەکە کە مرۆڤ پەیرەوی دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

### ١ ــ ٥ ــ ٢  پڕۆگرامی خوێندن

النجيحی و مرسي (١٩٧٧) دەڵێن: "پڕۆگرامی خوێندن دەرئەنجامی هەوڵەکانی خوێندنگایە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی خوازراو لە ڕێگەی پێگەی پەروەردەیی چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی خوێندنگا و نوێنەرایەتی پڕۆگرامی خوێندن دەکات بۆ خوێندکاران کە بابەتەکانی خوێندن و چالاکییە هاودەمەکانی پڕۆگرام لەخۆ دەگرێت". (لا. ١٦).

هەروەها حمدان (١٩٨٥) دەڵێت: "پڕۆگرامی خوێندن  بەڵگەنامەیەکی پەروەردەیی نووسراوە و گوزارشت لە ئامانجەکانی فێربوونی خوێندکاران دەکات لە نێو خوێندنگا  بۆ بەدیهێنانی زانیاری و ئەزموون و چالاکی پەروەردەیی و هەڵسەنگاندنێکی گونجاو ". (لا. ٢١).

لە پێناسەیەکی دیکەدا القلاده (١٩٩٠) دەڵێت: "پڕۆگرامی خوێندن کۆمەڵێك  ئەزموونی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، وەرزشی، هونەری و زانستی کە لەلایەن خوێندنگاوە پلانی بۆ دانراوە، لەپێناو  ئامادەکردن و فێرکردنی خوێندکاران لە ناوەوە و دەرەوەی خوێندنگا بە ئامانجی بەدیهێنانی ڕەفتار یاخود  چاککردن و گۆڕانکاری شێوازی ڕەفتاریان بەرەو ئاڕاستەیەکی خوازراو لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی هەموو چالاکییە پێویستەکان و هاودەمەکانی فێربوونی ئەو ئەزموونانەی کە یارمەتییان دەدات لەگەشەیاندا ". (لا. ١١).

لەکاتێکدا مصطفى (٢٠٠٢) لە پێناسەی پرۆگرامی خوێندندا دەڵێت: "پرۆسەیەکە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی بابەتەکاتی خوێندن لەسەر بنەمای وانەووتنەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی کە بە ئاسان دەست پێ دەکات و بە قورس کۆتایی پێ دێت". (لا. ١٩).

نجم الدين (٢٠١٧) لە پێناسەی پرۆگرامی خوێندندا دەڵێت: "پرۆگرام پێك دێت لە کۆمەڵێك بابەت و یەکەی خوێندن کە خوێندکار لە خوێندنگادا دەیخوێنێت و بە شێوەی ناوەڕۆکێکی زانستی پێشکەشی دەکرێت". (لا. ٧).

هەروەها توێژەر لە ڕووی ڕێکارییەوە پێناسەی دەکات و دەڵێت: پرۆگرامێکە بۆ مەبەستی فێرکردن و ڕاهێنان بە شێوەیەکی ڕێکخراو دیزاین کراوە بۆ هەریەك لە بابەتەکانی (تیۆرەکانی موزیك - سۆڵفێجی گشتی و سروود و گۆرانی) بڕیارلێدراو، بەسەر خوێندکارانی قۆناغی (یەکەم و دووەم)ی بەشی پەروەردەی هونەری، بۆ ئەوەی پەرە بە توانای خوێندکاران بدەن و لەهەمانکاتیشدا ڕێنیشاندەری مامۆستای بابەتەکان بن بەپێی قۆناغ و سیمیستەرەکانی خوێندن.

### ١ – ٥ – ٣ موزيك (موسيقى) (Music)

❖ **لە ڕووی زمانەوانییەوە**

الحلو (١٩٧٢) دەڵێت: "موزيك لە ووشەی (موسا)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای سروش یاخود سروش بەخش دێت، مێژووش دەگێڕێتەوە کە (جۆبێر) یاوەری کراوە لەلایەن نۆ کچ بە ناوی (مووساجیت)، کە هەریەکەیان هونەری جوانیان پێشکەش کردووە، لەوانە:گۆرانی گوتن، سەما، وێنەکێشان، دراما، کۆمیدیا، مێژوو، وتار، سوارچاکی و ئەستێرەناسی، لە کۆندا ووشەی موزيك گوزارشتێك بووە بۆ سەرجەم هونەرەکان، بەڵام دواتر بەمانای زمانی ئاواز و هەستەکان هات". (لا. ١٢).

بەڵام أنيس، منتصر، الصوالحی و أحمد (١٩٧٢) دەربارەی ووشەی موزيك دەڵێن: "ووشەیەکی یۆنانییە بە مانای هونەری ژەنینی ئامێرەکانی موزيك دێت ". (لا.٩٣٠).

هەروەها رزق (٢٠٠٠) دەڵێت: "موزيك بە لاتینی لە ووشەی (میوز)ەوە وەرگیراوە کە بە مانای خواوەندەکانی هونەرە جوانەکان دێت". (لا. ٣٢).

وێڕای ئەوەش العنانی (٢٠٠٢) دەڵێت: "ووشەی موزيك لە لە (Muce)ی ناوی خواوەندی هونەرە جوانەکانەوە وەرگیراوە کە بەمانی (هونەر و زانست) پێکەوە دێن". (لا. ٢٦٣ ).

❖ **موزيك لەڕووی زاراوەوە**

ماناو پێناسەکانی موزيك بە درێژایی ڕۆژگار و سەردەم هەمەجۆربوون بەڵام گرنگترین تێرمەکانی بریتین لە ( زانست، هونەر و زمان) :

- **موزيك وەك زانست**

لەم بارەیەوە حسینین (١٩٩٢) دەڵێت: "زانستی موزیك لقێكە لە زانستە فیزیاییەكان كە لەسەر تیۆری دەنگەكان بنیاتنراوە كە كار لەسەر ڕێخستنی دەنگە جیاوازەكان دەكات و ڕیزیان دەكات بە شێوەی پلە بە پلە، هەروەها موزیك پێك دێت لە دوو ڕەگەزی سەرەكی كە بریتین لە (دەنگ و كات) یاخود (ئاواز و ڕیتم)". (لا. ١).

زاهید (١٩٩٩) ئاماژە بە پێناسەی (ابن سینا) دەكات كە دەڵێت: "موزیك زانستێكی هاوشێوەی بیركارییە، لە ڕەوشی دەنگەكان دەكۆڵێتەوە لەڕووی هارمۆنی و گونجاویی و نەگونجاویی نێوانیان، ئەمەش تایبەتە بە زانستی ئاواز و ئەو كاتەی دەیخایەنێت كە كورتكراوەتەوە بۆ زانستی ڕیتم". (لا. ١١).

هیلات و خصاونة (٢٠٠٧) دەڵێن "موزیك زانستێكی سروشتییە لەسەر بنەمای ڕێسا بیركارییەكان بینیات دەنرێت، كە تێیدا پشت بەدەنگ دەبەستێت لەڕووی پێوانی میانەوە و جوڵە لەرەی دەنگەكان، ڕۆڵی هونەرمەندی داهێنەر بریتی دەبێت لە گونجاندن و گەشەپێدان و بەستنەوەی ئەو دەنگە موزیكییانە بەیەكەوە". (لا. ٢١).

- **موزیك وەك هونەر**

هەروەها العنانی (٢٠٠٢) دەڵێت: "موزیك سنوردار كراوە بە ژەنینی ئامێرە موزیكییەكان و گۆرانی گوتن بە پێی كێشی موزیك و پابەندبوون بە كات، بەمەش ئاوازەكان بنیات دەنرێن لە گوزارشتە موزیكییەكان لە چوارچێوەی كاتێكی ڕێكخراو و هەمەڕەنگی دەنگەكان". (لا. ٢٦٤).

Plank (2019) پێناسەی موزیك وەك هونەر دەكات و دەڵێت: "دەنگەكانی ڕێكخراوە بە شێوازێكی چێژ بەخش و سەرنج ڕاكێش كە حەز بە گوێگرتنی دەكەین، ئەویش لەڕێگەی گۆرانی گوتن و ژەنینی ئامێرە موزیكییەكانە". (ئەنتەرنێت).

- **موزیك وەك زمان**

قدوری (١٩٨٧) دەڵێت: " موزیك وەك تەواوی زمانەكانی دیكە پیتی نوسینی هەیە و پێی دەوترێت (نۆتە)، كە بۆ نوسینەوەی ئاوازەكان بەكاردێت لە پێناو پاراستن و مانەوەیاندا، ئەم زمانە گەشەی كرد و بەرفراوان بوو تا ئەو ئاستەی كە تەواوی گەلانی جیهان بەكاری دەهێنن و لێی تێدەگەن هەرچەندە لە ڕەگەز و شێوە زاردا جیاوازن، وە ئەم زمانە بۆتە زمانێكی هاوبەشی تەواوی گەلانی جیهان". (لا. ١٥).

هەروەها توێژەر لە ڕووی ڕێكارییەوە پێناسەی موزیك دەكات و دەڵێت: بریتییە لە سەرجەم بابەتە بڕیارلێدراوەكانی وەك ( تیۆرەكانی موزیك - سۆڵفێجی گشتی - سروود و گۆرانی – مێژووی موزیك – پەروەردەی ئامێری پیانۆ – ئامێری سەرەكی پیانۆ) بەسەر خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەری/ كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی / زانكۆی سلێمانی، كە مەبەست تێیدا پەروەردەكردنێكی موزیكییانەی خوێندكارە لەڕێگەی ناساندنیان بە زمانی موزیك، پەروەردەكرنی گوێ و دەنگ، گەشەكردنی لایەنی زانیاری دەربارەی موزیك و ژەنینی ئامێرەكان.

### ١ – ٥ – ٤  بەشی پەروەردەی هونەری

یەکێکە لە بەشە زانستیەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی. لە ساڵی (٢٠١١- ٢٠١٢) دامەزراوە. خوێندکاران پاش پەروەردەکردنیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی بڕوانامەی بەکالۆریوس وەردەگرن لە پسپۆری پەروەردەی هونەری بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها برەو بە خوێندنیان دەدرێت و دەتوانن  بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا بەدەست بهێنن لە بواری پەروەردەی هونەری وەك پسپۆری گشتی لە  بوارەکانی پڕۆگرام و ڕێگاکانی وانە ووتنەو وتەکنەلۆژیای فێرکردنی  بابەتەکانی هونەری شێوەکاری و  موزیك و شانۆ  وەك پسپۆڕی وورد.

تائیستا بڕوانامەی بە (٦) خول لە خوێندکارانی بەکالۆریۆس و (٢) خول لە خوێندنی باڵا/ ماستەر بەخشیوە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ ـ ٢٠٢٠) دوو (٢) خولی ماستەر لە ماوەی خوێندنیاندان و هەروەها بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠- ٢٠٢١) خوێندنی باڵای بۆ هەردوو ئاستی ماستەر و دکتۆرا کردۆتەوە.

# بەشی دووەم

## (چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو)

٢ ـ ١ چوارچێوەی تیۆری

٢ ـ ١ـ ١ پڕۆگرامی خوێندن

٢ ـ ١ـ ٢ دەروازەیەك بۆ موزیك

٢ ـ ١ـ ٣ پەروەردەی موزیك

٢ ـ ٢ توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

# (چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو)

## ٢ – ١ چوارچێوەی تیۆری

### ٢ – ١ – ١ پرۆگرامی خوێندن

### ٢ – ١ – ١ – ١ مانای چەمکی پرۆگرامی خوێندن بە هەردوو زاراوە کۆن و نوێیەکەیەوە:

پرۆگرام بە یەکێك لە گرنگترین ئەو پایانە دادەنرێت کە پرۆسەی پەروەردەی لەسەر بەندە بە شێوەیەکی گشتی. گەلێك پێناسە بۆ پرۆگرام کراوە لەلایەن پەروەردکارانی کۆن و نوێوە، ئەویش لەبەر پلەبەندی مێژوویی پرۆگرامەکان بووە. جیاوازی پێناسەی پرۆگرام لای زانا پەروەردەییەکان لە جیاوازی کلتور، پێداویستی، عەمباری زانیاری، فەلسەفە و هۆکارە دەرونیەکانی ئەو کۆمەڵگایانەیە خۆی دەبینێتەوە کە تێیدا دەژین. (عبدالموجود، اللقانی، علی و الناقة، ١٩٨١، لا. ٩).

**بەشێوەیەکی گشتی دوو زاراوەی باوی پرۆگرام هەیە ئەوانیش:**

### • پرۆگرامی کۆن:

ئەم جۆرە پرۆگرامە  بایەخ دەدات بە لایەنی هزری زیاتر لەهەر شتێکی دیکە، کە تاوەکو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم باو بوو، تێیدا زانیاری پیرۆز ئەکات و دان بە هیچی تردا نانێت، لەبەرئەوەی ئەرکی خوێندگا تەنیا لە پێشکەشکردنی زانیاریەکان بۆ خوێندکاران و ئەنجامدانی تاقیکردنەوە کۆدەبێتەوە،  بۆ زانینی بڕی گەیاندنی ئەو زانیاریانە پێیان بە پلەی یەکەم پشت بە لەبەرکردن و ووتنەوە دەبەستێت. (فؤاد، ١٩٨٤، لا. ٢٧).

لەم پرۆگرامەدا بابەتەکانی خوێندن ڕێکدەخران و دابەشدەکران بۆ چەند بابەتێك و چەند قۆناغێکی خوێندن، لەکاتێکدا پشکی هەر قۆناغێك لە قۆناغەکان ژمارەیەك لەو بابەتانە بوو کە لەسەر شێوەی بڕیارلێدراوی خوێندن دەبینرێن و  بە شێوەی پەڕتووکی خوێندنگا خۆیان دەبیننەوە، کە ئەم پەڕتووکانە تاکە سەرچاوەی خوێندکارانە کە زانیاری سنوردار و دیاریکراوی بە ڕوونی لێوە وەردەگرن، لە پرۆسەی ئامادەکردنی ئەم جۆرە پرۆگرامەدا، کە ژمارەیەك لە پسپۆڕان  پێی هەڵدەستان، هەریەکەیان لە بواری پسپۆڕیەکەیدا بەشدار دەبوون لە ئامادەکردن و پەرەپێدانی، بەجۆرێك مامۆستایان بەتەواوی پابەندی ڕێنماییەکان دەبوون کە بۆیان دەهات لەلایەن ئەو پسپۆڕانەوە، هەروەها مامۆستایان مافی گۆڕانکاری و دەستکاریکردنیان نیە لەم پرۆگرامەدا لەژێر هەر بارودۆخێکدا بێت، پاشان هەستان بە نوێکردنەوەی ڕێگاو و هۆکاری گونجاو بۆ وتنەوەی ئەم بابەتانە وە دواتر دیاریکردنی جۆری بژاردەی گونجاو بۆ زانینی دەستکەوتی خوێندکاران لە هەر بابەتێکی خوێندندا، بڕی دەستکەوتیان لە هەموو بابەتەکاندا، چەمکی پرۆگرام لە بابەتە بڕیارلێدراوەکانی خوێندن کە دەوترێتەوە بە

هەموو خوێندکاران دیاریکراوبوو، ئەم بڕیارلێدراوانە پێکدێن لە زانیاری و کەلتور، کە لەنێو پۆلدا پیشانی خوێندکاران دەدرێن و لەڕێگەی مامۆستاکانیانەوە پێیان دەوترێتەوە، ئەو وانانەش بە خشتەیەکی ڕۆژانەی ڕۆتینی ڕێکخراو دابەشکراون، بەوپێیە وشەی پڕۆگرام بووە هاوواتای وشەی پلانی بابەت. (عرفه ، ۲۰۰٦، لا. ٦ – ۷).

زۆر ڕەخنە ئاڕاستەی ئەم جۆرە پڕۆگرامە کرا، هەندێك پێیان وایە کە بەجێهێنانی ئەم پڕۆگرامە شوێنەواری نەرێنی جێهێشتوە لە گۆڕەپانی پەروەردەییدا، باڵی کێشاوە بەسەر هەریەکە لە خوێندکار و مامۆستا و بابەتی خوێندنەکە و خوێندنگا و ژینگەشدا، هەموو ئەو ڕەخنانە بە خاڵ دەخەینە ڕوو:

• بایەخدان بە لایەنی زانیاریی خوێندکاران کە لە زانستدا خۆی دەبینێتەوە و پشتگوێخستنی لایەنەکانی تر وەك لایەنی هزری و جەستەیی و دەروونی و ئاینی و کۆمەڵایەتی.

•پشتگوێخستنی پێداویستی و ئارەزوو و تواناکانی خوێندکاران و کێشەکانیان، کە ئامانج تێیدا گەیاندنی زانیاریە بە خوێندکاران بێ ئاوڕدانەوە لەوانەی کە پێویستیانە لە شارەزایی ڕاستەقینە کە یارمەتیان بدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

• پشتگوێخستنی ڕەفتاری خوێندکاران و کارکردن لەسەر ڕاستکردنەوەی کە لە زانیاریدا خۆی دەبینێتەوە، بەبێ ڕەخساندنی هەل بۆ پراکتیزەکردن و مەشق و دروستکردنی کەسایەتیەکانیان بەرەو ئاڕاستەی خوازراو.

• ڕەچاونەکردنی جیاوازییە تاکیەکان لەنێوان خوێندکاراندا بەو باوەڕەی کە تاکەکان جیاوازی تاکیان تێدا نیە و بێتوانایی مامۆستا لە ڕەچاوکردنی و پابەندبوونی تەواو بە پڕۆگرامەکەوە.

• سەرنج نەدانی پڕۆگرامەکە لەئاست دروستکردنی خوو و نەریتی ئەرێنی لای خوێندکاران وەك پاکوخاوێنی، ڕێکوپێکی، سپاردە، ڕێزی کەسانی تر، خوێندنەوە، تێڕوانین، ڕۆشنبیری گشتی، خۆشەویستی نیشتیمان و ڕێزگرتن لە یاساکان.

• ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر پشت بەستن بە کەسانی تر لە وەرگرتنی زانیاریدا و گرنگی نەدان بە هەوڵ و توانای خۆی.

•بەکارهێنانی هزری خوێندکاران وەك عەمبارێك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و کاتێك مامۆستاکە داوایان لێبکات دەریبهێنن لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە.

• لاوازکردنی گیانی داهێنان لای خوێندکاران لەبەر پشت بەستنیان بە زانیاریە ئامادەکان کەبەم هۆیەشەوە بیرناکەنەوە کە زانیارییەکان چۆن سەرچاوەیان گرتووەو بە چییەوە بەندن چۆن شیکار دەکرێن. (الخلیفه، ۲۰۱۰، لا. ۱۷).

## • پڕۆگرامی نوێ

بە بەدواداچوونی سەرچاوە و دانراوە پەروەردەییەکاندا دەردەکەوێت کە لە پێناسەیەك زیاتر هەن بۆ پڕۆگرامی نوێ، ئەوانیش چەند پێناسەیەکن کە پەرەسەندنی تێگەیشتن لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەجۆرێك خزمەتی تاك و

کۆمەڵگا بکات و کاریگەری هەبێت لەسەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بۆیە ئەگەر پرۆگرامی کۆن هەموو بایەخدانەکەی بداتە یادگەی خوێندکار بێ گوێدانە لایەنەکانی دیکە ئەوا پرۆگرامی نوێ گرنگی دەدات بە هەموو لایەنەکانی وەك هزری، جەستەیی، دەروونی، جوڵەیی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی. (عثمان، ٢٠١٦، لا. ١٠).

هەندێ پێیان وایە کە پرۆگرام کۆکردنەوەی شارەزایی پلان بۆدانراوە کە خوێندنگا پێشکەشی ئەکات بەمەبەستی یارمەتیدانی خوێندکار بۆ دەستکەوتنی دەرەنجامی فێربونی دیاریکراو بەوپەڕی توانایان. (الخليفه،٢٠١٠، لا. ١٩).

هەروەها هەندێکی تر پێیان وایە کە (پرۆگرامی خوێندن سەرەنجامی کۆششی خوێندنگایە لە گەیشتن بە ئەنجامی خوازراو، لەڕێگەی وێستگە فێرکارییەکان لەناو خوێندنگا یاخود دەرەوەی خوێندنگا کە پرۆگرام بۆ خوێندکاران دەنوێنێ، ئەویش لەڕێگەی بابەتەکانی خوێندن و چالاکیە هاودەمەکانی پرۆگرام سەرچاوە دەگرێت). (النجيحى و مرسي، ١٩٧٧، لا. ١٦).

بەڵام قلادە (١٩٩٠) لە پێی وایە: "پرۆگرام کۆمەڵێك شارەزایی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەری و زانستیە کە خوێندنگا دایان ئەڕێژێ و ئامادەیان ئەکات بۆ خوێندکاران، بۆ ئەوەی فێریان ببن لەناو یان دەرەوەی خوێندنگا بەئامانجی دەستخستنی چەند شێوازە ڕەفتارێك یان ڕاستکردنەوەیان بەرەو ئاراستەیەکی خوازراو و لەمیانەی پراکتیزەکردنی هەموو چالاکیە پێویستەکان و هاودەمەکان بۆ فێربوونی ئەو شارەزاییانە کە یارمەتیان بدات لە گەشەکردنیان بە شێوەیەکی باڵا"، وە بەپێی ئەو پێناسانەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆگرامەکان بە چەمکە نوێیەکەی چەند بنەمایەکی بنچینەیی دەگرێتەوە، لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە،(النجيحى و مرسي، ١٩٧٧، لا. ١٦):

• پرۆگرامەکە گشتگیرە بەواتای نەك تەنیا بڕیار لەسەردراوی خوێندن کە خوێندکاران دەیخوێنن بەڵکو تێدەپەڕێ بۆ ئەو چالاکی و شارەزاییانەی کە پێی هەڵدەستێ یان فێری ئەبێت لەژێر سەرپەرشتیارێتی خوێندنگا.

• پرۆگرامەکە هەمەجۆرە لەڕووی زانیاری و کارامەیی و ئارەزووەکانەوە.

• پرۆگرامەکە جێبەجێدەکرێت لەڕێی بەشداریکردن و هەرەوەزی لە هەڵوێستی فێرکاری و تێپەڕبوون بە شارەزاییە هەمەجۆرەکاندا.

• ژینگەی فێربوون نەك تەنها لەنێو پۆلدا پەیڕەو دەکرێت بەڵکو لە خوێندنگاوە بۆ ژینگەی دەرەوەی خوێندنگاش پەیڕەو دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی پێك دێت لە پیشاندانی ئەزموونی زیاتر بە خوێندکاران.

• ئەزموونە هەمەجۆرەکان یارمەتی گەشەکردنی گشتگیر دەدات کە بەشدارە لە پەرەپێدانی ڕەفتاری ئەرێنیانەی خوێندکار و دەبێتە بکەرێکی سەرکەوتوو لەگەڵ ژینگە و کۆمەڵگای دەوروبەردا.

• پرۆگرامەکە بەشداری دەکات لە بەرزکردنەوەی توانای خوێندکاران لە ئاوێتە بوونیان بە ژینگەی چواردەورو توانایان لە بەشداریکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان.

• پرۆگرامەکە یارمەتی فەراهەمکردنی بارودۆخی گونجاو و شیاو دەدات بۆ خوێندکار و درکی خوێندکاران فراوان دەکات، کاردەکات لەسەر هاندانیان بۆ داهێنان و نوێخوازی.

• پرۆگرامە نوێیەکە نەرمتر و بەجێترە، کار لەسەر هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چەندین شرۆڤە دەکات بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترینیان لە یەك هەڵوێستدا.

• پرۆگرامەکە ڕەچاوی پەرەسەندنی ئێستا و داهاتوو دەکات و هەڵکردن لە هەموو هەڵوێستە جیاوازەکاندا. (النجیحی و مرسي، ١٩٧٧، لا. ١٦).

پرۆگرامەکە بەم شێوەیە بریتی یە لە پلان داڕێژراوی پەروەردەیی تێیدا ڕەگەزەکان پێکهاتوون لە ئامانج، ناوەرۆك ،ئەزموونی فێرکاری و فێرکردن و هەڵسەنگاندن، کە داتاشراون لە چەند بنچینەیەکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی جێبەجێکراو لە چەندین هەڵوێستی فێرکردن و فێربووندا لەناوەوە و دەرەوەی خوێندنگا، لەژێر سەرپەرشتی خوێندنگا خۆیدا بەمەبەستی بەشداریکردن لە بەدیهێنانی گەشەی تەواو بۆ کەسایەتیی خوێندکار بە لایەنە هزری و ویژدانی و جەستەییەوە و هەڵسەنگاندنی بڕی بەدیهێنانی ئەمانە هەمووی لای خوێندکار. (عثمان، ٢٠١٦، لا. ١٠).

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بووە هۆی گواستنەوە لە چەمکی کۆن بۆ چەمکی نوێی پرۆگرام:

• ئەو پەرەسەندنەی کە ڕویدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانستی و تەکنەلۆژیەوە.

• گۆڕانکاری لە بەها و چەمکە کۆمەڵایەتی و زیندەییەکاندا لەڕووی کەلتوری و زانستی و تەکنەلۆژیەوە.

• گۆڕینی تێڕوانین بۆ خوێندنگا و ئەرکەکانی.

• ئەو گۆڕانکاریانەی کە سەریان هەڵداوە لە ئەنجامی پەرەسەندنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و تاکەکان بووە.

• ئەنجامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان بۆ پرۆگرامی کۆن کەموکورتی و ڕۆڵە سنوردارەکەی دەرخست.

لە ئەنجامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بوارە هەمەجۆرەکاندا وەك دەرونزانی و پەروەردە و ڕامیاری و زانستەکانی تردا دەریانخست کە پێویستە کەسایەتی پەرەی پێبدرێ لە هەموو لایەنەکانیەوە بەپێی توانا و لێهاتویی خوێندکاران. (الهندی و علیان،١٩٩٩، لا. ٩).

## ٢ ــ ١ ــ ١ ــ ٢ بنچینەکانی بنیادنانی پرۆگرامەکانی خوێندن

### • بنچینە فەلسەفیەکان

هەموو پرۆگرامێك لەسەر فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دادەمەزرێ کە لە فەلسەفەی کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێ و خوێندنگاش کاردەکات بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا لەڕێگەی داڕشتنی پرۆگرامەکان و ڕێبازەکانی وتنەوەیان لەڕۆشنایی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی و فەلسەفەی کۆمەڵگا پێکەوە، مەبەست لە فەلسەفەی کۆمەڵگا، ئەو لایەنەی کەلتوری کۆمەڵگایە کە پەیوەستە بە بنەما و ئامانج و بیروباوەڕەکانەوە کە چالاکیی هەر تاکێك ئاڕاستە دەکات و ئەو بەهایانەی پێدەدات کە پێویستە بیانگرێتەبەر وەك ڕێنمایی بۆ چۆنیەتی ڕەفتار لە ژیاندا. (الحاوری و قاسم، ١٩٨٧، لا.٧٥٠).

فەلسەفەی کۆمەڵگا ئامانجی بەدیهێنانی باشترین بیرۆکەیە دەربارەی پێکهێنانی نمونەی گشتگیر، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بتوانێت پارێزگاری لە فەلسەفەکەی بکات و بڵاوی بکاتەوە ئەوا پێویستە پشت بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەت بەخۆی ببەستێت وەك هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی ئەو هزر و نمونە و بەها و بیروباوەڕانەی کە بڕوای پێیەتی و لە ژیانیدا جێبەجێیان دەکات، لێرەوە پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە توندوتۆڵ بوو تا ئەوڕادەیەی کە گەورە فەیلەسوفەکان و پەروەردکاران و جموجوڵە پەروەردەییەکان تەنها زادەی ڕێبازە فەلسەفیانەن، (سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ، ئیبن سینا، فارابی، ئیبن روشد، رۆسۆ و جۆن دیوی فەیلەسوفن و پەروەردکارن لە هەمان کاتدا)، ئەمە جەخت لە پەیوەندی نێوان ئامانج لە پەروەردە و ئامانج لە ژیان دەکاتەوە، فەلسەفە بڕیاری ئامانج لە ژیان دەدات و پەروەردەش پێشنیازی هۆکارە مسۆگەرەکان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە بیردۆزی هزرە فەلسەفیەکانی پەیوەست بە ژیانەوە بەجێدەگەیەنێ لە گۆڕەپانی پەروەردەدا و ڕێکخستنی لە پرۆگرامی تایبەتدا لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکاندا، فەلسەفەی پەروەردە لەسەر فەلسەفەی خوێندنگاکان و پەیامەکەیان ڕەنگدەداتەوە، هەرچەندە فەلسەفەی خوێندنگا لەگەڵ فەلسەفەی گشتیی کۆمەڵگادا ڕێکبکەوێت ئەوە دەبێتە هۆی یەکێتی و تەواوبوونی بنیادنانی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی ئامانجەکانی. لە گۆڕەپانی پەروەردەدا چەند خوێندنگایەکی فەلسەفی دەرکەوت کە بنچینەکەیان شارەزایی فێربوون بوو لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی خوێندکاران بەو ژینگەیەی کە دەتوانێ وەڵامی بداتەوە و هەر خوێندنگایەك فەلسەفەی خۆی هەبوو لە بنیادنانی کۆمەڵگادا. (قوره، ١٩٨٤، لا. ١٦٦).

- **بنچینە کۆمەڵایەتیەکان**

بنچینە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پرۆگرامەکان بە بنچینەی گرنگ هەژمار دەکرێن لە دیزاینکردنی پرۆگرام و جێبەجێکردن و پەرەپێدانی وهەڵسەنگاندنیدا، بنچینە کۆمەڵایەتیەکان هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرە لە دانانی پرۆگرام و جێبەجێکردنی و لە کەلتوری ڕوناکبیریی کۆمەڵگا و بەها و بنەما و پێداوسیتی و کێشەکاندا خۆی دەبینێتەوە کە مەبەستی چارەسەرکردنیانە لەو ئامانجانەی کە دەیەوێ بەدیانبهێنێ، ئەو هێزانە سیمای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی یان سیستەمی کۆمەڵایەتی پێکدێنێ بۆ هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان، لەژێر ڕۆشناییەکەیدا فەلسەفەی پەروەردە ناوەرۆکێکی رێکخراو و ستراتیژیی وانەوتنەوە دیاری دەکات، هۆکار و چالاکیەکان هەمویان کار دەکەن لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتیە خوازراوەکان و ڕەنگدانەوەی پێکهاتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیە و دەیانگۆڕێ بۆ ڕەفتارێك کە خوێندکاران پراکتیزەی بکەن کە بەپێی پێویستیەکانی ژیان بێت لە کۆمەڵگادا بە هەموو لایەنە هەمەجۆرەکانیەوە، لەبەرئەوەی خوێندنگا بە سروشتی چالاکیەکەی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە و کۆمەڵگا دایناوە لەپێناو بەردەوامبوونی و ئامادەکردنی تاکەکانی لەبەئەنجامگەیاندنی بەرپرسیارێتیەکانیان تیایدا، شتێکی سروشتی یە خوێندنگا کاریگەر بێت لەسەر کۆمەڵگا و بارودۆخی دەوروبەر، واتا ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە پرۆگرامێکی هەر خوێندنگایەك تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوە دەربڕی کۆمەڵگایە لە قۆناغی خوێندندا، لەبەرئەوە پرۆگرامەکان جیاوازن لەڕووی شێوە و ژێربێژیەوە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بەپێی دەرکەوتنی ئەو هێزانە، لەبەرئەوە گفتووگۆکردن لەسەربنچینەی کۆمەڵایەتی و سیستەمی کۆمەڵایەتی سەختترین و کۆنترین ئەرکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لەبەر پەیوەستبوونی بە هەموو کاروباری تاکەکانەوە. (مرعی و الحیله، ٢٠١١، لا. ١٥٧).

• **بنچینە دەروونیەکان**

واتە ئەو بنچینانەی کە پەیوەستن بە سروشتی خوێندکار و تایبەتمەندیە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر گەشەکردنی بە هەموو قۆناغەکانیەوە، دەبێت ئەو بنچینانە توانا و پێداویستی و کێشەکانی خوێندکاران پیشان بدات و گرێیان بدات بە پڕۆگرامەوە، بەجۆرێك کە بگونجێ لەگەڵ بنەمای تیۆرەکانی فێربوون و فێرکردن و ڕێزگرتن لە کەسایەتی مامۆستا. (علی، ٢٠١٠، لا. ٢٢).

• **بنچینە مەعریفیەکان**

واتە ئەو بنچینانەی کە پەیوەستن بە بابەتی خوێندنەوە لەڕووی سروشت و نوێگەرییەوە و پەیوەندیەکانی بە بوارە مەعریفیەکانی دیکەوە، جێبەجێکاری فێرکردن و فێربوون تێیدا و بۆچونە سەردەمیەکان لە فێرکردنی بابەت و جێبەجێکردنیان، پێویستە لێرەدا لە بەدوایەکداهاتنی پێکهاتەکانی مەعریفە دڵنیابینەوە لە بابەتەکانی تری خوێندن، لەسەر ئەو پەیوەندیەی نێوان مەعریفە و بەها و ئاڕاستەکان و کارامەییە جیاوازەکان.(علی، ٢٠١٠، لا. ٢٢).

## ٢ – ١ – ١ – ٣ پێکهاتەکانی پڕۆگرام

زۆر پێکهاتەی بنچینەیی پڕۆگرام هەن کە پێکداچوو و پێکەوە بەستراون لەگەڵ یەکتری و هەریەکەیان کار لەوی تریان ئەکات، لە کۆتاییدا چەند ڕووداوێکن کە ڕەفتاری خوێندکار دەگۆڕن، زۆربەی پسپۆڕان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەکرێ گرنگترین پێکهاتەکانی پڕۆگرام لەم ڕەگەزانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە (الفرماوی،٢٠١٢، ئەنتەرنێت):

• **ئامانج**

هەر مرۆڤێك ئامانجێکی هەیە کە لە ژیانیدا کۆششی بۆ دەکات و هەرچەندە ئامانجەکە ڕوون و ناسراو بێت ئەوا مرۆڤ باشتر بەدیدەهێنێت، لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ئامانجەکان ئەو گۆڕانکاریانەن کە ئەمانەوێ پڕۆگرامەکە دروستی بکات لە ڕەفتار و کەسایەتیی خوێندکاردا لەئەنجامی تێپەڕبوونی بە چەند ئەزمونێکی فێرکاریی دیاریکراودا وە کارلێککردنی لەگەڵیدا، هەروەها دیاریکردنی ئامانجەکان یارمەتیی ڕێکخستنەوەی هەوڵەکان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو باشترین ناوەرۆك و ڕێگا و هۆکار و هەڵسەنگاندن، مەرجە ئامانجەکان هاوشان بن لەگەڵ فەلسەفە و کەلتوری کۆمەڵگا و پێداویستیەکانی و ڕەچاوی سروشت و تایبەتمەندییەکانی خوێندکار بکەن و واقعی بن و دژ نەبن لەنێوان خۆیاندا و هەموو بوارەکانی ئامانج و ئاستەکانی بگرنەوە. (نجم الدین، ٢٠١٧، لا. ١٦).

• **ناوەرۆك**

ئەزمونی فێرکاری پلان بۆدانراو کە بڕیار لەسەردراوی خوێندن پێشکەشی دەکات، مەرجە ناوەرۆك پەیوەست بێت بە ئامانجەکانەوە و بەدیان بهێنێت و ڕاستگۆ بێت لەڕووی زانستیەوە، ئەبێت هاوشان بێت بۆ تازەترینی کە پێی گەیشتوین و پەیوەست بێت بە کەلتوری خوێندکار، هەروەها ڕەچاوی ئارەزوو و پێداویستیەکانی بکات و

هاوسەنگ بێت لەنێوان گشتگیری و قوڵیدا، پابەند و هاوتەریب بێت لەگەڵ لقەکانی تردا و ڕەچاوی جیاوازیە تاکیەکان بکات لەناو خوێندکارەکاندا. (حسین، ٢٠٠٩، ئەنتەرنێت).

## • ڕێگاکانی وانەووتنەوە

مەبەست لە ڕێگاکانی وانە وتنەوە ئەو شێوازە پلان بۆدانراوەیە کە مامۆستا بەکاری دێنێت بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران تاوەکو ئەزمونی فێربوون وەربگرن و ئامانجە بابەتیەکان بەدیبهێن، ڕێگای وانەوتنەوە دەگۆڕێ بە گۆڕانی سروشتی بابەتەکە، بابەت هەیە لای پەسەندە کە خوێندکار بەشداربێت لە گفتوگۆ و بابەتی دیکەش هەن کە  خستنەڕو و پێوتنەوەی پێ باشترە، هەیە پێویستی بە هۆکاری هەستی یان نمونە و وێنە هەیە. ڕێگای وانەووتنەوە جیاواز دەبێت بە جیاوازیی سروشتی خوێندکاران و ئەو جیاوازیە تاکیانەی کە لەنێوانیاندایە و بە جیاوازیی تواناکانی خوێندنگا و ژمارەی خوێندکاران لەناو پۆلی خوێندندا و چەندین هۆکاری تریش، بە کورتی مامۆستا بەتوانای خۆی  ڕێگای گونجاو هەڵدەبژێرێت لە ووتنەوەی بابەتەکەدا، بەجۆرێك کە  بگونجێ لەگەڵ ئەو ناوەندەی کە تیایدا جێبەجێی دەکرێت، پێویستە ئەو ڕێگای وانە وتنەوەیەی کە مامۆستا پەیڕەوی دەکات پشت ببەستێ بە هەندێ بنچینەی گشتی کە دەیکاتە ڕێگایەکی باش و سەرکەوتوو لەوانە: ڕەچاوی جیاوازی نێوان تەمەن و توانا و ئارەزووەکانی تاك بکات، ڕەچاوی ڕیزبەندیی ژیربێژی لە خستنەڕووی ناوەرۆکدا بکات، بیرکردنەوە و تێڕوانینی خوێندکاران بوروژێنێ و هاوشان بێت لەگەڵ شێواز و بیردۆزەکانی فێربوون، هەروەها نەرم و شیاو بێت بۆ ڕاهاتن و گۆڕانکاری ئەگەر بارودۆخ بخوازێ، پێویستە هەنگاوەکانی ڕێکبخات بەپێی کاتی وانە دیاریکراوەکە. (عمران و کریم، ٢٠١٦، ئەنتەرنێت).

## • هۆکارەکانی فێرکردن

هۆکارەکانی فێرکردن لە پشتیوانیکردنی ڕێگاکانی وانەووتنەوە و جەخت کردنەوە لەسەر کاریگەرێتیەکەیدا بەکاردێن،  لەبەرئەوەی کە هۆیەکانی فێرکردن یارمەتیی باشترکردنی ئاستی وانەوتنەوە دەدات و بایەخدانی خوێندکارانیش دەوروژێنێت بەو بابەتەی کە فێری دەبن، ئەو ئەزمونانەی کە یارمەتی دەدەن بۆ فێربوون هەمەجۆر دەکات، توانای وردیی و تێبینیکردنی زیاد دەکات و شێوازەکانی توانای فێربوون بەهێز دەکات،  هەروەها یارمەتی پێکهێنانی ئاڕاستەی ئەرێنی بەرەو بابەتەکە دەدات، چەندە مامۆستا ڕێژەی بیرچوونی کەمتربێت، هۆیەکانی فێرکردن گونجاو و دروستبن، ئەوەندەش بەشدار ئەبن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەکە، مەبەست لە هۆیەکانی فێرکردن (کەرەستە و کەل و پەل و هەڵوێستە فێرکاریەکانن کە مامۆستا بەکاریان دێنێ لەبواری فێرکاریدا بەڕێگە و سیستەمێکی تایبەت لە ڕوونکردنەوە بیرۆکەکە یان لێکدانەوەی چەمکێکی نامۆ یان باسکردنی بابەتێك بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی ڕەفتاریی دیاریکراوی خوێندکار). (الطوبجی،١٩٩٤، لا. ٤١).

## •چالاکیە پەروەردەییەکان

بەرنامەی خوێندن و خوێندنی هاوچەرخ لەسەر بنەمای چالاکی خوێندکاران و بەشداری پێکردنیانە لە هەموو بابەتەکاندا، لەبەر ئەوە ڕۆڵی مامۆستا ڕۆڵی ڕێنماییکارە یان ئامادەکارە بۆ هەل و مەرجی گونجاو بۆ ئەوەی

خوێندکار چالاك بێت و بەشدار بێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکان. بەشداری خوێندکار لە چالاکیەکان توانایان بۆ گەیشتن بە بابەت و کارلێکی کۆمەڵایەتی زیاتر دەکات کە توانای بڕیاردان دروست دەکات، هەروەها چالاکی خوێندنگاکانیش یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بنیاتنانی کەسایەتی خوێندکار و پۆلێنکردنی و یارمەتی دان بۆ پەرەپێدانی ئارەزوو و بەهرەکانیان. زۆرێك لە ئامانجەکان لەڕێگەی چالاکییە خۆڕسکەکانی خوێندکاران لە دەرەوەی پۆلدا بەدی دێ، پەروەردەی یەکدەست پێویستی بە ژینگەیەکی گشتی خوێندنگا هەیە و مەرجی دروست بۆ چالاکی دەڕەخسێنێت، چالاکی پەروەردەیی دەکرێت بە بەرنامەی خوێندنگا پێناسە بکرێت، لە ناو خوێندنگا یان لە دەرەوەی خوێندنگا ئەنجام بدرێت و ئامانجیش لە دەوڵەمەندکردنی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن و پەرەپێدانی توانا و زانین و هەڵوێستی خوێندکاران بێت. (الفرماوی،٢٠١٢، ئەنتەرنێت).

## • هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردەدا پرۆسەیەکە ڕادەی ئەو ئەزموونە پەروەردەییانە دیاری دەکات کە خوێندکار پێیدا تێدەپەڕێ بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە بۆی دیاری کراوە و لەڕووی کردارییەوە بە پرۆسەی کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و شیکردنەوەی و لێکدانەوەی داتای چەندایەتی یان چۆنایەتی لەسەر هەر ڕوویەکی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن پێناسە دەکرێت بە ئامانجی بڕیاردانێك کە ماوەی خوێندن بەپێی ئامانجە خوازراوەکان هەڵبسەنگێنێت، دەکرێت ئەوەش بڵێین کە پرۆسەی هەڵسەنگاندن بریتییە لە پرۆسەی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن، چونکە یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی پرۆسەی خوێندن کە یارمەتیدەرە بۆ مامۆستا لە دیاریکردنی ئاستی خوێندکارەکانی و دیاریکردنی ڕادەی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان و ڕێ نیشاندەری تەواوی بەرنامەی خوێندنە لە ڕووی گونجاوی ئامانج و زانیارییەوە، هەروەها دیاریکەری ئەو بەربەستانەیە کە ڕێگربوون لە بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان، هەروەها نیشاندەری ڕادەی گونجاوی ناوەڕۆك و میتۆدی فێرکردن و ڕێگا و چالاکییەکانە بۆ ئامانجەکان ، بەم شێوەیەش هەڵسەنگاندن دەبێتە هۆی برەودان و پەرەپێدانی زیاتری پرۆگرامی خوێندن و بەرزکردنەوەی تەواوی پرۆسەی خوێندن. (عمران و کریم، ٢٠١٦، ئەنتەرنێت).

## ٢ – ١ – ١ – ٤ جۆرەکانی پرۆگرامی خوێندن

پرۆگرامی خوێندن فرەچەشنە، هۆیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ فرەچەشنیی فەلسەفە پەروەردەییەکان و بوارەکانی مەعریفە و جیاوازی لە ڕوانگە دەروونییەکان، لە ئەنجامدا جۆرەکانی پرۆگرامی خوێندن دابەشکراون بۆ چەندین شێوە، بە تایبەتی کە هەندێکیان دەکەونە نێوەند لە چواردەوری بابەتەکانی خوێندن، هەندێکی تریان جەخت دەکەنە سەر پێداویستیی خوێندکاران و بایەخەکانیان، هەندێکی دیکەش جەخت دەکەنەوە لەسەر کۆمەڵگا بە بوارە زیندییەکان یان کێشەکانیانەوە، هەندێکی تریان جەخت دەکەنە سەر بەهرە و کارامەیی پراکتیکی خوێندکاران، لێرەدا زۆربەی ڕێکارە پرۆگرامیە بنچینەییەکان و لقەکانیان دەخرێنەڕوو بەپێی قۆناغە سەردەمیەکان، لەگەڵ ڕونکردنەوەی تایبەتمەندی و کەموکورتیی هەر دیزاینێك و ئەو بنچینەیەی کە لەسەری دانراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە. (الموسوی، ٢٠٢٠، لا. ٤٦):

### ٢ – ١ – ١ – ٤ – ١ پڕۆگرامی خوێندنی کۆن

#### • پڕۆگرامی خوێندنی بابەتە لێك جوداکان (Separate Subject Curriculum S.S.C)

مەبەست لە پڕۆگرامی خوێندنی بابەتە لێك جوداكان ئەو بابەتانەیە وەك جوگرافیا و مێژوو و بیرکاری و کیمیا و ڕێزمان کە بە جیا لە بابەتەکانی تری خوێندن دەخوێندرێن، واتە بێ ڕەچاوکردنی ناوەرۆکی بابەتەکانی تر لە زانیاری، ڕەنگە مامۆستاکە جوگرافیای وڵاتێکی دیاریکراو بڵێتەوە لە ساڵێك لە ساڵان و لە پەڕتوکێکی دیکەدا مێژوو بڵێتەوە لە ساڵێکی تردا. (ابراهیم و الكلزه، ١٩٨٢، لا. ١٥٥-١٥٦).

#### • پڕۆگرامی خوێندنی بابەتە وابەستەکان (Connection Subject Curriculum C.S.C)

بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەر هەندێ کەم و کورتی پڕۆگرامی بابەتی جودا، پەروەردکاران گەیشتنە "پڕۆگرامی وابەستە"، لەم پڕۆگرامەدا بابەتەکان بە جیا لە یەکتری ئەمێننەوە و هەر یەکەیان پشکی دیاریکراوی هەیە لە ڕۆژێکی خوێندندا هەروەك پڕۆگرامی خوێندنی بابەتە جیاکان. ئەو لایەنەی کە پڕۆگرامی وابەستە لە پڕۆگرامی خوێندنی بابەتە لێك جوداکان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەرکێکی مەبەستداری تیایە بۆ بەستنەوەی بابەتە هەمەجۆرەکان بە یەکتریەوە تاوەکو هەریەکەیان خزمەت بەوی تر بگەیەنێ لەڕووی شیکردنەوە و تەواوکردنەوە. (ابراهیم و کلزه، ١٩٨٢، لا. ١٦٢).

#### • پڕۆگرامی خوێندنی لولپێچی (The Spiral Curriculum)

پڕۆگرامی خوێندنی لولپێچی لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی زانست و زانیاریدا هاتووە لە هەموو بوارەکانی زانست و وێژەدا، بیرۆکەی ئەم پڕۆگرامە بەندە لەسەر دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو چەمکانە لەگەڵ بەرەوپێشچونی پڕۆگرامدا هەیە، هەر چەندە خوێندکار بچێتە پێشەوە ئەوا بە ئاستێکی قوڵتر و فراوانتر دێت، پەرەپێدانی پڕۆگرامەکە بەندە بە گەڕانەوە بۆ چەمکە سەرەکیەکان، بەجۆرێك شتی نوێی بۆ زیاد ئەکرێ تاوەکو خوێندکار بتوانێ لێی تێبگا و جێبەجێی بکات لە هەڵوێستی نوێدا. (السبيعي،٢٠٢٠، ئەنتەرنێت).

#### • پڕۆگرامی خوێندنی بوارە فراوانەکان (Universal Field Curriculum U.F.C)

پڕۆگرامی خوێندنی بوارە فراوانەکان هەوڵێکە بۆ چاککردنی پڕۆگرامی بابەتە لێکجوداکانی خوێندن، بەڕێگەیەك کە ئەو بەش بەش بوونە سوکتر بکات، لەڕێگەی یەکخستنی بابەتە هاوشێوەکانی خوێندن کە یەك بابەتن بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵە بوارێکی فراوانی هەبێت. (الزيدى، ٢٠١٨، ئەنتەرنێت).

#### • پڕۆگرامی بابەتە یەکخراوەکان (Broad Field Curriculum B.F.C.)

پڕۆگرامی بابەتە یەکخراوەکان واتە ئاوێتەکردنی بابەتەکانە بە تەواوی لە یەکتریدا بۆ ئەوەی بەربەستەکانی نێوانیان لەناوببرێت، هەروەها تێکەڵبوون و کارلێککردن لەنێوان بابەتە یەکخراوەکانی خوێندندا ڕوودەدات کاتێك ڕەگەزەکانی یەکدەگرن، پڕۆگرامی بابەتە یەکخراوەکان جۆرێکی پەرەپێدراوی پڕۆگرامی خوێندنە، کە ئامانج لێی کۆکردنەوەی یان یەکخستنی دوو لقی لێك نزیکە یان زیاتر لە بوارێکی خوێندن، یاخود لە یەك کۆرسی خوێندندا،

بۆ نمونە یەکخستنی دوو بابەتی لێك نزیك لە یەك بواری خوێندندا لەناو پەڕتوکێکدا، وەك: یەکخستنی هەردوو بابەتی ئاژەڵزانی و ڕووەك زانی لە یەك پەڕتوکدا ئەویش زیندەزانیە. (Milheim,2006,p. 46).

### ٢ ـ ١ ـ ١ ـ ٤ ـ ٢ پڕۆگرامی خوێندنی نوێ

### • پڕۆگرامی چالاکییەکان/ ئەزموون (Active/ Experience S. curriculum A.S.C)

پڕۆگرامی چالاکی بە ناوی پەروەردەی نوێوە لە بوارەکانی پڕۆگرامی خوێندن تەوەری گرنگی لە بابەتی خوێندندا دەگوێزێتەوە بۆ گرنگیدان بە خوێندکار، واتا لە بری جەخت کردن لەسەر زانیارییەکانی پڕۆگرامەکە جەخت دەخاتە سەر خوێندکار و دەیکاتە تەوەری پراکتیکیی فێرکاریی پەروەردەیی، واتە بایەخدان بە ئارەزووەکان، پێداویستیەکان، تواناکان و ئامادەکارییەکانی خوێندکار، هەروەها ڕەخساندنی هەل بۆی، تاوەکو ئەو چالاکییانە ئەنجام بدات کە لەگەڵ ئارەزوویدا دەگونجێن و لەئاست پێداویستیەکانیدان، لە رێگەی ئەم چالاکییانەوە خوێندکار گەشەدەکات و زانیاری و کارامەیی دەست دەکەوێت و نەریت و ئاراستەی لاپەیدا دەبێت.

جەختکردنەوەی پڕۆگرام لەسەر چالاکییەکان بە بەروبوومی کۆششی پێشتر هەژمار دەکرێت بە جۆرێك (ڕۆسۆ) لە پەڕتوکەکەیدا بەناوی (ئیمیل) بانگەشەی دەکات، پاشان هەندێك خوێندنگای ئەزموونی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەرکەوتن، لە سەدەی بیستەمدا ئەم بیرۆکەیە لەسەر دەستی (جۆن دیوی) بەرجەستە بوو کە بانگەوازی دەکرد بۆ هەنووکەی بەستنەوەی پڕۆگرامەکە بە حەز و ئارەزووەکانی خوێندکاران، پاشان لە دوای ئەو (ولیەم کلپاترك) هات و ئەو ڕێگایەی دیاری کرد کە بە هۆیەوە دەکرێت ئەو بیرۆکەیە جێبەجێ بکرێت کە پێی دەوترا ڕێگای پڕۆژە. (الموسوی، ٢٠١٩، لا. ٥١).

### • پڕۆگرامی تەوەری (Core School Curriculum C.S.C)

پڕۆگرامی تەوەری بە پڕۆگرامێکی نوێ هەژمار دەکرێت، مانای زاراوەییەکەی بە واتای "چەق" یاخود (سەنتەر)دێت، واتە ئەو خاڵەی کە بەشێکی سەرەکی لە بابەتەکە و یان بەشەکانی تری بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە پڕۆگرامی تەوەری: ئەو پڕۆگرامەیە کە بەدەوری تەوەرێك لە تەوەرەکاندا دەسوڕێتەوە، زۆر لە پەروەردکاران پێیان وایە کە زاراوەی "پڕۆگرامی تەوەری" ورد نییە لەبەر ئەوەی بەشێك لە پڕۆگرامی خوێندنگا دەنوێنێت نەك هەموو پڕۆگرامەکە، سەرباری ئەوەی کە شتی نوێی نەهێناوەتە کایەوە بەڵکو پشتی بەستووە بە ئەو پڕۆگرام و ڕێبازانەی کە پێشتر باو بوون، لەسەر ئەو بنەمایە زاراوەی "پڕۆگرامی تەوەری" بە وردتر و ڕاستر دادەنرێت و پێویستی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە زیاتر و زیاتر دەبێت هەرکاتێك باسی ناوەرۆکی ئەم پڕۆگرامە بکەین دەتوانین چۆنیەتی ڕێکاری ڕۆژانەی خوێندنگای لە سایەدا بکەین. (رسلان، ٢٠٠٨، لا. ٢١٦).

### • پرۆگرامی تەواوکاری (Integration Subjects Curriculum I.S.C)

پرۆگرامی تەواوکەر ئەو پرۆگرامەیە کە لەڕێگەیەوە زانیاریەکانی خوێندن دەخرێتە ڕوو، بە جۆرێك ئەو زانیاریانە تەواوکەری یەکدی بن و پشت ببەستن بە نەهێشتنی بەربەستە نەریتیەکان کە لایەنەکانی مەعریفە لێك جیا دەکاتەوە، ئەم پڕۆگرامە لە ساڵی (١٩١٥) سەریهەڵدا وەك پەرچەکردارێك لەسەر جیاکردنەوەی بابەتەکانی خوێندن.

**جۆرەکانی پڕۆگرامی تەواوکار:**

· **تەواوکاری ئاسۆیی:** ئەم جۆرە جەخت دەکاتەوە لەسەر دۆزینەوەی بوارە پێکبەندەکان لەنێوان زانستە هاوبەش و لێکچووەکاندا، بۆ نمونە وێژە و مێژوو پێکەوە ئەبەستێتەوە، هەروەها هەڵدەستێ بە گواستنەوەی ئەو چەمکانەی کە خوێندکار وەریان دەگرێت لەناو پۆلدا، بۆ نمونە لە قۆناغێکدا مێژووی پێش ئیسلام دەخوێندرێت، لە ساڵی داهاتوودا مێژووی سەرەتای ئیسلام دەخوێندرێت بەم جۆرە بە شێوەیەکی ڕیز بەند و پێکەوەبەندن.

· **تەواوکاریی ستوونی:** وە هەندێك پێی دەڵێت بنیاتنانی لولپێچی، ئەم جۆرە بەرەو ڕێکخستنی زانست دەچێت لە پڕۆگرامەکاندا، هەڵدەستێت بە وەرگرتنی چەمکێکی تەوەرەیی، چەندە خوێندکار بەرەو پێش بچێ لە پۆلدا ئەوەندە زانیاری لەم چەمکەدا زیاد دەبێت و قوڵ دەبێتەوە. (أكاديمية BTS ، ٢٠١٨، ئەنتەرنێت).

### • پڕۆگرامی یەکەکان (Units Curriculum)

پڕۆگرامی یەکەکان لە خوێندن و بواری پەروەردەدا لە ئەنجامی هەوڵە ڕاستەقینەکان و بەردەوامەکان سەری هەڵدا لەلایەن پەروەردکاران و شارەزایانی پڕۆگرامەکان لە پێناو گەیشتن بە پڕۆگرامی فێرکاری پەرەپێدراو و نەرم و ڕێکبەند و هاوشان لەگەل گیانی سەردەمی نوێ و ڕکابەریەکانیدا، چەمکی یەکەکانی خوێندن مشتومڕێکی زۆری وروژاند هەر لە کاتی سەرهەڵدانیدا، ڕاوبۆچونەکان دەربارەی ئەم پڕۆگرامە جیاوازی تێکەوت کە لە گۆڕەپانی پڕۆگرامەکاندا پێناسەیەکی دیاری کراوی نییە کە پسپۆڕان کۆك بن لەسەری، هەندێکیان وا تێیدەڕوانن کە ڕێبازێك بێت بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆك، هەندێکی تر وا تێیدەڕوانن کە ڕێکخستن و ڕێگای وانە وتنەوە بێت، یان وەك یەکەیەکی شارەزابوونە، (المساعدی، ٢٠١٢، ئەنتەرنێت). دەتوانین بە پێناسەیەك ئەم پڕۆگرامە کورت بکەینەوە کە الکسبانی (٢٠١٠) پێناسەی کردووە و دەڵێت: "پڕۆگرامی یەکەکان بەشێکە لە پەڕتوکی خوێندن کە تێیدا کۆمەڵێك وانەی ڕۆژانە یان بابەتی خوێندنی بەدوایەکدا هاتووە کە لە ژێر ناوی یەك چەمکدا دێت وەك: وزە، جوڵە، زیندەوەرەکان و ئەو چالاکییەی کە خوێندکاران پێی هەڵدەستن پێوەی دەبەسترێنەوە و شارەزاییە پەروەردەییەکان کە پێیدا تێپەڕ دەبن و کارامەیی و خوو و ئاڕاستە و بەهاکان کە گەشەیان پێ دەدەن. ڕەنگە ئەم بابەتە گشتگیر بێت یان کێشەیەك وە یان یەکێك بێت لە پێداویستیەکانی خوێندکار یان کۆمەڵگا". (لا: ١٦).

### • پڕۆگرامی پڕۆژەکان (Project School Curriculum P.S.C)

(ولیەم کلپاترێك) یەکەم کەس بوو کە ئەم زاراوەیەی لەم جۆرە پڕۆگرامانە ناوە، ئەویش یەکێکە لە وێنا جێبەجێکارییەکانی پڕۆگرامی چالاکی، کە خوێندکار دەبێتە چەق و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بە باوترین پڕۆگرام هەژمار دەکرێت لە گۆڕەپانی پەروەردەییدا، مەبەست لە پرۆژە پڕۆسەیەکە کە ئەنجام دەدرێت لەلایەن تاك، یان

گرووپێك كە بە زنجیرەیەك لە چالاكی تێپەڕ دەبێت كە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجی گرنگ بۆیان، لەو ڕێگەیەوە خوێندكار زۆر زانیاری و ڕاستی و چەمك و كارامەیی دەست دەكەوێت كە پەیوەستن بە لایەن هەمەجۆرەكانی پڕۆژەكە، (خوێندكار) فێردەبێت كە چۆن بیر بكاتەوە لە شرۆڤەكردنی ئەو كێشانەی كە ڕووبەڕوی دەبنەوە، ڕەنگە دیارترین و گرنگترینی ئەم شێوازە فێربوونە ئەوە بێت كە لە ڕێگەی شارەزایی ڕاستەوخۆوە ئەنجام دەدرێت، كە خودی پڕۆژەكە بریتی یە لە پڕۆگرام و ڕێگای وانە ووتنەوە. بۆ ئەوەی ئامانجەكانی بەدی بهێنێت، پێویستە ئەم ئامانجانە ڕوون بن لە هزری جێبەجێكارانیدا و بایەخێكی كۆمەڵایەتیان هەبێت، هەروەها میتۆدەكانی تویژینەوە و گەڕان و لێكۆڵینەوە دەربارەی كێشە لێكۆڵراوەكەی تێدابێت لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەر بۆی. هەروەها خوێندكاران هەستن بە نەخشەڕێگایەك بە سەرپەرشتی مامۆستا كە پڕۆژەكە كارێكی مەیدانییە و خوێندكار پێی هەڵدەستێت و بە سروشتێكی پراكتیكی دەبینرێت كە لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستادا دەكرێت.(المساعدی، ٢٠١٢،ئەنتەرنێت).

- **پڕۆگرامی یاریە فێركاریەكان (Curriculum of Educational Games)**

بایەخدان بە پڕۆگرامی یاریە فێركاریەكان بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیاوە هات، بواری ئامانجەكان لە هەردوو پرۆسەی فێركردن و فێربووندا هەمەجۆربوو بە دیزاینی چەند شارەزایی و ژینگەیی كە بەندن لەسەر یاریە فێركاریەكان، ڕۆڵی مامۆستا لە پڕۆگرامی یاریە فێركاریەكاندا ڕێنیشاندەر و هاندەر و پلاندانەر و بەشدار و ئاسانكارە. (شاهین، ٢٠١٠، لا. ٦٦).

- **پڕۆگرامی كۆمەڵگا (Society Curriculum S.C)**

تەوەری بایەخ پێدانی ئەم پڕۆگرامە لە دەوری هەڵوێست و كێشە كۆمەڵایەتیەكانە، تاوەكو هیچ بەربەستێك نەبێت لەنێوان ژێرخانی فێركردن و كۆمەڵگادا. (الكسبانی،٢٠١٠، لا. ١٦).

- **پڕۆگرامی توانا پەروەردەییەكان (Education Competencies Curriculum E.C.C)**

واتە ڕێبازێك لە فێركردندا كە توانای خوێندكار مسۆر بكات لە زانین و كارامەیی لە پڕۆگرامی بڕیار لێدراو، بە ڕەچاوكردنی كاتی خایەنراو لەو كارەدا، بەپێی بەرزترین كارامەییەكانی بیركردنەوە. (البهبهانی، ٢٠١٦، ئەنتەرنێت).

- **پڕۆگرامی توانا پیشەییەكان (Professional Competency Curriculum P.C.C)**

تواناكان بەستراوەتەوە بە ڕۆڵ و ئەركەكان كە بۆ فێربوون تەرخانكراوە، وە داواكاریەكانی هەر ڕۆڵێك و تواناكانی لەسەر ئەنجامدانی ئەو ئەركەوە بەندە، وە ڕەگەزەكانی ئەو ئەنجامدانەی كە پێویستە جێبەجێبكرێت بریتی یە لە زانیاری و زانین و كارامەیی، كە بە پێی پێوەرەكان پێوانەی ڕاستەقینەی تاكەكان بەئەنجام دەگەیندرێت. (البهبهانی، ٢٠١٦، ئەنتەرنێت).

### ٢ – ١ – ١ – ٤ – ٣ پرۆگرامی خوێندنی هاوچەرخ

- **پرۆگرامی پەروەردەیی کراوە (Open Education Curriculum O.E.C)**

پرۆگرامە کراوەکان واتە هەر کارێکی فێرکاری یان یەکەیەکی خوێندن کە لەسەر ئەنتەرنێت بێ بەرامبەر و بە ڕێپێدانێکی کراوە دەخرێتەڕوو ، داهاتە فێرکاریە کراوەکان فەلسەفەیەك بنیاد دەنێت کە بەندە لەسەر چەمکی (کرانەوە- Opennes)، بەو واتایەی کە پێمان دەڵێت پێویستە مەعریفە بە ئازادی بڵاو بکرێتەوە و بەشداری بکرێت لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا بە گشتی. (Yuan et al, 2008, P. 35).

- **پرۆگرامی فێرکردنی گریمانەیی (Virtual Instruction Curriculum V.I.C)**

فێرکردنی گریمانەیی ڕێبازێکی فێرکردنە یارمەتی خوێندکار دەدات لە بەدەستهێنانی زانیاریەکان، داتاکان، پەیوەندی و مەشقەکان، لەڕێگەی تۆڕێکی ئەنتەرنێتەوە بەشێوەی دەنگی، یان وێنەیی، یان ڤیدیۆیی یاخود ئەلەکترۆنی، بەجۆرێك فێرکردن لەم سەردەمەدا پشت دەبەستێت بە هۆکارە ئەلەکترۆنیەکان وەك بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، شانبەشانی ڕێبازە کۆنەکە. (لحدو، ٢٠١٦، ئەنتەرنێت).

- **پرۆگرامی فێرکردنی یەکخراو (Blended Learning Curriculum B.L.C)**

کاتێ باسی چەمکی فێرکردنی یەکخراو دەکەین ڕوون دەبێتەوە کە چەمکێکی هەم کۆن و وە هەمیش نوێ یە، کە ڕیشەی هەیە لە زۆربەی پرۆگرامەکاندا و ئاماژە بە یەکخستنی ڕێبازەکانی فێرکردن و ستراتیژیەکانی دەکات لەگەڵ هۆکارە هەمەجۆرەکان، زۆر ناوی لێنراوە وەك: فێرکردنی تێکەڵ (Learning Mixed) ، فێربوونی ئاوێتە (Learning Blended)، فێرکردنی دووڕەگ (Learning Hybrid) ، فێربوونی یەکخراو (Learning Integrated) ، و فێرکردنی دووانی (Dual Learning) ، هۆی فرەناوانی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی گۆشەنیگا دەربارەی سروشتی فێرکردنی یەکخراو و جۆرەکەی، بەڵام ئەم جۆرە پرۆگرامە لەسەر ئەوە کۆکە کە شێوازی فێرکردنی یەکخراو و تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی و فێرکردنی کۆن بێت، هەروەها ئەم یەکخستنە لەڕێگەی دامەزراندنی کەرەستەکانی فێرکردنی کۆن و ڕێبازەکانیەوە دەبێت. (أبوالريش، ٢٠١٣، لا. ١٢).

خمیس (٢٠٠٣)دەڵێت: "ئەم پرۆگرامە ئامانجی یارمەتیدانی خوێندکارە لە هەموو قۆناغێك لە قۆناغەکانی فێربوونیدا، هەڵدەستێت بە یەکخستنی فێرکردنی کۆن و ئەلیکترۆنی بە شێوە هەمەجۆرکانیانەوە لەناو هۆڵەکانی خوێندن ". (لا. ٢٥٥).

- **پرۆگرامی فێرکردن لەدوورەوە (Distance Instruction Curriculum D.I.C)**

فێربوون بە سیستەمێکی فێرکاریی پێناسە دەکرێت کە لە بیرۆکەی گەیاندنی بابەتە فێرکاریەکەوە بۆ خوێندکار سەری هەڵداوە لەڕێی هۆیەکان یان شێوازە هەمەجۆرە تەکنیکیەکانی پەیوەندیەوە، کە خوێندکار تیایدا دوور و جیایە لە مامۆستاکە یان ئەو کەسەی کە هەڵدەستێ بە پرۆسەی فێرکاری، ئەم جۆرە فێربوونە کاتێك دەبێت دووری سروشتی نێوان خوێندکار و مامۆستاکە یان ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە پرۆسەی فێرکردن جیابکاتەوە

لەکاتی ڕوودانی پرۆسەی فێربوونەکە. فێربوون لەدوورەوە ئەو جۆرە فێربوونەیە کە پشت دەبەستێت بە دامەزراندنی تەکنیکە پەروەردەییەکان لەڕێی ئامادەکردنی سیستەمی فێرکاریی، کە کەسی ئامادەکار بە خوێندنی خودی یان لە ئامادەکردنی بابەتە فێرکاریەکان کە فێربوونی خودی دەکات و یان لە بەکارهێنانی هۆکار و شێوازی تەکنیکی نوێ یاخود لە هەڵسەنگاندنی پرۆگرامە فێرکاریەکان پرۆسەی فێربوون بەجێ دەگەیەنێت. (الدلیمی، ٢٠١٨، ئەنتەرنێت).

## • پرۆگرامی تەکنەلۆجی (Technological Curriculum)

ئەو پرۆگرامەیە کە هۆیەکانی تەکنەلۆژیای فێرکردن ڕۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕن لە دیزاینکردن، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی شارەزاییە فێرکاریەکانی پرۆگرامەکە، لە سایەی ئەم پێناسەیەدا وا ناڕوانرێتە تەکنەلۆژیای فێرکاری کە تەنها کۆمەڵێك ئامێر و کەرەستەن، بەڵکو هۆکاری کاریگەرن لە بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکاندا لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان لایەنی مرۆیی و شارەزایی و ئامێر و کەرەستەکاندا بۆ ڕابەرایەتیکردنی کردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون. (رمضان، ٢٠٢٠، ئەنتەرنێت).

## ٢ ـ ١ ـ ١ ـ ٥ تیۆرەکانی پرۆگرامی خوێندن

زۆرینەی سەرچاوە پەروەردەییەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر بوونی چوار تیۆری سەرەکی لە دیزاینکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن ئەوانیش:

- **تیۆری فەرهەنگی**
- **تیۆری بنەڕەتی (کرۆکی- جەوهەری)**
- **تیۆری کرداری (پراگماتیکی)**
- **تیۆری جێبەجێکاری (پۆلیتەکنیکی)**

## خشتەی ژمارە (٢ – ١) تایبەتمەندی تیۆرەکانی خوێندن

| تیۆر / ڕەگەز | تیۆری فەرهەنگی | تیۆری بنەڕەتی | تیۆری کرداری | تیۆری جێبەجێکاری |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ڕۆڵی مامۆستا | خاوەنی دەسەڵاتە، لە حاڵەتێکی چالاکی بەردەوامدا دەبێت و هەر ئەو تاکە سەرچاوەی زانیاری خوێندکاران دەبێت لە هەڵسوکەوتەکانی و ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشی دەکات. ڕۆڵەکەی ئەرێنیە (بەڵام ئامادەکردنی ئەکادیمیە). | دەسەڵاتەکەی سنوردارە سەرەڕای بایەخدانی بە کەلەپوری "پێشینان" چونکە ئەو لە نێوان نەوەکانی ڕابردووە لە پلاندانەر و بیرمەند و کۆمەڵگا و نێوان "پاشینان" واتە خوێندکارەکاندایە، (ڕۆڵەکەی لەقە) بەڵام ئامادەکردنی لەڕێگەی کلتورێکی بەرزەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە پسپۆڕ و سەرکردە. | دەسەڵاتەکەی لە توانستەکەیەوە وەرگیراوە، ئەو دیزاینەر و ئەندازیاری فێرکردنی ڕێکخراوە، هەروەها ڕێبەر و ئاڕاستەکار و وروژێنەری کێشە زانستیەکانە کە بەکەڵکە لە گۆڕینی واقیعدا، بەڵام ئامادەکردنی ئامادەکردنێکی پیشەییە بەپێی توانا، بۆئەوەی بە توانستێکی ئەکادیمی بەرز بێت. | دەسەڵاتی دیاریکراوە، تەنها گواستنەوەی ئەو لایەنە پەروەردەییەیە کە خوێندنگا دەیەوێ، مەبەستی سەرەکیش پێگەیاندنی خوێندکارانە بۆئەوەی بیانکاتە هاوڵاتی چالاك و بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگاکەیان، بەڵام ئامادەکردنی ئامادەکردنێکی تەکنیکی هونەری و پیشەییە و گرنگی دەدات بە جێبەجێکاریە زانستیەکان لەبری تیۆری. |
| ڕۆڵی خوێندکار | ناچالاکە و ڕۆڵەکەی نەرێنیە، پشت ئەبەستێ بە وەرگرتنی ئەو زانیاریانە کە لەبەرکردن و بیرهاتنەوە و دەرخ کردن پەرەپێئەدات، بێ گفتوگۆکردن و پەڵپگرتن و ڕەچاوکردنی ئارەزوو و جیاوازی تاکی تیانیە . | ناچالاك و نەرێنیە، پشت ئەبەستێ بە تێگەیشتن و لەبەرکردنی کلتوری ڕۆشنبیری و دەرخ کردنیەوە، ڕەچاوکردنێکی سنورداری بۆ ئارەزوو و حەزەکانی تیایە، ئەگەر ڕەچاوی کرۆکی بنەڕەتیی زانیاریەکە بکات ئەویش کلتوری ڕۆشنبیریە، و جیاوازی تاکی هەڵناسەنگێنێت. | چالاکە و ئەرێنیە، پەرەسەندوە لە بەکارهێنانی ئەو زیرەکیەدا کە ئاوێتەی ئەکات لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، ڕایەکی ئازادی هەیە لە بڕیارە تایبەتەکاندا بەو ڕێباز و هۆکارانەی کە بەتوانای دەکات لەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە ناوەرۆکی فێرکاری، ڕێز لە جیاوازیە تاکیەکان دەگرێ، بابەتی خوێندنەکە لەسەر بنەمای شارەزایی خوێندکاران | وەرگری ئەو فەلسەفەیەیە کە سیستەمی فێرکردن دەیەوێ تیایدا بیچێنێ لە دەرونیدا بێ بەرهەڵستی و مشتومڕ، جیاوازیە تاکیەکان ڕەچاو ناکات . |

| تیۆر / ڕەگەز | تیۆری فەرهەنگی | تیۆری بنەڕەتی | تیۆری کرداری | تیۆری جێبەجێکاری |
|---|---|---|---|---|
| | | | ڕێکدەخرێت کە ئەوەش لەسەر بنەمای شارەزاییەکانی پێشوو ڕێکدەخرێت. | |
| بابەتی خوێندن | بابەتەکە جەخت دەکات لەسەر زانیاری و زانستە تیۆریە هەمەجۆرەکان کە لەشێوەی فەرهەنگ و ئینسیکلۆپیدیا و بازنەی زانستی هەمەجۆر و فرەجۆردا ڕێکدەخرێن. | بابەتی خوێندنەکە جەخت لە کەلتوری ڕۆشنبیری مرۆیی دەکات کە بەپێی ڕیزبەندیی ژیربێژی ڕێکدەخرێت لەشێوەی کتێبی خوێندنگادا بەڵام بە ژمارەیەکی کەم. | بابەتی خوێندنەکە لەسەر بنەمای شارەزایی خوێندکاران ڕێکدەخرێت کە ئەویش لەسەر بنەمای شارەزاییەکانی پێشوو ڕێکدەخرێت. | بابەتی خوێندنەکە لەسەر بنەمای پێکەوەبەستنی نێوان بیردۆز و جێبەجێکاری ڕێکدەخرێ، واتە پەڕتووکەکان گشتگیر دەکات بەڵام خوێندن دابەش دەکات لەنێوان زانیاریە ڕێکخراوەکان و ئەو شارەزاییانەی کە بەکەڵکی ڕای باو دێت. |
| ڕێگاکانی وانەووتنەوە | پشت ئەبەستێ بە ڕێگای (وانەبێژی کۆن) کە ڕۆڵ دەداتە مامۆستا و ڕۆڵی خوێندکار ناهێڵێت. | پشت دەبەستێت بە ڕێگای وانەبێژی یان هەندێ لەو ڕێگایانەی کە جەخت دەکات سەر لەبەرکردن و بیرهاتنەوەی بەشە وردە بنچینەییەکان وەك لێپرسینەوە . | پشت ئەبەستێت بە چارەسەرکردنی کێشەکان و گفتوگۆکردن و ڕێگای دیکە کە هانی بیرکردنەوە و چالاکی بدات بەپێی شارەزاییەکانی خوێندکار . | پشت دەبەستێت بەو ڕێگایانەی کە بەندن لەسەر مەشق و جێبەجێکردنی پراکتیکی و دەکرێ ئەمڕۆ لە جێبەجێکارییەکانی کۆلێژەکانی پەروەردەدا خۆی بنوێنێ . |
| هەڵسەنگاندن | هەڵسەنگاندن خۆی لە تاقیکردنەوە کۆنەکاندا دەبینێتەوە کە بەندە لەسەر دەربڕینی (زارەکی) و وتار ، تاقیکردنەوەکان تێیدا کۆتاییە لە کۆتایی ماوە دیاریکراوەکەی کە گرنگی دەدات بە لایەنی هزری و گرنگی نادات بە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن تێیدا بە هەڵسەنگاندنی | هەڵسەنگاندن خۆی لە تاقیکردنەوە کۆنەکان دەبینێتەوە کە هەوڵی دیاریکردنی توانای خوێندکار ئەدات لەسەر فێربوونی زانیاریە بەڕەتیەکان بەپێی جیاوازی نێوانی خۆی و هاوپۆلەکانی، ئەو تاقیکردنەوەیە کۆتاییە لە کۆتایی ماوە دیاریکراوەکەیدا. | هەڵسەنگاندن بە هەرسێ جۆرەکەیەوە بەرایی و (پێکهاتەیی) بونیادی و کۆتاییدا دەبینێتەوە چونکە گرنگی ئەدات بە هەموو کارەکانی پرۆسەی فێرکاری لە ئامانج و ناوەرۆك و ڕێگا و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن بەمەبەستی ئەنجامدانی | هەڵسەنگاندن خۆی لە هەموو جۆرەکانی تاقیکردنەوەدا دەبینێتەوە کە کارەکانی خوێندکاران هەڵدەسەنگێنێت لەوانەش ئەرکە پێسپێردراوەکانی خوێندکار کە بایەخێکی گەورەی هەیە و کۆتاییە و یاسادارە، چونکە لە لایەنی باڵای سەرپەرشتیارەوە دانراوە. |

| تیۆر / ڕەگەز | تیۆری فەرهەنگی | تیۆری بنەڕەتی | تیۆری کرداری | تیۆری جێبەجێکاری |
|---|---|---|---|---|
| | پرۆگرام یان گۆڕانکاری لە یەکێك لە پایەکانی. | | هەموارکردن یان گۆڕانکاری بۆ هەریەکەیان، وە ئامانجە دیاریکراوەکان و پلانە دانراوەکانی تیادا دەپێورێت. | |

(الیاسری، ٢٠١٦،ئەنتەرنێت)

## ٢ – ١ – ١ – ٦ دیزاینکردنی پرۆگرام (Curriculum Design):

### أ/ مانای چەمکی دیزانکردنی پرۆگرام

دانانی چوارچێوەیەکی بیرۆکەیی پرۆگرامەکەیە بۆ ڕێکخستنی هەموو ڕەگەز و پێکهاتەکانی (ئامانجەکان، ناوەرۆك، ڕێگاکانی وانەووتنەوە، هۆیەکان و چالاکیەکان و هەڵسەنگاندن) و دانانیان لە یەك چوارچێوەدا ، هەروەها لەکاتی جێبەجێکردنیدا بەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکانی پرۆگرامەکە دێتەدی.

**لەکاتی هێڵکاریکردنی پرۆگرامەکان و بنیادنانیان و ڕێکخستنی ڕەگەزەکانیدا پێویستە ڕەچاوی ئەم چەمکە دیزاینانەی خوارەوە بکرێت:**

• **دیزاینی ئاسۆیی:** پێویستە ڕەچاوی فراوانکردنی پرۆگرامەکە و قوڵیەکەی و تەواوکاری و پێکبەندیی نێوان بوارە مەعریفیەکان و کارامەییەکان و پێکەوەبەستنی ڕەگەزەکان پێکەوە بکرێت (ئامانجەکان، ناوەرۆك، ڕێگا شێوازەکانی وانە ووتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، چالاکیەکان و هەڵسەنگاندن).

•**دیزاینی ستونی:** پێویستی بە کۆمەڵێك لە شارەزاییە کە بگونجێ لەگەڵ دەروون و تەمەن و قۆناغەکانی گەشەکردن و سروشتی بابەتی خوێندکاراندا، کە بەشێوەی یەك بەدوای یەك لە سادەوە دەچێت بۆ ئاڵۆز، لە گشتەوە بۆ بەش.

•**هاوسەنگی:** لەنێوان پرۆگرامی چالاکی و شارەزایی و کارامەییدا جەخت ئەکاتە سەر خوێندکار و پێداویستی و تواناکانی لەلایەکەوە، پرۆگرامی بابەتی خوێندنەکەشی جەخت دەکاتە سەر سروشتی زانین لە لایەکی دیکەوە. (شاهین، ٢٠١٠، لا. ٥ – ٦).

### ب/ پێوەرەکانی دیزاینی پرۆگرامەکانی خوێندن

پێویستە پێوەرەکانی دیزاینی پرۆگرامەکانی خوێندن ڕەچاوبکرێن و بگونجێن لەگەڵ پێداویستیەکانی خوێندکاران، لە ڕاستیدا ڕەنگە ڕێگاکانی وانە ووتنەوە جیاوازبێت، ئەویش بەپشت بەستن بە پێکهاتەی بنچینەیی خوێندکاران، بەجۆرێك کە هەندێ ڕێگا گونجاون بۆ چەند جۆرێکی دیاریکراوی خوێندکاران زیاتر لە جۆری دیکە، هەروەها مرۆڤ پێویستە بیربکاتەوە لەو کۆتانەی کە لە کاتی دیزاینکردنی پرۆگرامێکی نوێدا هەیە، وە ئەو کۆتانەش کۆتی هاوسەنگی، کات و تواناکانی خوێندکار دەگرێتەوە. (مهران، ٢٠٢٠، ئەنتەرنێت).

### پ/مەبەست لە دیزاینکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن

مامۆستایان پرۆگرامەکانی خوێندن دیزاین دەکەن و هەڵدەستن بە دانانی مەبەستێکی فێرکاری دیاریکراو بەمەبەستی کۆتایی لە دیزاینکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، کەچاککردنی فێربوونی خوێندکارانە، بەڵام لەڕاستیدا هۆی تر هەیە لە دیزاینکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆیە ئەو پرۆگرامانە یارمەتی خوێندکاران دەدەن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێربوون لە داهاتوودا. (مهران، ٢٠٢٠، ئەنتەرنێت).

### ٢ ـ ١ ـ ١ ـ ٧ نمونەی بنیادنانی پرۆگرامەکان

### یەکەم/ شێوازەکانی دیزاینکردنی نمونەکان

چەندین شێوازی دیزاینکردنی نمونەکان هەیە کە ئەوانیش:

- **نمونەی بەرجەستە:** سادەترین جۆری نمونەکانە، دەربڕین بۆ دیاردەکە دەکات بەشێوەیەکی هەستپێکراو، بۆ نمونە گۆی زەوی.
- **نمونەی بیرکاری:** ئاڵۆزترینیانە، لەبەرئەوەی دەربڕین بۆ دیاردەکە لەشێوەی کۆد و هاوکێشەی ڕەهای بیرکاریانە دەکات.
- **نمونەی چەمکی:** چەمکەکان و دەربڕینەکان تیایدا بەکاردێن بۆ وەسفکردنی دیاردە و لێکدانەوەکەی.
- **نمونەی هێڵکاری:** یەکێکە لە نموونە هەرە بەکارهاتووەکان کە لە شێوە و وێنەکاندا دەردەکەوێت.

### دووەم/ هەنگاوەکانی ڕێکخستنی پرۆگرام

- شیکردنەوەی بابەت و ناوەڕۆک بۆ نیشاندانی پێکهاتەکەی کە زانست و زانیاری لێ بەرهەم دێت.

- دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ڕێگا بەکارهاتووەکانی توێژینەوە و زاناکانی بواری زانستە سرووشتییەکان، مێژوو و سیاسەت وە بەکارهێنانیان لەکاتی دانانی پلانی پرۆگرامی خوێندندا.

- سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ژیانی خەڵك لە کۆمەڵگادا بۆ وەرگرتنی چوارچێوەیەك لە کاتی دانانی پلانی پرۆگرام کە لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵگەدا بگونجێت.

- هەوڵدان بۆ پەیوەندی کردنی خوێندکاران بە خوێندنگا بە شێواز و ڕێگایەك کە لەسەر بنەما و زەمینەیەکی کرداری واقعی بن. (شاهین ، ۲۰۱۰، لا. ۲۱-۲۲).

## سێیەم/ هەندێك لە نموونەکانی ڕێکخستنی پرۆگرام

گەلێك نموونە لە سەرچاوە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان بڵاوکراونەتەوە، کە خوازراون لە لایەن چوار بیردۆزە جیاوازەکەوە لە ڕووی ئامانج و پرۆگرام و فەلسەفە وەکو:

### • نموونەی تایلەر (Tyler)

تایلەر بەرنامەی خوێندن بە ئامانج و ئەزموون و چالاکییەکان پێناسە دەکات کە لەلایەن خوێندکاران و کۆمەڵگەوە بڕیاری لەسەر دراوە و بە فەلسەفەی پێداگۆجی و بنەماکانی دەروونناسی دەستنیشان کراوە و ڕێکخراوە ، بەم هێڵکارییەی خوارەوە سەرنجی خۆی دەربڕی (مازن، ۲۰۰۷، لا. ٥٠):




**هێڵکاری ژمارە (۲ – ۱)**

**نمونەی دیزاینی فێرکاری تایلەر لە ئامادەکردنی پرۆگرام**(مازن، ۲۰۰۷، لا. ٥٠)

**ئەم نمونەیە جەخت دەکاتە سەر چوار قۆناغ:**

• دیاریکردنی ئامانجەکان: پێویستە ئەو ئامانجانە ڕوون بن کە پێویستیان بە دیاریکردنی جۆری ڕفتارە خوازراوەکەیە، پێشیان دەوترێت (ئامانجە ڕەفتاریەکان).

• قۆناغی هەڵبژاردنی شارەزاییەکانی فێرکردن.

• قۆناغی ڕێکخستنی ئەو شارەزاییانە بۆ ئەوەی یەکتر بەهێز بکەن.

• قۆناغی هەڵسەنگاندن: کە دەبێتە هۆی فیدباك.

**تایلەر لە ڕێکخستنی پرۆگرامەکەیدا دوو ڕەهەندی ڕونکردەوە:**

• **ڕەهەندی یەکەم:** بایەخ دەدات بە ناوەرۆك و چەمك و کارامەییەکانیش دەگرێتەوە.

• **ڕەهەندی دووەم:** بایەخ دەدات بە بەهاکان سەرباری داڕشتنەوەی ئامانجی ڕەفتاری و لەکاتی دیزاینکردنیدا ئاماژەی داوە بە بنەما بنچینەییەکانی بەکارهێنانی ڕیزبەندی کاتی، و شیکردنەوەی ژیان. (قلادە، ٢٠٠٦، لا.١٣٥) .

## • نمونەی هێلدا تابا (HildaTaba)

نمونەکەی هێلدا تابا لە ڕاستیدا درێژەی نمونەکەی تایلەرە، نمونەکە جەخت دەکاتە سەر پێداویستیەکانی خوێندکاران وەك سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆی پرۆگرامەکە، بۆ ئەو ڕەگەزانەی کە بەرجەستەی ئەکات، نمونەکە بەندە لەسەر دیاریکردنی پێداویستیەکان، داڕشتنی ئامانجەکان، هەڵبژاردنی ناوەرۆك، ڕێکخستنی ناوەرۆك، هەڵبژاردنی شارەزاییەکانی فێربوون، ڕێکخستنی شارەزاییەکانی فێربوون، دیاریکردنی ئەو چالاکیانەی کە خوێندکار پێی هەڵدەستێ و چۆنێتی هەڵسەنگاندنی، هەروەها کاری کردووە لەسەر دیاریکردنی پێوەرەکانی هەر هەنگاوێك لەو هەنگاوانە، بۆ نمونە لەکاتی هەڵبژاردنی شارەزاییە فێرکاریەکاندا، پێویستە ئەوەی هەڵدەستێ بە پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکە ڕەچاوی پێوەرەکانی وەك دروستیی ناوەرۆك و گرنگیەکەی، گونجان لەگەڵ واقعی کۆمەڵگا، هاوسەنگی لە فراوانیی و قوڵیی شارەزاییەکاندا، و پێداچونەوەی مەودای گرتنەخۆی ئامانجەکان بکات، لەگەڵ دەستەبەرکردنی شارەزاییەکانی ژیان بەجۆرێ لەگەڵ ئاستی خوێندکاردا بگونجێ و فێربوونەکەی ئاسان بکات، هەروەها بگونجێ لەگەڵ شارەزاییە فێرکاریەکان و پێداویستیەکانی خوێندکاران بەوەی کە ئارەزووی دەکەن و و جێی بایەخە لایان. (علی، ٢٠٠٣، لا. ٧٩).




**هێڵکاری ژمارە (٢ – ٢)**

**نمونەی دیزاینی فێرکاری هێلدا تابا لە ئامادەکردنی پرۆگرامدا** (بودی، ٢٠١٦، لا. ٤١٧)

## • نمونەی گرەیڤ (Grave)

بە نمونەیەکی زۆر گشتگیر و تەواوکاری هەژمار دەکرێت کە تیایدا پەیوەندیەکان لەنێوان ڕەهەندە سەرەکیە هەمەجۆرەکانی پرۆگرامەکەدا ڕوندەکرێتەوە، گرەیڤ لەم نمونەیەدا پشتی بەستووە بە دوو سەرنج:

**سەرنجی یەکەم:** بریتی یە لە ئامانجی بنەڕەتی لە فێرکردن و ئاڕاستەکردنی خوێندکار بۆ وروژاندنی پرسیار و توێژینەوە دەربارەی پەیوەندیەکان و بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ.

**سەرنجی دووەم:** پێویستە مامۆستاکە وشیاربێت بە هەموو ڕەهەندە زانستیە فێرکاریەکانیەوە، نەك تەنها گرنگیدان بە بابەتە زانستیەکە.

بۆیە پێویستە پرۆسەی پلاندانانی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕانی ئەو بوارەوە بێت و نەك بە تەواوەتی جێبهێڵرێ بۆ مامۆستا، بەم شێوەیەش پسپۆڕیەکانی مامۆستا و شارەزایانی پرۆگرامەکان سنوردار دەکات، تاوەکو مامۆستاکە ڕووبەڕووی شڵەژان و دودڵی نەبێتەوە لەکاتی دانای پلان بۆ پرۆگرامەکە، پاشان داوا لە مامۆستاکە دەکات کە هەڵبستێ بە دانانی پلان بۆ یەکەکانی پرۆگرامەکە بە پشت بەستن بەو بنچینە گشتیانەی کە شارەزایان دایدەنێن، (علی،٢٠٠٣، لا. ٩٦ – ٩٧) .




**هێڵکاری ژمارە (٢ – ٣)**

**نمونەی دیزاینی فێرکاری گرەیڤ بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام و ڕەگەزە بنچینەییەکانی** (شاهین،٢٠١٠، لا.٢٤)

### • نمونەی ئەدڵ (Addle)

ئەم نمونەیە پێك دێت لە پێنج قۆناغ: (شیکردنەوە، دیزاین، پەرەپێدان، جێبەجێکردن و لە کۆتایشدا هەڵسەنگاندن)، ئەم دیزاینە بە هەر پێنج قۆناغەکەیەوە نەخشە ڕێگایەك پێکدێنێ بۆ هەرکەسێك کە هەستێت بە دیزاینکردنی فێرکردن، بەجۆرێك هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پرۆسەی دیزاینەکەدا بڕوات.




**هێڵکاری ژمارە (٢ – ٤)**

**نمونەی دیزاینی فێرکاری ئەدڵ بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام** (Consulta, 2008, Internet)

### • نمونەی ویلەر (Wheeler)

یەکێکە لە نمونە باو و بەکارهێنراوەکان لە بنیادنانی پرۆگرامەکانی خوێندنگا، خەسڵەتی نەرمی و بەردەوامیی گرتۆتە خۆ، بەجۆرێك تەنها بە هەڵسەنگاندن ناوەستێ، بەڵکو جارێکی تر پەیوەندی دەکاتەوە بە ئامانجەکانەوە پاشان پەیوەندی بە ڕەگەزەکانی ترەوە دەکرێ، بۆیە بەپێی ئەم نمونەیە پرۆگرامەکە سەرەتا و کۆتایی نابێت، واتە ویلەر هەوڵیداوە زاڵ بێت بەسەر ئەو هەڵانەدا کە تایلەر تێی کەوت، بەجۆرێ تایلەر هەڵسەنگادندنی کردە دواهەمین قۆناغ لە نمونەکەیدا، ئەم نمونەیە وەك فوزی إبراهیم و هاوڕێکەی (١٩٨٣) ئاماژەیان پێدا بەم شێوەیە:

- پرۆسەی فێرکاری بەردەوامیەکی بازنەیی هەیە کە ڕەگەزەکانی پێکەوەبەندن.
- ناوەرۆك لە ڕۆشنایی ئامانجەکان هەڵدەبژێردرێت.
- گونجان و تەواوکاریەك هەیە لەنێوان هەریەك لە ناوەرۆك و شارەزاییە فێرکاریەکاندا.
- هەڵسەنگاندن بە ناکۆتا هەژمار ناکرێت بەڵکو پەیوەندی بە ئامانجەکان و ڕەگەزەکانی دیکەوە دەکات.




**هێڵكارى ژمارە (٢ – ٥)**

**نمونەى ديزاينى فێركارى ويلەر بۆ ئامادەكردنى پرۆگرام** (الشمرى، ٢٠١٢، ئەنتەرنێت)

- **نمونەى ديك و كارى (Dick & Cary)**

ئەم نمونەيە هەموو قۆناغە پراكتيكيە ئاوێتە چالاكيەكان وەسف ئەكات، كە بە دياريكردنى ئامانجەكانى فێربوون دەست پێدەكات و بە هەڵسەنگاندنى سەرجەمى كۆتايى دێت، ئەم شێوە هێڵكاريەى خوارەوە قۆناغەكانى ڕوندەكاتەوە:




**هێڵکاری ژمارە (٢ – ٦)**

**نمونەی دیزاینی فێرکاری دیك و کاری بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام** (الشمری، ٢٠١٢، ئەنتەرنێت).

- **نمونەی کیڕ (Kerr)**

کیڕ لە ساڵی (١٩٦٨) پێشنیاری نمونەیەکی کرد بۆ بنیادنانی پڕۆگرام لەڕۆشنایی پێناسەکەی کە دەڵێت "هەموو فێرکردنێك کە پلانی بۆ دادەنرێت لەلایەن خوێندنگاوە ئاڕاستەدەکرێت" کە تیایدا باسی ڕەگەزەکانی پڕۆگرامی کردوە و لێکدانەوەی پرۆسە ڕێکاریەکان کە بنیاتنانی و جێبەجێکردنی لەخۆ گرتووە، وەك لەم شێوەیەی خوارەوەدایە:




**هێڵکاری ژمارە (٢ – ٧)**

**نمونەی دیزاینی فێرکاری کیڕ بۆ ئامادەکردنی پڕۆگرام** (شاهین، ٢٠١٠، لا. ٣٢)

## • نمونەی کەمپ (Kemp)

نمونەی (کەمپ) لە زۆر ڕووەوە لە نمونەکەی (جیرلایك وئەیلی) دەچێت، (کەمپ) بوونی سێ ڕەگەزی گرنگی ڕونکردۆتەوە بۆ تەکنیکەکانی فێرکردن ئەوانیش هەریەك لە ( ئامانجەکان، توانست، چالاکی و هەڵسەنگاندن).

(کەمپ) لەمیانەی نمونەکەیدا پێشنیازی ئەوە دەکات کە پەرەپێدانی فێرکردن بازنەیی بەردەوام بێت لەگەڵ بژاردەکردنی بەردەوامی چالاکیە پەیوەندیدارەکان بە هەنگاوەکانی نمونەکەیەوە و پێی وایە کە مامۆستا یان دیزاینەر دەکرێ لە هەر شوێنێکەوە دەست پێبکات کە دەیەوێت، پاشان بەردەوام بێت بەرەو هەنگاوەکانی تر، ئەم تێڕوانینە گرنگە بۆ پرۆسەکانی پەرەپێدانی سیستەمەکە، بەم پێیە هەموو هۆکارەکان پشت بە یەکتری دەبەستن و بەم شێوەیەش بەردەوام ئەبن.

سەرباری ئەوەی کە نمونەی (کەمپ) بەپێی ڕێبازی کۆن دیزاینکراوە، بەڵام ئەو خەسڵەتەی هەیە کە دەتوانرێت لە هەرشوێنێکەوە دەستپێبکرێت.




**هێڵکاری ژمارە (٢ – ٨)**

**نمونەی دیزاینی فێرکاری کەمپ بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام** (منصور، ٢٠١٦، لا. ٢٥)

## • نمونەی محمد السيد علی

محمد السيد (٢٠٠٣) هەستا بە لێکۆڵینەوە لەسەر چەندین نموونە کە لەپێشوودا کاریان لەسەر کرابوو، بۆیە کاری کرد لەسەر نمونەکەی بەپێی بنەمای ڕێکخراوی ئەندازەی پڕۆگرام، نمونەکە خرایە بەردەستی پسپۆڕانی بواری پرۆگرام و ڕێگای وانەووتنەوە بۆ زانینی بڕی ڕاستگۆیی و گشتگیریی پێکهاتەکانی، پێوەرەکانی و پێکهاتەی ئەم نمونەیە بەم شێوەیە:

• **دەروازەکان:** چوار دەروازەی پێکەوەبەندی ئاڵوگۆڕی و تەواوکەری پیشەیی دەگرێتەوە: دەروازەی هونەری، دەروازەی کرداری، دەروازەی کۆمەڵایەتی و دەروازەی ماتریاڵی .

- **پرۆسەکان:** سێ لق دەگرێتەوە کە ئەمانەن: پلانی پڕۆگرام، جێبەجێکردنی پڕۆگرام، هەڵسەنگاندنی پڕۆگرام.

- **دەرچەکان:** خۆیان لە سێ دەرچەدا دەبیننەوە کە بەرامبەری سێ پرۆسەکانن :

**- دەرچەی یەکەم:** دەرچەی پرۆسەی پلانی پڕۆگرام کە ئەویش دیزاینی جیاوازی پڕۆگرامە بەپێی قوچەکی پڕۆگرامەکە.

**- دەرچەی دووەم:** دەرچەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پڕۆگرامە پلان بۆدانراوەکە ئەویش دەرچەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکەیە.

**- دەرچەی سێیەم:** گرەنتی بەردەوامیی پڕۆگرامەکە وەك سیستەمێك لە سیستەمە فێرکاریەکەدا، ئەویش دەرچەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامەکەیە.

• **فیدباك:** ئەوانیش ئەو داتا و زانیاری و ئەنجامانەن کە دەست دەکەون لە میانەی بەراوردکردنی ئامانجەکانی سیستەم بەرامبەر بە دەرچەکانی، کە خاڵی هێز و لاوازیەکانمان نیشان ئەدات، ئەگەر ئامانجەکان لەگەڵ دەرچەکان هاوسەنگ نەبوون، ئەوە دەگەیەنێ کە ئامانجەکانی سیستەمەکە بەدی نەهاتوون و ڕەنگە ئەو کەم و کورتیە بگەڕێتەوە بۆ پرۆسەکانی سیستەمەکە، لێرەدا پەرەپێدانەکە دەبێتە بەش بەش، یان بۆ دەروازەکانی سیستەمەکە، لێرەشدا پەرەپێدانەکە دەبێتە ڕیشەیی، هێڵکاریەکەی خوارەوە ئەم نمونەیە ڕوون دەکاتەوە. (شاهین،٢٠١٠، لا. ٣٧).




**هێڵکاری ژمارە (٢ – ٩)**

**نمونەی دیزاینی فێرکاری محمد السید علی بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام** (المطیری، ٢٠٢٠، ئەنتەرنێت)

## ٢ – ١ – ٢ دەروازەیەك بۆ موزیك

### ٢ – ١ – ٢ – ١ کورتە باسێک دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی موزیك

کاتێك مێژوو نووسە موزیکییەکان ویستیان دەربارەی موزیکی کۆن بدوێن، واتە مرۆڤی چەرخی بەردین، هیچ شتێکی وایان لەبەر دەستدا نەبووە کە پشتی پێ ببەستن، ئاوازەکان و بۆنەکانی ئەم چەرخە کۆنە گوتنەکانی

بەیەك جارەکی بەرەو هەڵوەشانەوە و لەناوچوون هاتن و ئامێرە موزیکییەکانیش کە لە کەرەستەی سادە و زوو لە ناوچوو دروستکرابوون  بە هەمان شێوە لەناوچوون.

هەندێ لە زانایانی موزیك بەشێوەیەکی گشتی سەرهەڵدانی  موزیك دەگەڕێننەوە بۆ زیاتر لە سەرچاوەیەك و هۆکارێك، بەڵام گشتیان کۆکن لەسەر ئەوەی هاوارکردنی بە نەغمە و لێدان لە چڵی داری کلۆر و میوەی وشك و ئێسقان، لاواندنەوەکان، کاری ڕۆژنەی مرۆڤ، لێدان لەسەر پێستی ئاژەڵ و هەڵچوون و هێوربوونەوەی دەروونی، هەموو ئەو هۆکارانەش بەشداربوون لە گەشەسەندن و درووست بوونی سەرەتاکانی ڕیتم و ئاواز . (سەعدی، ٢٠١٤، لا. ٢).

پیربالْ (٢٠١٠) لە بارەی موزیکی سەرتاییەوە دەڵێت: " مرۆڤی سەرەتایی  لەهەموو یەکەمین لانکەکانی ژیانی مرۆڤدا لەسەرەتادا دێتە دەنگ و ئاواز دەدۆزێتەوە، پاشان ئامێرە سەرەتاییەکانی سازدانی  ئاواز دروست دەکات". (لا.٧).

هەروەها کۆرت زاکس  (١٩٦٤) دەڵێت: "سەرەتای موزیك بە گۆرانی دەستی پێ کردووە" بەو واتایەی کە مرۆڤ لە سەرەتادا ئاشنا بووە بەگۆرانی و دواتر ئامێرەکانی موزیك، چونکە چەندین ئاواز و گۆرانی تایبەت بە خۆیان هەبووە لە کاتێکدا شارەزای زانستی موزیك نەبوون. (لا. ١٤).

لەم بارەیشەوە باقی (٢٠٠٢) دەڵێت: " شارەزاکانی بواری موزیك، لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ دۆزینەوەی بنەچە و شوێنەواری موزیك، بە قوڵی چونەتە بنج و بناوانی، بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە ئاکامێکی یەکجاری و دڵنیاکار، هەندێك وڵاتی هیندستان بە لانکەزای موزیك دەزانن، هەندێکی تر دەڵێن وڵاتی بابل بووە، کە جێگەی جادووگەریی و زانست بووە، هەندێکی تر دەڵێن موزیك  لە میسر لەدایك بووە، هەندێکی تر سوورن کە وڵاتی ئێرانە، چونکە لانەی سیحر و جادووگەری بووە و هەر لەڕێگەی ئەوانیشەوە گەیشتۆتە ووڵاتی یۆنان و وڵاتانی ئەوروپا، عەرەبەکانیش لەسەردەمی ئیسلامدا و بەهۆی داگیرکاری وڵاتی ئێرانەوە، (پەیژە)ی موزیکیان لە وڵاتی ئێران وەرگرتووە و تورکەکانیش موزیکیان هەر لە ئێران وەرگرتووە، عیبرانییەکانیش هەر لەدێر زەمانەوە خاوەنی موزیك بوون  و گرنگییان پێداوە، گەلێ ئاوازی بەسۆز و دڵگیریان هەیە، کە لە کۆڕی ئاینیدا وتویانە، (تەورات)یش ناوی هەندێك ئاواز دانەر و دەنگۆخش و ئامێری موزیکی بردووە و لە دەنگە خۆشەکانیان، ناوی داود پێغەمبەر و سلێمان هاتووە، فیرعەونییەکانی میسریش لە داب و دەستوری خۆیاندا هەر سێ جۆر ئامرازەکانی موزیکیان بەکاربردووە، لە (ژێدار – تەپڵ – فوکار)، لە فەرەنساش ئەشکەوتێك هەیە پێیْ دەڵێن (لانەی نۆتۆن)، هەندێ ئامێری  موزیکیان تێدا دۆزیوەتەوە، کە یەکێك لەوانە: فیکفیکەیەکە لە ئێسکی لولاقی بزن دروستکراوە، بەڵام ئەوەی بە نوسین وەك سەرچاوەیەکی ڕوون، دەربارەی موزیك بەدەستمان گەیشتبێت، نوسینی (یۆنان)ە، لە یۆنانی کۆندا  شیعر و موزیك هاوڕێ و هاوکاری  یەکتربوون، شاعیرەکانی ئەو ڕۆژگارەی یۆنان، شیعرەکانیان بە یارمەتی ئامێری موزیك خوێندۆتەوە، ئەم داب و نەریتەی یۆنان، لە داب و نەریتی ئاینی (زەرتوشت) دەچێت، ڕەنگە هەر هۆی ئەم تەمەن درێژییەی موزیك لە ناو یۆناندا، کە هەر ئەوان لە سەرەتاوە لە (گریك) یان وەرگرتبێ، وەك دەستەواژەیەك کە پێیان ووتوە (موسا) و مەبەستیان لە خواوەندی هونەرە جوانەکان بووبێت، دواتر پاشگری (یك)یان بۆ زیاد کردووە و بووە بە (موسیك – Music) ". (باقی، ٢٠٠٢، لا. ٣٦-٣٧).

### ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٢ سەردەمەکانی موزیك

### • سەردەمی سومەر وبابل وئاشور (٢١٠٠-١٩٥٠ پ . ز)

لەم سەردەمەدا موزیك گرنگییەکی زۆر و پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە، موزیك و گۆرانی بەکارهاتووە لە بۆنە ئاینیەکانی نێو پەرستگا و کۆشکی شاهانەیی و جەژنەکان، ئەو موزیك گۆرانیانەیان وەك پرۆگرامێکی خوێندن بردە خوێندنگا ئاینییە تایبەتەکان، کە لەسەر دەستی ئەو کاهینانەی شارەزای موزیك بوون بەڕێوە دەبران، کە فێرکردنەکەش بریتی بوو لە چۆنیەتی ئەدای گۆرانی ووتن و ژەنینی ئامێرەکان لە بۆنەکاندا. (فرید،١٩٩٠، لا. ٤٩).

لەم سەردەمەدا سێ خوێندنگای تایبەت بە موزیك دامەزرا، دوانیان لەسەر دەستی مەلیك (شولکی) لە شاری (نەفر) و ئەوی دیکەیان لە شاری (ئور)، لەسەردەمی دەسەڵاتی مەلیك (ئامرسین) قوتابخانەی سێیەم دامەزرا لە شاری (ئور)، کە ئەم خوێندنگایانە باشترین خوێندنگای موزیك بوون لە سەردەمی کۆندا. (عبدالله، ٢٠٠٢، لا. ٣١).

پیرباڵ (٢٠١٠) دەڵێت: " تابلۆ و پەیکەر و شوێنەوارە دێرینەکانی ئەکەدی و بابلی و ئاشورییەکان پڕن لە گەواهیی ئەوەی کە مرۆڤ لە کوردستانی سەردەمی شارستانییەتە دێرینەکاندا موزیکی ناسیوە، ئامێرە سەرەتاییەکانی دەنگ و ئاوازی دروستکردووە، لە سەردەمی سەنحاریب پاشای ئاشورییەکاندا ( ٧٠٤- ٦٨١ پ.ز) ، شمشاڵ بەکارهاتووە، لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی (دانیال) پێغەمبەر چەندین جاری ناوی ئەو ئامێرە موزیکییانە دووبارە بۆتەوە کە بابلییەکان بەکاریان هێناوە کە: (چەنگ – سەنتوور و قانوون) بوون، هەروەها لە تەوراتیشدا (١٢٠٠ پ . ز) ناوی ئەو ئامێرانە هاتووە کە ئاشوری و ئیلامی بابلییەکان کەڵکیان لێ وەرگرتوون: (سوڕنای، کەڕەنای، عود، بەربەت، سەنتور، کەمانچە) لەگەڵ ناوهێنانی گەلێك لە پێغەمبەران کە موزیك ژەن و گۆرانی بێژ بوون، لەوانە حەزرەتی داود و حەزرەتی سلێمان، ئاشکراشە مەڵبەندی شارستانییەتی ئەکەدی و ئاشوری و بابلی و ئیلامییەکان هەمان مەڵبەندەکانی کوردستانن ". (لا. ٨).

هەروەها (شەهرزاد قاسم) دەڵێت: "عود و ساز هەر لە سەردەمی خورییەکانی دوو هەزار ساڵ پێش مەسیح، لە کوردستان لە نێوان شاری (وان) تا دەگاتە ناوچەکانی کوردستانی عێراقی ئەمڕۆ بەکار هاتووە، مێژوو نوسەکان بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئامێرێکی عودییان لە ناوچەی (نووزی) دۆزیوەتەوە لە نزیك (کەرکووك) کە پایتەختی خورییەکان بووە ئەو کاتە". (پیرباڵ، ٢٠١٠، لا. ٨).

### • سەردەمی میسرییە کۆنەکان

میسرییە کۆنەکان بەوە بەناوبانگن کە حەزێکی زۆریان بۆ موزیك هەبووە، لە بۆنە و ئاهەنگەکان و جەژن و خزمەتکردنی پەرستگاکانیان و ماڵئاوایی لە مردووەکانیان بەکاریان هێناوە. زۆربەی پەریکەر و نەخشی سەر دیوارەکانیان بریتی بووە لە وێنەی موزیك و سەرکەوتنی جەنگەکانیان کە تێیدا سەربازەکانیان ئامێرە ڕیتمی و فودارەکانیان ژەنیوە، لە سەردەمی فیرعەونەکاندا گرنگییەکی تەواو دراوە بە ئامێرەکانی موزیك و بە پیرۆزییەوە لێیان ڕوانیوە. (عبدالفتاح،٢٠٢٠، ئەنتەرنێت).

## • گریك – یۆنانیەکۆنەکان ( ٦٥٠پ.ز-٤٦٧)

ئەم سەردەمە بە سەردەمی سەرهەڵدانی (تیۆرەکانی موزیك)، (جوڵە لەرە) و (فەلسەفەی موزیك) دادەنرێت، ئەمەش بە هەوڵ و لێکۆڵینەوەکانی زانایان (پیتاگۆر ، ئەفلاتوون و ئەرستۆ)، هەروەها ڕۆمانەکان یەکەم کەس بوون کە ئامێرە فوداره مسیبەکانیان بەکارهێناوە لە بواری سەربازیدا.

## • سەردەمی ڕۆمانسیك (٢٥٠ پ .ز- ١١٥٠)

لەم سەردەمەدا موزیکی ئاینی (کڵێسایی) و موزیکی ڤۆکاڵی سەری هەڵدا و پێشکەوتنی بەرچاویان بە خۆوە بینی، کڵێساش بوو بە لانکەی ئەو موزیکە کە ئەمڕۆ دەیناسین، ئەمەش بە هەوڵ و تێکۆشانی پاپا گریگۆری بوو.

## • سەردەمی گوتیە (١١٥٠ – ١٤٠٠)

لەم سەردەمەدا کە ماوەی  دوسەد و پەنجا ساڵی خایاندووە، فۆرمی (پۆلیفۆنی) و فۆرمی (دینی و دنیایی) بە فۆڕمی پیرۆزی کڵێسایی هەژمارکران و کاریان پێ کرا. (سەعدی، ٢٠١٤، لا. ١١).

## • سەردەمی بوژاندنەوە (ڕێنیسانس) (١٤٣٠ – ١٦٠٠)

ڕێنیسانس کە وشەیەکی فەرەنسییە و بە مانای نوێبوونەوە هاتووە (لایختنتریت ، ١٩٦١، لا. ١٣٧)، لە پاش هەزار ساڵی دەسەڵاتی موتڵەقی کڵێسا و پاپا کە تارماییەکی ڕەشی خستبووە سەر شارستانییەتی نزیکەی هەزار ساڵی پێشتری گریك و ڕۆمانەکان، ئەوروپا لەخەو هەڵساو بە بیرۆکەیەکی نوێ هاتە کۆڕی مەیدانی بنیادنانەوەی شارستانیەت، ئەم سەردەمە بە سەردەمی پێشکەوتنی کۆراڵ لەسەر فۆڕمی پۆلیفۆنی و ئامێرەکانی موزیك دادەنرێت و فۆڕمەکانی فیوگ و کانون  بە لیرکی دنیایی موتوربە کران،هەروەها بەسەردەمی سەرهەڵدانی فۆڕمی مادریگاڵ دادەنرێت لەسەر دەستی (پالاسترینا). (دزەیی، ٢٠١٥، لا. ٣٤ – ٣٥).

## • سەردەمی بارۆك ( ١٦٠٠ – ١٧٥٠)

ئەگەر چی لە سەردەمی ڕێنیسانس، هونەر کەم و زۆر لە خزمەتی مەزهەب و کڵێسادا بوو بەڵام لە سەردەمی باڕۆکدا کەمتر گرنگییان بە مەزهەب دەدا، بەڵکو زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی و تاکەکسی جێگەی سەرنجیان بوو، ئیتر کۆراڵەکان بۆ مەراسیمە مەزهەبیەکان نەبوو بەڵکو قبووڵکردنی بەها سەرەکییەکانی موزیکی و ناسینی خودی موزیك لەشتە بەرچاوەکانی گشتی بوو، (زندەباق، ٢٠١١، لا. ١٢٢)، لەم سەردەمەدا سیستەمی (مێجەر و ماینەر) سەریهەڵدا، کە دۆزینەوەیکەی بەنرخی ئەم سەردەمە بوو کە تائێستاش کۆمپۆزەران لەسەری دەڕۆن (دزەیی٢٠١٥، لا. ٤٦)، لەم سەردەمەدا (ئۆرکێسترا) سەری هەڵدا و فۆڕمەکانی وەك (کۆنشێرتۆ – کۆنشێرتۆ گرۆسۆ – فوگە - ئۆپێرا) سەری هەڵدا کە دیارترینیان شاکارەکانی (باخ – هاندڵ – ڤیڤاڵدی) بوون. (سەعدی، ٢٠١٤، لا. ١٢).

- **سەردەمی کلاسیك (١٧٥٠ – ١٨٢٧)**

لە سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی هەژدەهەم، ئیتاڵیا تەنیا وولاتێك بوو، کە موزیکی لە سەرتاسەری کۆمەڵگەی خۆیدا کردەوە و لە شارە گرنگەکاندا خوێندنگەی موزیکی زۆریان دامەزراند لەم سەردەمەدا (زندەباق، ١٣٤:٢٠١١)، سازکردنی ئامێری موزیکی زۆر پێشکەوت، پیانۆ (پیانۆفۆرتێ) جێێ ئامێری هارپسیکۆردی گرتەوە، ئەم سەردەمە بە سەردەمی سەرهەڵدانی (سیمفۆنی) دادەنرێت، هەروەها (سۆناتا ، کۆنشێرتۆ ، ئۆپێرا و چوارینەی ژێداری) بەرەو پێشچوونی زۆری بە خۆوە دیوە، کە دیارترین موزیسیانەکان (هایدن ، مۆزارت و بتهۆڤن) بوون. (دزەیی، ٢٠١٥، لا. ٧٢ - ٧٣).

- **سەردەمی ڕۆمانتیک (١٨٢٧ – ١٩١٠)**

ئەم سەردەمە ناسرابوو بە (سەردەمی هیوا)، کە سەردەمی پێشکەوتنی پیشەسازی بوو، هەروەها (ئۆپێرا – سیمفۆنیای درامی – سیمفۆنیای هۆنراوە) بەرەوە پێشەوەچوو، کە هەریەك لە (بتهۆڤن، شوبێرت، شۆپان، برامز و ڤاگنەر) ڕۆڵە گرنگیان گێڕاوە لەم بەرەو پێشچوونە. (م .فینی، بێ ساڵ، لا. ٤٨٢).

- **سەردەمی مۆدێرینیزم (١٨٢٧ – ١٩١٠)**

دەتوانرێت ساڵی (١٩١٠) وەك خاڵێ وەرچەرخان دابنرێت بەرەو سەدەی بیست، (تایبەت بە هونەری موزیکی ئەوروپای ناوەڕاست) دەستنیشانبکرێت، دیارترین نیشانەکەنی ئەم وەرچەرخانە بریتین لە چەند گۆڕانکارییەك لە هارمۆنی وەك (ئازادییەکی بەرچاو)، پەیوەست بە بەکارهێنانی (دیسۆنانس) و تێپەڕاندنی سنورەکانی تۆنالیتی بەرەو ئاتونالیتی، هەروەها تازەگەری لە بواری ڕیتمدا هاتە کایەوە، تازەگەری لە چۆنیەتی تەکنیکی دانانی کۆردەکان هاتە کایەوە کە (کلۆد دیبۆسی) مان هەیە و لە شێوازە تۆنالیتە ئازادەکەی (ئەلیساندەر سکریابین) و شێوازە تایبەتە کرۆماتیکییەی (ڕیتچارد ڤاگنەر) و (ماکس ڕێگەر) و دوا سیمفۆنییەکانی (گوستاڤ ماهلەر) لە تازەگەری ڕیتمدا دیارترینیانن. (هادی، ٢٠١٤، لا. ٢ -٣-٤).

## ٢ – ١ – ٢ – ٣ جۆرەکانی موزیك

### أ - موزیکی گۆرانی

لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەنگە مرۆییەکان بەرهەم دێت وەك کۆراڵ و ڕاهێنانە دەنگییەکان، بەبێ بەکارهێنانی ئامێری موزیك.

### ب - موزیکی ئامێری

لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییەکان بەرهەم دێت بەبێ دەنگە مرۆییەکان، وەك پارچە موزیکیەکانی ئۆرکێسترا. (ظاهر، ٣١، لا. ٢٠١٣).

### پ- موزیکی تێکەڵ

کاری هاوبەشی دەنگە مرۆیی و ئامێرەکانی موزیکە، وەك لە ئۆپێرا و گۆرانیدا هەیە. (درویش، ٢٠٠٣، لا. ١٨).

## ٢ – ١ – ٢ – ٤ ڕەگەزەکانی موزیك

### أ- ڕیتم (Rhythm)

زۆربەی مێژوونوسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سەرهەڵدانی موزیك لەهەر شوێنێک بێت بە ڕیتم دەستی پێکردووە، بۆیە ڕیتم بە ڕەگەزی سەرەکی موزیك دەناسرێت، ڕیتم پێکهاتووە لە ترپەی ڕێکخراو، کە کاتی دەنگەکانی موزیکی پێدەپێورێت، دەکرێت بڵێین ئەو دەنگە موزیکیانە ڕێک دەخات کە لە ئاوازەکاندا هەن بە شێوازێکی یەکسان لە چوارچێوەی مازورەدا، ڕەنگە ترپەکانی ناو هەر مازورەیەک بە شێوەی یەکسان یان جیاواز دابەش بن، بەمەرجێك ترپەی مازورەکان وەک یەک بن، جیاوازی و هەمەچەشنی ترپەکانی نۆتەکان تام و ڕەنگی تایبەت دەبەخشن لە پێکهێنانی ئاوازادا. (موسی، ٢٠٠٨، لا. ٩).

دەرویش (٢٠٠٣) دەڵێت: " ڕیتم دیاریکەری ژمارەی ترپەکانە کە لەسەرەتای نۆتەی موزیك دادەنرێت" (لا. ١٨)، هەروەها حەمام (٢٠١٠) دەڵێت: "ڕیتم کاتی دەنگەکان لەخۆدەگرێت لەڕووی خێرای دەربڕین و شوێنی گوشارەکان" (لا. ٧)، ئەمەش پێی دەوترێت کێشی موزیك، کە پێکهاتووە لەدوو ژمارە بەشێوەی ستونی لەسەر یەك جێگیرکراون، ژمارەکەی سەرەوەیان گوزارشت دەکات لە ژمارەی یەکەکان و ژمارەکەی خوارەوەش گوزارشتە لە جۆری یەکەکانی (بلانش، نوار، کرۆش و دەبڵ کرۆش تد..) لەسەر ستەیفی موزك دەنوسرێن لەدوای کلیلی موزیك و سەرەتای پارچە موزیکەکە. (الملط، ٢٠٠٩، لا. ٩٠).

### ب - ئاواز (Melody)

ئاواز بریتی یە لە کۆمەڵە دەنگێکی یەك لەدوای یەك، کە ڕێکخستنی دەنگەکان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەی دانەر دەبێت، ڕیزبەندی دەنگەکان و ڕێکخستنیان بە شێوازێکی گونجاو گوێ تێر دەکات لە ئاوازەکە، ئەویش بە پشت بەستن بە پەیوەندی نێوان دەنگەکان لە ڕووی تیژی و توندییەوە، هەروەها جیاوازی نێوان میانەی دەنگەکان و خایاندنی کاتەکانیان، هەموو ئەم جیاوازیانەش تام و ڕەنگی خۆی بە ئاوازەکە دەبەخشێ. (عزف،٢٠٢٠، ئەنتەرنێت).

درویش (٢٠٠٣) دەڵێت: " ئاواز وەك ڕستەیەکی زمانەوانین، کە دەنگەکانی هەڵگری بیرۆکەن و گوزراشت و ئایدیایان تێدایە کە لە پارچە موزیك و ئاوازی گۆرانی ئامێزەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە " (لا. ١٩).

### پ - فرەدەنگی (Polyphony)

بریتی یە لە چەند دەنگێکی جیاواز، کە لە یەك کاتدا دەبیسترێن، گوزارشتن لەو دەنگانەی کە یاوەری دەنگی سەرەکی دەکەن و دەکەونە بەشی سەرەوە یاخود خوارەوەی دەنگەسەرەکییەکە، (درویش، ٢٠٠٣، لا. ١٩). یاخود کۆمەڵە دەنگێکی گونجاون پێکەوە دەبیسترێن کە ئەم فرە دەنگییە بە شێوەیەکی زانستی پێیان دەوترێت (Harmony) وە یان دوو دەنگی بەرامبەر یەکن و پێکەوە ئاواز دروست دەکەن ، پێیان دەوترێت (میانە).

هارمۆنی بریتی یە لە پەیوەندی نێوان دەنگە هاودەمەکان، پێکەوە و لەیەك کاتدا دەبیسترێن، جیاوازی میانەکانی نێوانیان یان گونجاوێکی شیرینە و یاخود نەگوجاوێکی بە ئەنقەستە. (ظاهر ، ٢٠١٣، لا. ٣١).

هارمۆنی داهێنانێکی هاوچەرخە بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزە موزیکییەکانی دیکە، ڕەگەزەکانی وەك ڕیتم و ئاواز بە شێوەی زگماکی لە پەیوەندی سروشتەوە گەیشتوونەتە مرۆڤ، لە ڕووی مێژووییەوە ڕیتم وەک یەکەم ڕەگەزی

موزیك دەناسرێتەوە، دوای ئەویش ئاوازدا دێت، بەڵام هارمۆنی لە پەیوەندی نێوان دەنگەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەیەکێك لە داهێنەرترین بیری مرۆڤ لە موزیکدا دادەنرێت. (عزف،٢٠٢٠، ئەنتەرنێت).

### ت - فۆرم (Form)

ئەو پارچە موزیکانە دەگرێتەوە، کەلەسەر بنەماو ڕێزمانێکی دیاریکراو دەنوسرێن، (فەرەج، ٢٠٠٥، لا.٢٨). فۆرم گشت پارچەکانی نێو موزیکەکە بەیەکەوە دەلکێنێت، بۆ ئەوەی مانا ببەخشێت، سەرەتا و ناوەند و کۆتایی موزیکی دانراو، داڕشتن و نەخشە بۆ دانراوەکە دادەنێت، (ئەلیاس، ٢٠١٦، لا. ١٨).

### ج - دابەشکردنی موزیك (Instrumentation)

زانیاری مۆرکی ئامێرە موزیکییەکان و بەکارهێنانیانە لە پارچەی موزیك، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و تەکنیکی ئامێرەکان لە کاتی بەکارهێنان و بەشداری پێکردنیان بە شێوەی کۆمەڵ بۆ بەدەستهێنانی ستایل و مۆرکێکی نوێی موزیکی. (موسی، ٢٠٠٨، لا. ١٤) .

### چ - دەربڕین (Interpretation)

ئەو ژەنین و گۆرانی گوتنەیە کە دانەری موزیك داوای دەکات بە شێوەیەکی باش کە ئەمەش پێویستی بە لێهاتویی هەیە لە دەربڕین و ئاستی زانیاری لەسەر شێوازەکانی دەربڕین لە ستایلە جۆربەجۆرەکانی موزیکدا. (حمام، ١٩٩٧، لا. ٨).

### ٢ ــ ١ ــ ٢ ــ ٥ تایبەتمەندییەکانی دەنگی موزیك

- **چەمکی دەنگ**

دیاردەیەکە بەهۆی لەرینەوەی (Vibration)ی تەنێك لە هەوادا ڕوودەدات و ڕاستەوخۆ کۆمەڵێ شەپۆلی دەنگ (Sound Wave) بە گشت لایەکدا بڵاو دەکاتەوە، کاتێك بەشێك لەو شەپۆلانە بەر پەردەی گوێ ئەکەون، گوێ ڕەوانەی مێشکیان دەکا، مێشکیش دەیانگۆڕێ بۆ دەنگ و لە ئەنجامدا ئەو دەنگانە هەستی جۆراو جۆر دروست دەکەن. ( لۆڤلەک، ٢٠٠٠، لا. ٢٥٣).

- **تێڕوانینی شارستانییە کۆنەکان بەرامبەر بە دەنگ**

لەدێر زەمانەوە مرۆڤ لەو بڕوایەدابووە، کە دەنگ بوونی هەر هەبووە و هەیە وەك هێزێکی ناو گەردوون و لەسەرەتای دروستبوونی جیهانەوە بوونی هەبووە، تێگەیشتنیان بەو شێوەیە بووە کە هەر لەڕەچەڵەکدا دەنگ لەناو گەردووندا پەیدا بووە، لە زۆربەی ئەفسانە کۆنەکاندا لەسەر دروستبونی جیهان دەنگ جێگایەکی بنچینەیی هەبووە.

میسرییە کۆنەکان لەو باوەڕەدا بوون کە خوداوەند (تۆس) (thoth) جیهانی دروست نەکردووە بە بیرەکانی یان کردارەکانی، بەڵکو تەنیا بە دەنگ دروستی کردووە.

ماریوس شنایدەر (Marius Schneider) لە توژینەوەیەکدا دەیسەلمێنێ بە پێی بیر و باوەڕە فەلسەفییەکانی هیندییەکان و ئێرانی کۆندا، گەردوون لە کەرەستەی دەنگییەوە دروست بووە، بڕوایان وابووە کە جیهان لە دەنگێکەوە دروست بووە و دەبێتە ڕوناکی، لە دوایدا ڕوناکییەکەش دەبێتە مادە.

شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و ئێرانی کۆن ئاشنابوون بە گرنگی موزیك و دەیانزانی کە دەنگ لە لەرە لەرەوە دروست دەبێت، ئەزمونی دیاردەی شەپۆلی لەرەلەرەکان لە لایەن شەمانە کۆنەکانەوە زۆر باش ناسراوبوون و هەروەها تێکەڵکردن لەگەڵ ماتماتیکدا بەکاریان هێناوە بۆ هەموو زانستەکانی تریش، هەروەها تێبینی و توێژینەوەی  وردیان کردووە لەسەر دیاردەی لەرەی کۆردەکانی ئامێری موزیك و بڵاوبوونەوەی شەپۆلی لەرەکانی دەنگێك کە لەڕێگایەوە بەرهەم دێت.

سۆمەرییەکان موزیکیان دەبەستەوە بە ئەستێرە ناسییەوە، بابلی و گریکییەکان پەیوەندی بەینی دەنگ و بۆشایی ئاسمانیان لەڕێگەی تێگەیشتنێکی یاسایی و سیستەمی لەرەی دەنگەکانەوە بەیەکەوە دەبەستەوە، هەروەها پەیوەندی ئەمانەشیان دەبەستەوە بە ژمارە و ئەستێرە ناسییەوە. (یاسین ، ٢٠١٨، لا. ١٥-١٦-١٧).

- **تایبەتمەندی دەنگی موزیك**

هەموو دەنگێك ئەگەر موزیکی و یاخود ناموزیکی بێت لە ئەنجامی لەرین یاخود لەرەلەری جەستەیەکەوە دێتە بەرهەم، ئەو شێوە لەرزینە بە زمانی موزیکی پێی دەوترێت فرکوێنس (Frequency)، ئەگەر فرکوێنسەکە ڕێك پێك بێت ئەوە دەنگی موزیکی ئەنجام دەدات، بەڵام ئەگەر ناڕێك و پێك بێت ئەوە دەنگی نا موزیکمی ئەنجام دەدات و دەبێتە رمبە رمب و هەراو هۆریا. (ئازید، ٢٠١٦، لا. ٢٣-٢٤).

**دەنگە موزیکییەکان لەم ڕووانەوە جیاوازن:**

**أ- خایاندن (Duration):** بریتی یە لە درێژی کاتی دەنگ و بەهۆی ترپەی (Beat)وە دەپێورێ لە هەموو موزیکێکدا، ترپە یان کەرت (Pulse)ی یاسایی و ڕێك و پێك هەیە و کۆی ئەو ترپانە یان کۆی بەشە وردەکانی ئەو ترپانە، درێژی دەنگەکان پێکدەهێنن.

**ب- چین (Pitch):** بریتی یە لە پلەی بەرز و نزمی دەنگ، چین پشت بە لەرەچرکە (Frequency) دەبەستێت، کە لەرە چرکەش بریتی یە لە ژمارەی لەرینەوەی تەنێك لە چرکەیەکدا، هەتا لەرە چرکە زیاتربێت، چینی دەنگ بەرزتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە، بۆ نمونە گەر لەرە چرکەی دەنگێکی دیاریکراو ئەوەندەی خۆی زیادبکەین ئەوا ئۆکتاڤی سەرەوەی دەنگەکەمان بۆ دەردەچێت، بەڵام گەر نیوەی خۆی کەمی بکەینەوە، ئەوا ئۆکتاڤی خوارەوەی دەنگەکەمان بۆ دەردەچێت.

**پ- گوشار (Accent):** بریتی یە لە ڕێژەی پەستان و دڵنیاکردن لەسەر دەنگ، بەهۆی ئەوەوە هەندێك لە دەنگەکان ، لە هەندێکی دیکەیان بەهێزتر و بە گوشارتر دەبن.

**ج- ئاست (Intensity):** بریتی یە لە پلەی توندی و هێمنی دەنگ، ئاستی دەنگ پشت بە ڕووبەرگە (Amplitude) واتە (ڕووبەرە لەرینەوە) دەبەستێ، هەتا ڕوبەرگەی تەن فراوانتربێت، ئاستی دەنگ توندتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە، بۆ نمونە، کاتێك چەلۆ ژەنێك کەوانەکەی بەژێی ئامێرەکەیدا دەهێنێ، گەر کەوانەی بە توندی بەکارهێنا، ئەوا ئاستیی دەنگەکە توند دەردەچێ، وە بەپێچەوانەشەوە، واتە توند بەکارهێنانی کەوانەکە دەبێتە هۆی فراوانکردنی ڕووبەری لەرینەوەی ژێیەکە، بەڵام هێمن بەکارهێنانی دەبێتە هۆی تەسککردنەوەی ڕووبەری لەرینەوەی ژێیەکە. (لۆقلەک، ٢٠٠٠، لا. ١٣ – ٢٥٣ – ٢٥٤).

**چ- ڕەنگ (Timbre):** تیمبر لە موزیکدا واتە فاکتەری جیاکردنەوەی دەنگێك لە دەنگێکی دیکە، هەروەها ڕەنگی دەنگیشی پێ دەڵێن، دەنگی هەر مرۆڤ و ئامێرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەسروشتی دەنگەکانیان لەیەکدی جیاوازە ، بۆ نمونە تیمبری دەنگی ڤیۆلین جیاوازە لە تیمبری دەنگی کلارنێت و تیمبری دەنگی عود جیاوازە لە تیمبری دەنگی سەنتور. (ئازید، ٢٠١٦، لا. ٢٦).

- **چینەکانی دەنگی مرۆڤ**

ئەو دەنگانەن کە لە گۆرانییەکی کۆراڵدا بەپێی چینی دەنگی بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا دابەش دەبن، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی دەنگی نێرینە و مێینە، کە هەریەك لەم چینە دەنگییانەش ناوێکی تایبەت بە خۆی هەیە . (فەرەج ، ٢٠٠٥، لا. ١٢٦):

**١ - چینەکانی دەنگی ئافرەتان:**

أ- سۆپرانۆ (Soprano): بەرزترین چینە دەنگ و دەنگی تیژی ئافرەتە ، چینە دەنگی نمونەیی سۆپرانۆ دەکەوێتە نێوان دەنگی ( C4) واتا (Middle C)دۆی ناوەڕاست بۆ دەنگی ( C6) لە لوتکەدا. (Berton,1960, P. 56).

ب- مێزۆ سۆپرانۆ (Mezzo- Soprano): ئەم چینە دەنگەی ئافرەتان لە سۆپرانۆ گڕتر و لە کۆنترئاڵتۆ تیژترە، چینە دەنگی نمونەیی میزۆ سۆپرانۆ دەکەوێتە نێوان دەنگی (A3) خوار دەنگی (Middle C)دۆی ناوەڕاست بۆ دەنگی (A5). (McKinney, 1994, P. 25).

پ- کۆنترئاڵتۆ (Contralto) : چینی دەنگی گڕی ئافرەتە، چینە دەنگی نمونەیی کونترئاڵتۆ دەکەوێتە نێوان دەنگی( F3) خوار دەنگی (Middle C) بۆ دەنگی ( F5). (McKinney, 1994, P. 25).

**٢- چینەکانی دەنگی پیاوان:**

أ- کوانتەرتینۆر (Countertenor) : چینی دەنگی تیژی پیاوان، چینە دەنگی نمونەیی کوانتێرتینۆر دەکەوێتە نێوان دەنگی( E3) خوار دەنگی (Middle C) بۆ دەنگی ( E5) . (Boldrey, 1994, P. 20).

ب- تینۆر (Tenor): لە چینی دەنگی کوانتێرتینۆر گڕترە، چینە دەنگی نمونەیی تینۆر دەکەوێتە نێوان دەنگی (C3) خوار دەنگی (Middle C) بۆ دەنگی (C5) . (Boldrey, 1994, P. 20).

پ- باریتۆن (Baritone): لە چینە دەنگەکانی تینۆر گڕتر و لە چینە دەنگی باس تیژترە، چینە دەنگی نمونەیی تینۆر دەکەوێتە نێوان دەنگی ( A2) خوار دەنگی (Middle C)  بۆ دەنگی (A4).  (McKinney, 1994, P. 26).

ج- باس (Bass): نزمترین چینی دەنگ و گڕترین چینە دەنگی پیاوانە، چینە دەنگی نمونەیی تینۆر دەکەوێتە نێوان دەنگی( E2) خوار دەنگی (Middle C)  بۆ دەنگی ( E4) . (Boldrey, 1994, P. 21).

## ٢ – ١ – ٢ – ٦ ئامێرەکانی موزیك

## • چەمکی ئامێری موزیك

حلو (١٩٧٢) دەربارەی ئامێری موزیك دەڵێت: "کەرەستەیەکی تایبەتە بە بەرهەمهێنانی دەنگە موزیکییەکان، ئەم کەرەستانە بریتین لە سێ جۆر ئامێر، کە ناونراون بە ئامێرە ژێدارەکان، ئامێرە فودارەکان و ئامێرە ڕیتمییەکان". (لا: ١٦٢).

لەم بارەیەشەوە قدوری (١٩٨٧) دەڵێت: "هۆکارێکی درووستکراوی دەستی مرۆڤە، لە ماددەیەك یاخود زیاتر درووست دەکرێن، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی دەنگ، ئەویش لە ڕێگەی لێدان وەك ئامێرە ڕیتمییەکان، یاخود بە فووتێکردن کە لە  ئامێرە فودارەکان، یان بە جوڵاندن و لێدانی  ژێیەکان کە  لە  ئامێرە ژێدارەکاندا بەدی دەکرێت". (لا. ١٣٨).

## • جۆری ئامێرەکانی  موزیك

ئامێرە موزیکییەکان جیاوازن  لە ڕووی شێوە و قەبارە و شێوازی ژەنین و جۆری ئەو مادەیەی لێی دروستکراون، دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێکدا و ڕێکدەخرێن بە پێی سەردەمی دروستکردنیان (هیلات و خصاونة، ٢٠٠٧، لا. ٢٦٨).

### أ – ئامێرە موزیکییە ڕیتمییەکان:

ئەو ئامێرانەن کە دەنگەکانیان لە ئەنجامی لێدان بەهۆی دەستەکان یاخود ستیەکەکانی تایبەت بە ژەنینی ئامێرە ڕیتمییەکان بەرهەم دێن و بەکاردەهێنرێن بۆ ڕێکخستنی کاتی موزیك، وەك ئامێرەکانی (تەپڵ، دەف، تیمپانی، ترواینگڵ و تامبۆرین،تد..).

### ب -  ئامێرە موزیکییە فودارەکان:

ئەو ئامێرانەن کە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی هەوا بەنێو بۆرییەکی بەتاڵدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو دەنگەکانیان بەرهەم دێن، و دابەش دەبن بەسەر دوو جۆری سەرەکی، (قدوري، ١٩٨٧، لا. ١٦١):

**١ ـ ئامێرە فوودارە تەختەییەکان**

بریتین لەو ئامێرانەی کە لە تەختە درووستکراون، جۆراوجۆرن لە شێوە و قەبارەدا، وەك ئامێرەکانی (فلوت، کلارنێت، ئۆبوا، نەی،تد..).

**٢ ـ ئامێرە فوودارە مسییەکان**

ئەو ئامێرانەن کە لە مس یاخود کانزای دیکە دروست دەکرێن، کە شێوەی قوچەکی یاخود لولەکی لەخۆدەگرن، بەکاردەهێنرێن لە نمایشی سەربازیدا، وەك ئامێرەکانی (ترامپێت، ترمبۆن،تد..).

## پ ـ ئامێرە موزیکییە ژێدارەکان:

ئەو ئامێرانەن کە دەنگەکانیان لە ئەنجامی لەرینەوە ژێیەکانی سەر سندوقەکەی بەرهەم دێن، دابەش دەکرێن بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا بەپێی شێوازی ژەنین، (الحفني، ١٩٨٧ ، لا. ٣٨):

**١ ـ ئامێرە ژێدارە کەوانەییەکان**

ئەو ئامێرانەن کە دەنگەکانیان لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێیەکانی لەڕێگەی بەرکەوتنی کەوانەوە بەرهەم دێن، دواتر لە ڕێگەی سندوقی ئامێرەکەوە دەنگەکەی زیاد دەبێت و تایبەتمەندی ئامێرەکە دەردەکەوێت، وە کەوان ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ژەنینی ئامێرەکانی وەك (ڤایۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ و کۆنتراباس) و چەندین ئامێرەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی.

**٢ ـ ئامێرە ژێدارە پێرکەیشنەکان**

ئەم جۆرێکی دیکەی ئامێرە ژێدارەکانە، کە دەنگەکانیان لەڕێگەی لێدانی پەنجەکان یاخود ڕیشە و میزراب بەرهەم دێن، وەك ئامێرەکانی (عود، سەنتور،قانون، گیتار). (الخليفة، ٢٠١٠، لا. ٥٩٩-٦٠٠).

## ٢ – ١ – ٢ – ٧ سکێڵەکانی موزیك (Music Scale)

بەسادەترین شێوە بریتییە لە زنجیرە نۆتەیەکی یەك لە دوای یەك بە پێی ئەلف و موزیك بەرەو ئاڕاستەی سەرەوە یان خوارەوە ڕێزدەکرێن و لەهەر نۆتەیەکەوە دەست پێ بکەن، بە ئۆکتاڤەکەیان کۆتاییان دێ. (لۆڤلەك،٢٠٠٠، لا. ٨٩). ووشەی سکێڵ لە (سکالە)ی (Scala)ی ئیتاڵیەوە هاتووە، کە مانای پەیژە دەدات، ئینگلیزەکان وشەی سکێڵ (Scale) بەکاردەهێنن کە لە ئیتاڵی و لاتینی وەرگیراون. (ئازید، ٢٠١٦، لا. ٨٤).

**دوو جۆر سکێڵ (پەیژە) هەن:**

**١- پەیژەی ڕێکخراو (Diatonic scale):** میانەی نێوان نۆتەکان، پلەی تەواو و نیو پلەن.

دوو جۆر پەیژەی ڕێکخراویش هەن، بەهۆی جیاوازی شێوەی ڕیزبوونی پلە و نیوپلەکانیانەوە لەیەکدی جیا دەکرێنەوە:

- أ- **پەیژەی گەورە (Major scale)**.
- ب- **پەیژەی بچوك (Minor scale)** : پەیژەی بچوکیش دوو شێوەی هەیە:
  - پەیژەی بچوکی هاڕمۆنی (Harmonic Minor scale): بۆ مەبەستی هاڕمۆنی دانان بەکاردێت .
  - پەیژەی بچوکی میلۆدی (Melodic Minor scale): بۆ مەبەستی ئاوازدانان بەکاردێت.

**٢- پەیژەی کرۆماتیك (Chromatic scale)**: میانەی نێوان نۆتەکان، تەنیا نیو پلەن. (لۆڤلەک ،٢٠٠٠، لا. ٨٩- ١٠٩).

## ٢ – ١ – ٢ – ٨ فۆڕمی موزیك

فۆڕم (بۆتە - قاڵب) ئەو پارچە موزیکانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەما و ڕێزمانێکی دیاریکراو دەنوسیرێن، دەکرێ بڵێین ئەم ڕێزمانە موزیکییە دیاریکراوە وەك زانستێکی ئەندازەکاری و نەخشەکێشی وایە بۆ بنیاتنانی هەریەك لە فۆڕمە موزیکییەکان.

- **جۆرەکانی فۆڕم:**

### أ - فۆڕمی موزیکییە سەماییەکان

لە سەدەی (شازدەیەم)ەوە، بە گشتی شێوە و مۆرکی بەرهەمە موزیکییەکان زیاتر شێوەی لیرکی و سەماییان هەبووە، ئەمیش پەیوەست بووە بە شوێنی نمایشکردنی بەرهەمە موزیکییەکانەوە، کە زیاتر لەنێو کۆشك و تەلارەکاندا نمایشکراوە لەوانەش فۆڕمەکانی (سویت، باڵێ، گاڤۆت، ڤاڵس، تانگۆ، پۆلۆنێز، پۆڵکا، مازورکا، باڵاد، سارا باند).

### ب - فۆڕمی گۆرانی ئامێزەکان

لە ڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتنەوە بەگشتی ئەو فۆڕمانە دەگرێتەوە، کە لە ئاکامی ئاوێتەبوونی دەنگە مرۆییەکان و دەنگە ئنسترومێنتە موزیکییەکان دروست دەبن و بە هونەری (گۆرانی) دەناسرێن، دەکرێت وەك سەرەتایترین فۆڕمی موزیك دابنرێن، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە قوڕگی ئادەمیزاد بە کۆنترین ئنسترومێنتی موزیك دادەنرێت، هەر بۆیە گۆرانیش بە دێرینترین فۆڕمی موزیك دادەنرێت، دەکرێت بە پێی ناوەڕۆك و پێکهاتن و شێوەی کارکردنی موزیکییانەی فۆڕمی گۆرانی ئامێزەکان بەسەر دوو کۆمەڵەی جیاواز دابەش بکرێن:

### ١– فۆڕمی گۆرانی ئاینی

سەرجەم ئەو گۆرانیانە دەگرێتەوە کە لە بابەتێکی ئاینیدا بەرجەستە دەبن، کە لە سەرەتادا لە کڵێسا و شوێنە پیرۆزەکاندا نمایشکراون و دواتر بوونەتە فۆڕمێکی موزیکی سەربەخۆ و جێی گرنگی پێدانی موزیسیانەکانی سەردەمە جیاوازەکان، لەوانەش فۆڕمەکانی (مۆتێت، ماس، سرووده گریگۆرییەکان، ئۆراتریۆ) .

### ٢ – فۆڕمی گۆرانی دنیایی

سەرجەم ئەو فۆڕمانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری بابەتێکی ئاسایی ڕۆژانەن، دوورن لە هەموو تێکست و بابەتێکی ئاینی، لەوانەش فۆڕمەکانی: (گۆرانی میللی، مادریگال، ئاریا، ئایردی کۆر، ئۆپێرا، ئۆپەرێت، کۆراڵ).

### ج – فۆڕمە گۆرانی ئامێز و ئامێرییەکان

بەگشتی ئەو فۆڕمانە دەگرێتەوە، کە ناوەڕۆك و پێکهاتەیەکی گونجاویان بۆ داڕشتنی فۆڕمی موزیکی تایبەت بە ئامێرەکان و لە هەمانکاتیشدا بۆ موزیکە مرۆییەکان هەیە لەوانەش فۆڕمەکانی: (فوگە، مۆنۆفۆنی، هۆمۆفۆنی، پۆلیفۆنی) .

### چ – فۆڕمی موزیکی ئامێری (ئامێریی)

بەگشتی سەرجەم ئەو موزیکانە دەگرێتەوە کە بۆ ئامێرە موزیکییە هەمەجۆرەکان دەنوسرێن، کە پێك هاتووە لە فۆڕمەکانی: ( یەك بەشی، دووبەشی، ڕۆندۆ، ڤارەیشن (گۆڕانکاری)، سێ بەشی، مەنەوێت، فۆڕمە سەربەستەکان) کە بۆتە سەربەستەکانیش پێك هاتووە لە: (پرلیود، هۆنراوەی سیمفۆنی، ئۆڤەرتیور، چەمبەر موزیك، مارش، سۆناتا، سۆناتینا، کە سۆناتیناش جۆرێکە لە سۆناتا بەڵام لە ناوەڕۆکدا بچوکترە و کە چەند بەش و جوڵەیەکی کورتی هەیە.

### ح – فۆڕمی موزیکە ئامێرییە پوختەکان

سەرجەم ئەو فۆڕمە موزیکییە فراوانانە دەگرێتەوە، کە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری پێکهاتەیەکی داڕشتنی موزیکی پوخت و چڕن، لەوانەش فۆڕمەکانی: (کۆنسەرتۆ، کۆنسەرتینۆ کە بە کۆنسەرتۆی بچووك ناسراوە، کۆنسەرتۆ گرۆسۆ، کە فراوانترین جۆری فۆڕمی کۆنسەرتۆیە ، سیمفۆنیا). (فەرەج ، ٢٠٠٥، لا. ٨ – ٩ – ١٠).

## ٢ – ١ – ٢ – ٩ چێژی موزیك

سامی (١٩٨٦) دەڵێت: " چێژی موزیك لە ئاوێتەبوونی گوێگر بە بەها ئێستەتیکییەکانی موزیك بەدی دێت لەکاتی گوێگرتن لە ئاواز، پارچەی موزیك، دەنگی ئامێرەکانی موزیك و دەنگە مرۆییەکان ". (لا. ١١٦).

هەروەها ئیبراهیم (١٩٨٧) لەم بارەیەوە دەڵێت: " چێژ جۆرێکە لە هەستکردن بە بەهای ئێستەتیکی موزیك و تێگەیشتن لە دەربڕین و ناوەڕۆکەکەی، ئەم توانایە بەدی نایەت گەر کەسی گوێگر پێشینەیەکی باشی نەبێت لە هوشیاری و تێگەیشتن و مەعریفە لە بوارەکەدا، کە بەمەش جۆرێك لە چێژ دروست دەکات کە پەیوەست بێت بە لایەنی سۆزداری تاك و جوڵاندنی ناخ لە پێکهاتەی هەستی و نەستی و ئاوێتەبوون بە ئەزموونەکانی ڕابردوو لەگەڵ بەریەککەوتنیان بە موزیك ". (لا. ٨٧).

له لایەکی دیکەشەوە پێناسەیەکی دیکە هەیە کە دەڵێت: چێژی موزیك بریتی یە لە هەستکردن بە بەهای ئێستەتیکی موزیك و هەستکردن بە بەهای ئێستەتیکی لە گوێگرتن و مەعریفەوە سەرچاوە دەگرن، هەروەها گوێگرتن لە موزیك پەیوەندی بەلایەنی سۆزداری گوێگرەوە هەیە، بەڵام لایەنی زانیاری پەیوەستە ڕەگەزە پێکهێنەرەکان لە چوارچێوەی کاری موزیکیدا. (صبري ومختار ، ١٩٨٨، لا. ١٤٩).

- ## جۆرەکانی چێژی موزیك

**أ – چێژی گشتی:** هەستێکی ڕۆحییە کە گوێگر بەرەو حەڵەتێکی دڵخۆشکەر یاخوود دڵتەنگی دەبات لەکاتی گوێگرتن لە کارێکی موزیکی، گوێگر دەتوانێت هەندێك لایەنی گشتی و تایبەتی ئەم کارە موزیکییە دیاریبکات.

**ب - چێژی تایبەت:** گوێگر دەتوانێت هەندێك تایبەتمەندی کاری موزیکی بە شێوەیەکی ئازادانە دیاریبکات. (ظاهر، ٢٠١٣، لا. ٥٨).

**پ - چێژی ڕاهێنراو:** دۆزینەوەی ئاشنایەتیە لەنێوان گوێ و هزر و ویژدانی گوێگردا بۆ تێگەیشتن لە کاری موزیکی. (عباس، ١٩٨٢، لا. ١٢).

- ## گوێگرتن و چێژوەرگرتن لە موزیك:

خەلیل (٢٠٠٠) دەڵێت: "چێژی موزیک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی کەلتوری موزیکی لای تاك، ئەم کلتورە یەکێکە لەو ئامانجە بنەڕەتییانەی کە پەرە بە نەتەوە دەدات، چونکە موزیك لە واقیعی کۆمەڵایەتیەوە سەر هەڵدەدات و گوزارشت لە هەست و ئاوات و ئازارەکانی دەکات، هەروەها گوێگرتن بریتی یە لە چالاکی هزری کە واتای بیستنی ئامانج و مانای موزیك دەگەیەنێت لە لایەنە جیاوازەکانی موزیکەوە، بەڵام دەکرێت چێژ بەواتای پێدانی بەها بە کارە موزیکییەکان پێناسەبکرێت و پێزانین و چێژ لەو کارانە هەستکردنە بە بەهای ئێستەتیکی موزیك" . (لا. ٢٠٥).

طلب (٢٠١٠) دەربارەی چێژبینین لە گوێگرتنی موزیك دەڵێ: " ئەمە چێژە لە ڕێگەی جوانی هونەرەوە، واتا چێژوەرگرتن لە ڕێگەی تێگەیشتن لە هونەری دانەری موزیك و وەڵامی هەستەوەری مرۆڤە بۆ ڕەگەزە موزیکییەکانی وەک ئاواز و هارمۆنی و ڕیتم و فۆڕم ، بۆیە دەتوانین پرۆسەی چێژی جوانیناسی موزیك پوخت بکەینەوە وەک ئەزموونێکی چێژبەخش کە هەمیشە گرنگییەکەی نوێ دەکرێتەوە کە تێگەشتنی هزری و وەڵامی سۆزداری لەخۆ دەگرێت، ئەمەیە گرنگی چێژی موزیک" . (لا. ٥٥).

## ٢ ـ ١ ـ ٢ ـ ١٠ کورتەیەك لە مێژووی سەرهەڵدانی موزیکی کوردی

سەبارەت بە مێژووی گۆرانی و موزیکی کوردی باقی دەڵێت : تەمەنی گۆرانی کوردی، وەك تەمەنی گۆرانی هەر گەلێکی تری سەر ڕووی ئەم دنیایە، لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی کورد- دایە، بۆیە دەستنیشانکردنی ساڵێکی دیاریکراو، یان سەردەمێکی دیاریکراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لە دایك بوونی گۆرانی کوردی ئێجگار ئەستەم و سەختە. (باقی، ٢٠٠٢، لا. ٤٣).

لەم بارەیشەوە پیربال، (٢٠١٠) دەڵێت: "موزیکی کوردی  لە کوردستاندا بە گشتی لە دین و هەستی مەزهەبییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەڕێگەی کتێبی پیرۆزی (ئاڤێستا)وە کە هاوزمانی ئیمپراتۆریەتی میدیا (٦٢٥-٥٥٠ پ . ز) لە هەمەدانەوە بگرە تا دەگاتە ئەولای دیاربەکر بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە، دینی زەردەشت بەیەکێك لە یەکەمین سەرچاوەکانی گۆرانی و موزیك دەژمێردرێت لە کوردستاندا، لە ڕێگەی ووتنی یەسنا و گاتاکانی ئاڤێستا بە شێوە سروودی لە کاتی زیکر و نوێژدا، کە زۆربەی مێژوونووسان پێیان وایە سیاچەمانە و هۆرەی هەورامانن، هەروەها سروودی یارسانی ئەهلی حەق، بەهەمان شێوەی موزیك و گۆرانی یەزیدییەکانیش لە کاتی زیکر و کۆڕەکانیاندا، لە موزیکی زەردەشتی و دینی زەردەشتەوە هاتوون، وەهەروەها دەڵێت: نیشانەیەکی دیکەی ئەوەی کە موزیك و گۆرانی لە زەمانی زەردەشت تا دەگاتە زەمانی ئەهلی حەق و یەزیدییەکانیش لە مەزهەب و هەستی دینییەوە سەرچاوەیان گرتووە ئەوەیە کە دەبینین موزیك و گۆرانی (لە گەلێك شوێن و حاڵەتتدا) بە شێوەی کۆمەڵ گوتراون و ژەندراون ". (لا. ١١).

هەروەها ڕەووف  (٢٠٠٩) دەڵێت: " واژەی گاتا لە ناوەڕۆکدا بە مانای ڕاز و سکاڵا و بانگەوازی سوپاس و ستایشی بە ئاوازەوەی مرۆڤە بۆ (ئاهورا مەزدا)، کە زەرتووشت ئەم بانگەوازە (گازە)ی خۆی خۆی بە ئامێری (تەمورە - تەمیرە) وتووە، بەم سرووتگەلەشیان وتووە (گاتا)، جگە لەوەی  کە لە بەڵگە و پاشماوەی کۆنینەی مێژوودا هاتووە، موغەکانی زەرتوشت ئەم سرووتانەیان لە ئاتەشگەکاندا بە ئامێری موزیکەوە خوێندۆتەوە، بۆیەش پێیان ووتراوە سرووت تا پلەیەکی بەرزتری لە گۆرانی ناو خەڵکی پێ بدەن ". (لا. ٣١).

پیرۆزبوونی موزیك لای زەردەشتییەکان بەبەڵگەی تریش دەتواندرێت بسەلمێنرێت کە بەهەشت (بیری چوون بۆ بەهەشت) پێچەوانەی دینی ئیسلام کە تێیدا بەهەشت بریتی یە لە (حۆری و شەراب و هەنگوین)، لە دینی زەردەشدا بریتی یە لە موزیك. (پیربال، ٢٠١٠، لا. ١٣).

پرۆفیسۆری ئەڵمانی (کیرتیساگ) کە پەڕتوکەکەی بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراوە و لە زانکۆکاندا دەخوێندرێت دەڵێت: ڕەچەڵەکی ئامێری کەمان دەگەڕێتەوە بۆ کورد و شوێنی سەرهەڵدانی کەمانچە باکوری خۆرئاوای ئێرانە و کورد ئەم ئامێرەی دروست کردووە. (ڕەووف ،٢٠٠٩، لا. ٣٤).

پیربال بە ئاماژەدان بە چەندین سەرچاوە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئامێرەکانی (تەمبور ، بوزوك ، سوڕنا) ئامێرێکن تایبەت بەکورد ، کوردیش خۆی دروستی کردووە.(پیربالَ ، ٢٠١٠، لا. ٢٢).

## ٢ ـ ١ ـ ٢ ـ ١١ سکێڵی مەقامەکان لە موزیکی کوردیدا

موزیکی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەمەندە بە مەقامەکان، بەڵام لە موزیکی ڕۆژئاوایدا کورت کراوەتەوە بۆ دوو سکێڵی سەرەکی کە بریتین لە پەیژەکانی (مێجەر – ماینەر)، بەڵام  مەقامەکان دەیان جۆریان هەیە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە. (مصطفی، ٢٠١٤، لا. ٢٨).

مەقام لە دوو چوارینەی موزیك پێك دێت و میانە دەنگییەك پێك دێت، ئەو میانە دەنگییە لە سەرەتا یان ناوەند یان کۆتایی ئەو دوو چوارینەیە دایە، چوارینەی یەکەم پێی دەوترێت ڕەگەز، چوارینەی دووەمیش پێی دەوترێت لق. (ڕەووف ،٢٠٠٩، لا. ٦١).

- **پۆلێکردنی سکێڵی مەقامەکان  لە موزیکی کوردیدا**

أ- سەبارەت بە پۆلێنکردنی سکێڵی مەقامەکان ، ڕەووف (٢٠٠٩) دەڵێت : " (سکێڵەکانی موزیکی کوردی پێك دێن لە دوو سکێڵی گەورەی موزیك و سکێڵە نەوەکانیان، کە بریتین لە:

أ- سکێڵی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگی (عەجەم): لەگەڵ سکێڵە نەوەکانی (ئەو سکێڵانەی کە لەسەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی بنیات ئەنرێن.

ب   سکێڵی گەورەی خاوەن سێ چارەکە دەنگی (ڕاست): لەگەڵ سکێڵە نەوەکانی (ئەو سکێڵانەی کە لەسەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی بنیات ئەنرێت ". (لا. ٦٣).

بە هێڵکاری ژمارە (٢ – ٢)  سکێڵەکانی موزیکی کوردی بێ پەیژە لاوەکییەکانی سەر پلە دەنگییەکانی هەردوو سکێڵی( عەجەم و ڕاست ) ڕونکراوەتەوە: ( ڕەووف ،٢٠٠٩، لا. ٩٥ ).




**هێڵکاری ژمارە (٢ - ١٠)**

**پۆلێنکردنی سکێڵەکانی موزیکی کوردی لای (ڕەووف)**

ب- مصطفى (٢٠١٤) سەبارەت بە پۆلێنکردنی سکێڵی مەقامەکان لە موزیکی کوردیدا دەڵێت: "موزیکەکەمان، موزیکی ڕۆژهەڵاتی و مەقامەکان هەر بە شێوازە کۆنەکە پەیڕەو دەکرێت، بەتایبەتی هەمەڕەنگی لە ناوهێنانی مەقامەکاندا بە زمانەکانی فارسی و تورکی عەرەبی کە خۆیان خزاندۆتە نێو موزیکی کوردییەوە، ئەمەش جەنجاڵی و ئاستەنگی بۆ خوێندکار دروست کردووە لە فێربوونی مەقامەکان، بۆ ئاسانکاری فێربوون،

مەقامەکان دەکەین بە نۆ (٩) کۆمەڵی سەرەکی، کە هەر کۆمەڵێکیش بەناوی ڕەگەزی یەکەم کە (ڕەگەزی سەرەکی)ە ناو دەبەین" (مصطفی، ٢٠١٤، لا. ٥٩)، جێیٚ ئاماژەیە مصطفی شێوازێکی نوێی پەیڕەو کردووە لە ناوهێنانی مەقامەکاندا، کە پەیڕەی هەر مەقامێك بە ناوی ڕەگەزی یەکەم و دووەمی مەقامەکە دەناسێنێت کە لە خشتەی ژمارە (٢ - ٢) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (٢ - ٢)**

**پۆلێنکردنی سکێڵی مەقامی ڕۆژهەڵاتی لای (مصطفی)**

| | |
|---|---|
| **گروپی مەقامەکانی عجەم** | |
| **ناوی کۆنی مەقام** | **ناوی نوێی مەقام** |
| مەقامی عەجەم | مەقامی عەجەم عەجەم |
| مەقامی تبریز | مەقامی عەجەم ڕاست |
| مەقامی شوق افزا | مەقامی عەجەم حیجاز |
| **گروپی مەقامەکانی نهاوەند** | |
| مەقامی نەهاوەندی گەورە | مەقامی نەهاوەند نەهاوەند |
| مەقامی نهاوەند | مەقامی نهاوەند حیجاز |
| مەقامی دڵدار | مەقامی نەهاوەند عەجەم |
| مەقامی نەهاوەند کورد | مەقامی نەهاوەند کورد |
| مەقامی نهاوەند مرصع | مەقامی نەهاوەند شوری |
| مەقامی عشاق مصری | مەقامی نەهاوەند بەیات |
| مەقامی الطرز الجدید | مەقامی نەهاوەند عەجەم |
| **گروپی مەقامەکانی کورد** | |
| مەقامی کورد | مەقامی کورد کورد |
| مەقامی محیر کرد | مەقامی کورد بەیات |
| مەقامی شەهناز کوردی | مەقامی کورد حیجاز |
| مەقامی لامی | مەقامی کورد عەجەمی فرە |
| مەقامی طرزنوین | مەقامی کورد شوری |
| **گروپی مەقامەکانی حیجاز** | |
| مەقامی شەهناز یاخود حیجاز کار | مەقامی حیجاز حیجاز |
| مەقامی حیجاز | مەقامی حیجاز کورد |
| مەقامی حیجاز | مەقامی حیجاز بەیات |
| مەقامی الزنجلان | مەقامی حیجاز نهاوەند |
| مەقامی زینکولاە | مەقامی حجاز راست |
| مەقامی حجاز همایون | مەقامی حجاز عجم |

| گروپی مەقامەکانی ڕاست | |
|---|---|
| **ناوی کۆن** | **ناوی نوێی مەقام** |
| مەقامی ڕاست | مەقامی ڕاست ڕاست |
| مەقامی ماهور | مەقامی ڕاست عەجەم |
| مەقامی سۆزناك | مەقامی ڕاست حیجاز |
| مەقامی سۆزدڵ | مەقامی ڕاست نهاوەند |
| مەقامی ئەسفەهان | مەقامی ڕاست کورد |
| مەقامی نیشابورك | مەقامی ڕاست بەیات |
| **گروپی مەقامەکانی بەیات** | |
| مەقامی حسێنی | مەقامی بەیات بەیات |
| مەقامی بەیات | مەقامی بەیات کورد |
| مەقامی دووبەیات | مەقامی بەیات سێگا |
| مەقامی قارجغار | مەقامی بەیات شوری |
| مەقامی محیر یان طاهر | مەقامی بەیات نهاوەند |
| **گروپی مەقامەکانی سەبا** | |
| مەقامی سەبا | مەقامی سەبا کورد |
| مەقامی سەبا حیجاز | مەقامی سەبا حیجاز |
| **گروپی مەقامەکانی نەوا ئەسەر** | |
| مەقامی نەوا ئەسەر | مەقامی نەوا ئەسەر حیجاز |
| مەقامی نەگریز | مەقامی نەوا ئەسەر نهاوەند |
| مەقامی بەسندیدە | مەقامی نەوا ئەسەر ڕاست |
| **گروپی مەقامەکانی سێگا** | |
| مەقامی سێگا یاخود سێگا تورکی | مەقامی سێگا ڕاست |
| مەقامی هوزام | مەقامی سێگا حیجاز |
| مەقامی عراق | مەقامی سێگا بەیات |
| مەقامی ئەوشار یان افشار | مەقامی سێگا نهاوەند |
| بستنکار | مەقامی سێگا صەبا |

## ٢ ـ ١ ـ ٢ ـ ١٢ فۆڕمەکانی موزیکی کوردی

لەناو موزیکی کوردیدا چەند فۆڕمێکی دەنگی هەن کە تایبەتن بە کورد و دەوترێن بە پێی شێواز و کاراکتەرەکەیان لەناو چوارچێوەی ڕەگەز و مەقامە جیاوازەکاندا، ئەم فۆڕمە دەنگییانە مێژوویەکی گەلێك کۆنیان هەیە، هەندێك جار بە تەنیا دەوترێن، یاخود بە هاوکاری ئامێری موزیکی، ئەمڕۆ هەموو فۆڕمە دەنگەکان دنیاین، هەریەك لەم فۆڕمە دەنگییانەش بەربڵاون و بەکاردەهێنرێن لە ناوچەیەکی جیاوازەکانی کوردستاندا، هەریەکەشیان قاڵبی خۆی وەرگرتووە بەپێی کەش و هەوای ناوچەکە و جۆری ژیان و دیالێکت و مێژووی بەستنەوەی بە نەریت و شارستانیەتە کۆنەکانی ڕابردوو و گەلێك فاکتەری ترەوە، ئەو فۆڕمە دەنگییانە لەلای هیچ میللەتێکی تری ناوچەکە

بوونی نییە و تایبەتن بە کورد، لەناو کوردیشدا هەریەکەیان تایبەتن بە ناوچە دیالێکتییەکەی خۆیان و هەر یەکەیان بەو دیالێکتە دەوترێت کە لێیَ بڵاوە.

هەر ناوچەیەك لە کوردستان شێوازێکی دەنگی و فۆڕمی تایبەت بە خۆی هەیە کە پۆلێنی دەکەین بەسەر ناوچەکاندا:

أ- ناوچەکانی کرمانجی باکوور، بریتین لە فۆڕمەکانی (لاوك، لاوژە، پاهیزۆك، حەیرانۆك و لۆرك).
ب- ناوچەکانی کرمانجی باشوور، بریتین لە فۆڕمەکانی (بەیت، گەلۆ، حەیران، هۆرە، سیاوچەمانە، لای لایە، مور، لاواندنەوە و ئای ئای). (یاسین، ٢٠١٨، لا. ١١٤-١١٥-١١٦).

## ٢ – ١ – ٢ – ١٣ گۆرانی

چڕینی موزیکێکی ڕوونە، بەهۆی دەنگی مرۆیی، یان ووتنی وشە و دەنگە بەشێوەی ئاواز لە دەنگی مرۆیدا (مەنصور ، ٢٠١٦، لا. ١٢).

گۆرانی زۆربەی میللەتان سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ فۆلکلۆر، کە لە کاتی کارکردن، یا خوا پەرستی و توانەوە لەناو ئایینە جیاوازەکاندا گۆرانی وسروودیان چڕیوە، هونەری گۆرانی چڕین لە مێژووی دێرین و نوێدا، هونەرێك بووە بۆ دەوڵەمەندکردن و ناسنامەی نەتەوەکان و گرێدانی کەلتورە جیاوازەکان و بەستنەوەی بە گەلانی دیکەی دونیا، هەر لە ڕێگای ئەم هونەرەوە زۆر لە دەنگخۆشان، موزیکزانان لە مێژووی مرۆڤایەتی بوونە خاوەنی پێگە و تێڕوانین لەسەر بەرهەمەکانیان. (شەریف، ٢٠١١، لا. ٢١).

- **جۆرەکانی گۆرانی**

### أ- گۆرانی فۆلکلۆری – "Folk Song"

بەمجۆرە گۆرانیە دەڵێن " گۆرانی فۆلکلۆری ڕاستەقینە – "Folk Song Real" ئەم گۆرانیە لەنێو لادێی و جووتیاران و ناوچە گوندنشینەکانی دوورە دەستی شار لە دایك دەبن و پێدەگەن، بەپێی پێناسەی گەورە موزیسیانی هەنگاری (بیلا بارتۆك) گۆرانی فۆلکلۆری بریتییە لەو: (گۆرانیەی کە لە نێو کۆمەڵێکی زۆری خەڵکدا بوونی هەیە و بۆ ماوەیەکی زۆروزەوندیش لە نیوانیاندا دەمێنێتەوە). (عەلی، ٢٠١٠، لا. ١٣).

### ب - گۆرانی میللی بەربڵاو –"Popular Song"

دەکرێ و دەشێ ئەم جۆرە گۆرانییە ناونێین گۆرانی فۆلکلۆری دانراو، چونکە ئەم گۆرانییە لەسەر شێوەو شێوازو ستایلی گۆرانی فۆلکلۆری ڕاستەقینە دادەنرێ، بەڵام دانەری ئەو گۆرانیانە پتر لە شارەکاندا ژیان دەگوزەرێنن و لێرەدا زیاتر کاریگەری دەوروبەریان لە تێگەیشتن و چەمکی هونەری گۆرانی فۆلکلۆری دیاری

کراویان لەسەرەو میلۆدییەکانیان ئەوانەی کە دادەنرێن و دەژێنرێن و بەبێ ئەوەی بە نۆتە نووسرابنەوە ئەدا دەکرێن و لێرەدا لە توانستی ئەو ئاواز و دانەرانە نییە کە ئاوازەکانیان بە نۆتە بنووسنەوە. (عەلی ، ٢٠١٠، لا.١٤).

زامدار (١٩٨٠) سەبارەت بەم جۆرەی گۆرانی دەڵێت: "ئەم جۆرە گۆرانییە لەژێر کاریگەری فۆلکلۆری خۆمانە و گۆرانی بێگانەدایە ، ئاوازەکانیشی سەربازی تەختی (ڕۆژهەڵاتی) و فۆلکلۆری هەندێ ئامرازی ئەوروپایی وەکو (کلارنێت، ئۆکۆردیۆن، ساکسیفۆن، تد..) لەگەڵدایە و سووکە جیاوازییەکی لەگەڵ گۆرانی چینی پەرەسەندووی بۆرژوازدایە". (لا.٥٩).

## پ- گۆرانی دانراو ـــ"Composed Song"

سەرچاوەی لە دایکبوونی ئەم جۆرە گۆرانییە شارسیتانیەتی شارە، مەرجی سەرەکی لەو بابەتە هونەرییە ئەوەیە کە دانەری دەق و ئاوازدانەرەکەی دیارن و بە شێوەیەکی زانستیش دەخرێنە سەر لاپەڕەی نۆتە و دەنووسرێنەوە. (عەلی، ٢٠١٠، لا. ١٧)، بەڵام ئەم جۆرەی گۆرانی وەك گۆرانی فۆلکلۆری نی یە و تەمەنی کورتە و زوو ئەبڕێتەوە، یان دەبێت بە گۆرانییەکی فۆلکلۆری مت بوو. (زامدار، ١٩٨٠، لا. ٥٩).

- ## گۆرانی کوردی

گۆرانی بەپێی ناوەڕۆکەکانیان دابەش دەبێت بەسەر چەند لقێکدا، کە (عوسمان شارباژێڕی) بەم جۆرە دابەشیان دەکات: (گۆرانی کار، گۆرانی شوان، گۆرانی جوتیار، گۆرانی ئاهەنگ، گۆرانی بێری، گۆرانی سووك، گۆرانی هێمن و خاو، گۆرانی دامرکاندنەوە، گۆرانی لایلایە، گۆرانی منداڵانە، گۆرانی دڵداری، گۆرانی نیشتمانی، گۆرانی گاڵتە و گەپ)، هەروەها سەیدا حاجی جندیانی گۆرانی دەکات بە سێ بەش: (گۆرانی کار، گۆرانی ئەڤین و دڵداری، گۆرانی سروشت). (زامدار، ١٩٨٠، لا. ٥٩).

لقەکانی گۆرانی لە لایەن شەریف، دابەشکراون بۆ ئەم لقە سەرەکییانە، کە پێك دێن لە: (گۆرانی کارکردن، گۆرانی شوان، گۆرانی جوتیار، گۆرانی ئاینی، گۆرانی ئاهەنگ، گۆرانی چەمەری، گۆرانی ژنانە، گۆرانی منداڵان، گۆرانی دڵداریی، گۆرانی جەنگ و جوامێری، گۆرانی نیشتمانی). (شەریف ، ٢٠١١، لا. ٢٢ ـــ ٢٣).

### ٢ ـــ ١ ـــ ٢ ـــ ١٤ سروود

پارچە هۆنراوەیەکی داهێنەرانەی هونەرییە پشت بە ئاواز و ترپە دەبەستێت بە شێوەیەکی ئاسان بە تاك و بە کۆمەڵیش دەوترێت. (مەنصور ، ٢٠١٦، لا. ١٢).

سروود، کە پێکهاتووە لە شیعرێکی بە ئاواز ووتراو لە کات و سەردەی جیاجیادا لە گەرمەی شۆڕش و ڕاپەڕین دژی داگیرکەران و کاتی دیکە بۆتە سەرزاری شۆڕشگێڕان و تێشووی ڕێی خەبات، لەو ساتانەی بەزەبری خوێن ئاڵای زۆرداری دادەگرن و سیمای دیکتاتۆرەکان لە گۆڕ دەنێن، هەموو گەل و نەتەوەیەك سروودی تایبەتی خۆی هەیە، کە

ئاوێتەی خوێنیان بووە، بەبیستنی لە کاتی ئاهەنگ و بۆنە نیشتمانییەکان یان لەکاتی بەرەنگاری دوژمنان هەست و سۆزیان بە جۆرێك جۆش دەدا، کە لە پێناوی سەرفرازی نیشتمان باکیان بە مردن نەبێت. (شەریف، ٢٠١١، لا.١٣).

- **جۆرەکانی سروودی کوردی**

شەریف سروود دەکات بە دووی جۆری سەرەکییەوە کە بریتین لە: (سرووودی بەرەنگاری و سرووودی نیشتمانی)، سەبارەت بە جۆری ئەو سروودانەی کە شاعیرانی کورد شیعریان بۆ نوسیوە جۆرەکانیان دەخاتە ڕوو کە بریتین لە: (سرووودی منداڵان، سرووودی ئاینی، سرووودی نەتەوەیی، سرووودی نیشتمانی، سرووودی سیاسی). (شەریف، ٢٠١١، لا. ١٧ ــ ١٨ ــ ٨١ ــ ٨٤ - ٨٥).

## ٢ ــ ١ ــ ٣ پەروەردەی موزیك

- **چەمکی پەروەردەی موزیك و گرنگیەکەی**

پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی واتە ئامادەکردنی تاکەکان بەشێوەیەکی باش بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی شارستانی بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو بەجۆرێ هەموو لایەنە جەستەیی و دەرونی و هزری و کۆمەڵایەتیەکانی کەسایەتیەکان لەخۆبگرێت . (صادق و أمین، ١٩٨٥، لا. ١٤).

کە باس دێتە سەر پەروەردەی موزیك، وەك یەکێك لە بوارەکانی پەروەردە بەندە بە فێرکردن و فێربوونی میوزیك، ئەم بوارە تەنیا لە خوێندنی ئاواز و ڕیتمەکان خۆی نابینێتەوە، بەڵکو پەلدەکێشێ بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و بەر بواری ویژدانی دەکەوێت بە هەموو چێژ و هەستی موزیکییەوە، هەروەها یارمەتی گەشەسەندنی کارامەییە جوڵەییەکان دەدات بۆ ئەوانەی کە هەڵدەستن بە ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان. هەروەها بەندە بە فراوانکردنی گەشەی مەعریفیەوە لە میانەی ناسینی هێما موزیکییەکانەوە و لێکدانەوەیان و نوسینەوەیان. پەروەردەی موزیك بە یەکێك لە پێداویستیە گرنگەکان هەژمار دەکرێت لە پڕۆگرامەکانی خوێندنی خوێندنگا بنەڕەتیەکان و قۆناغەکانی دیکەی خوێندن. (عدوی، ٢٠٠٩، لا. ٤٩٤).

ڕاوبۆچوونی پەروەردکاران و گرنگپێدەرانی پەروەردە و فێرکردن کۆکن لەسەر ئەوەی کە بابەتی پەروەردەی موزیك بابەتێکی بنەڕەتیە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك کە گشتگیر و هەمەجۆرە و بوار دەڕەخسێنێ بۆ خوێندکاران گەر بابەتە زانستییەکە بە ڕێگەیەکی سەرنجڕاکێش و بەچێژ پێشکەش بکرێت. (درویش، ٢٠٠٣، لا. ٥).

هەروەها پەروەردەی موزیك بەپێی سروشتە فرەڕەهەندیە هزری، هەستی، کۆمەڵایەتی و گیانیەکەیەوە ئەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە پرۆسەی پەروەردەدا و بەشداربێت لە گەشەپێدانی خوێندکاران کە ژیانێکی باشتر و هۆشێکی فراوانتر بۆ خۆیان و جیهانی دەوروبەریان بەدیبهێنێت. (ترجمان، ٢٠٠٤، لا. ٩).

چونکە موزیك یارمەتی گەشەی تەواوی کەسێتی خوێندکار دەدات و خەیاڵی دەوروژێنێت و گەشە بە لایەنی ویژانیی دەدات، کۆنترۆڵی هەستی دەکات لە بەکارهێنانی دەربڕینیدا، هەروەها گرنگیەکی گەورە و

پێداویستیەکی گرنگی خوێندکارانە، یارمەتیی دەدات گەشەی تەواوی دەدات لەڕووی جەستە و دەرون و ڕەوشت و کۆمەڵایەتیەوە، ئەمەش لەڕێگەی ئاوێتەبوونی بە موزیك لەگەڵ هاوڕێیانی جۆرێك لە شارەزایی و کارامەیی دەست دەکەوێت و ڕەفتاری ڕاست دەکاتەوە و لەڕێگەی موزیکەوە تێکەڵ بە کۆمەڵگا دەبێت و کاریگەر دەبێت بە شارەزایی و مۆرکە جۆراو جۆرەکان. (عبدالکریم، ١٩٨٩، لا. ١٦).

چالاکیەکانی پەروەردەی موزیك بە گرنگترین هۆکاری کاریگەری پەروەردەیی نوێ هەژمار دەکرێت لەبەر ئەو بایەخە تایبەتەی کە لە ژیانی خوێندکاردا هەیەتی، چونکە یەکێکە لە ئامرازە سەرکەوتووەکانی ناو پێکهاتەی گیانی و هزری و جەستەیی خوێندکار، ڕۆڵێکی گرنگ ئەگێڕێ لە بنیادنانی کەسایەتیەکەی هەرلە منداڵیەوە. (المصری، ٢٠٠٤، لا. ٢).

فێربوونی موزیك گەشتێکی ڕۆحییە لەڕێگەی چالاکیەکانی گوێگرتن و گۆرانی وتن و ژەنین و موزیك دانان، گوزەرانکردن لەگەڵ موزیك مەرجێکی سەرەکیە بۆ گەشەکردنی بیرکردنەوە و مەعریفە و کارامەییە موزیکییەکان و زانیارییە تیۆریەکانی موزیك، فێربوونی موزیك ڕەگەزێکی تەواوکەر و یاریدەدەرە لە پرۆسەی گەشەی لێهاتوویی لە بواری موزیکدا، بەمەش پەروەردەی موزیك گرنگیەکی تایبەت بەدەست دێنێ لەڕووی تواناکەیەوە بۆ بەشداریکردن لە ڕاکێشانی پرد لەنێوان شارستانیەکاندا، بەهاکانی گوزەرانکردن لەگەڵ موزیکدا گەشەکردنی خۆیی و مەعریفە و ڕێزگرتن خود و کەسانی تر بەدەست دەهێنێت جگە لە دەستکەوتە داهێنانیەکان و سۆزی مرۆیی و ڕۆشنبیری و چێژوەرگرتن، کە ئەمانە هەمووی ئامانجی بەهاداری ژیانی بنەڕەتی پێکدێنن کە هەموو ڕۆشنبیریە مرۆییەکان تیایدا بەشدارن. (ترجمان، ٢٠٠٤، لا. ١٠).

## ٢ ـ ١ ـ ٣ـ ١ کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی پەروەردەی موزیك:

موزیك لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە پەیدابووە بەڵام لە قۆناغە سەرەتاییەکانیەوە هونەر نەبوو بەو واتایەی ئێستامان، هونەری سەرەتایی کۆنترین هونەرە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش مێژوو، دەربڕی واقعی هەستی بەرجەستەیی بوون بەبێ ڕیزبەند یان پێکبەندی، هەروەها ئامانجی خودی بەهای جوانی نەبوو بەڵکو هۆیەك بوو بۆ دەربڕین، ڕەنگە بە یەکێك لە ڕێوڕەسمە جادوییەکان هەژمار بکرێت. (عبدالمعطي، ٢٠٠٩، لا. ٢).

مرۆڤی کۆن سەرەتایی و سادە بوو، موزیك لای ئەو بەشێك بوو لە پەرستش و بۆنەی ئاینی، هەروەها مرۆڤ دەیویست ئەو کەرەستانەی کە لە سروشتدا هەن و دەنگ دەرئەکەن لە چواردەوریدا ئاشکرا بکات، لەڕێگەی لێدان و فوو پیاکردن، کاتێك لە بەردێك یان پارچە تەختەیەکی ئەدا دەنگی جیاوازی دەرئەکرد یاخود بە ڕێکەوت قەدی دارێکی کلۆری دۆزیەوەتەوە کە بە هۆکاری کەش و هەوا کلۆر بووە دەنگەکەی بەهێزبووە وەك ئامێرێکی ڕیتمی بەکاریهێناوە، بەم شێوەیە دەنگی ڕیتیمیان دۆزیەوەتەوە، هەندێ جار ئاژەڵەکانیش هەندێ ئێسك و شاخیان جێدەهێشت و کاتێك بایەکە بەهێز پێدا دەڕۆیشت و فیکەی لێدەدا بەم شێوەیە ئامێرە فودارەکانیان دۆزیوەتەوە، بەڵام مرۆڤ بە سەرنجی وردی خۆی بۆی دەرکەوت کە ئەم ئێسکە ناوبۆشانە گەر کون کون بکرێن ئەوا ئاوازێکی جیاواز دەردەکەن و کونی زیاتریش ئەبێتە هۆی ئاوازی پلەدار کە پێی دەڵێین سکێڵی موزیك. (العنانی، ٢٠٠٢، لا. ٢٧٧).

کۆنترین وێنەی پەروەردەی موزیك لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بوو، سروشتی بوو کە منداڵ لەڕێگەی ئاخاوتنەوە فێری گۆرانی و ستایشەکان و چەپڵەلێدان و تەپڵ لێدان ببێت کە هەموویانی بە ئاهەنگی ئاینی و سەماوە بەستێتەوە تاوەکو نەریتەکانی هۆزەکە بەردەوام بێت و نەوە بە نەوە بگوازرێتەوە.

پەروەردەی موزیك لە یۆنان بە واتا تایبەتەکەی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ئامادەکردن و فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵی یۆنانیدا کە زۆربەی ڕۆژەکەی لە خوێندنگا بە لەبەرکردینی هۆنراوە بەسەر دەبردوو و گۆرانیەکانی لەسەر ئاوازی موزیکی دەووت بە هاودەمی لەگەڵ ئامێری چەنگدا. پرۆگرامی موزیك لە خوێندنگای ڕۆمانیدا ئەوەی کە پێی دەڵێن حەوت هونەرەکەی تێدا بوو کە ئەوانیش "ڕێزمان، ژیربێژی، ڕەوانبێژی، ژمێریاری، موزیك، ئەندازە، گەردونناسی" وە ئەو ڕۆڵەی کە موزیك دەیگێرا لە پرۆگرامی خوێندندا نزیکتر بوو لە بیرکاریەوە. (صبری و مختار، ١٩٨٨، ل.٣).

بەپێی بیردۆزەکەی ئەفلاتۆن دەبینین موزیك خزمەتی بە مرۆڤایەتی کردووە لە بەدیهێنانی یەکخستنی هەستەکانی مرۆڤ و ڕەگەزە هەمەجۆرەکانی ژیان لەنێوان کۆمەڵگا جیاوازەکاندا و توانیویەتی بە یەکڕیزی دەربڕین لە تاك و کۆمەڵدا فەراهەم بکات. (السیسی، ١٩٨١: ٩) .

میسریە کۆنەکان دەڵێن: ئەوەی فێری موزیك و سەما نەبێت وەك ئەوە وایە هیچ فێر نەبوبێت، ئەوەی زانراوە کە وەك بەشێك لە زانستە ئاینیەکەیان فێری موزیك و گۆرانی دەبوون کە ئەمە بەسەر پیاوانی ئاینیدا سەپێندرابوو، وە هەروەها گەلانی عێراق و سوریای کۆن ئەم بنەما پەروەردەییە موزیکییانەیان خستۆتە سەرشان هەروەها لە پەرستگاکانیشیاندا جێبەجێیان کردووە، ئەفلاتۆن یەکەم کەس بوو کە دەربارەی پەروەردەی موزیك و گرنگییە ڕەوشتیەکەی و بڕی پەیوەستیی بە گۆرانی و شیعرو وتارەوە نوسی، بەڵام هانی ئەوەی دا کە وشەکان بەهایەکی جوانی و ڕەوشتی بەرزی پێوە بێت، بەڵام لە سەردەمی نەزانیدا و پێش هاتنی ئاینی ئیسلام ژنانی پەرستگا گۆرانیەکانیان لە ژنانی پێش خۆیانەوە دەگواستەوە باشترین نمونەش (عزە المیلاء)ە وە دوای ئیسلام لە مەککە و مەدینە یەکەمین خوێندنگا موزیکییەکان دەرکەوتن کە ماڵی (عزە المیلاء) یان کۆشکی هەندێك میر و جێنشینیان کردە مۆڵگەی ئەو خوێندنگایە، هەروەها گۆرانی بێژە جیهانیەکان بە شیعر و بنەماکانی گفتوگۆ و بەسەرهات دەبردە سەر.

بەڵام لە سەردەمی زێڕینی موزیك و لە سەردەمی عەبباسییەکاندا کێبڕکێ کەوتە نێوان گۆرانی بێژانی ئەو سەردەمەوە هەتاوەکو لە سەردەمی (هارونە ڕەشید و ألمأمون) دا کە ئیبراهیم و کوڕەکەی ئیسحاق، موصڵیان کردە دوو نمونە بۆیان و کۆشکیان کردە مەڵبەندێکی زانست و ئەدەب و هونەر کە تیایدا زانایانی سەردەم کۆ بنەوە بۆ گفتوگۆ و گۆرانی بێژان و موزیك زانەکان کێبڕکێی هونەری بکەن، ئەمە بووە هۆی پەرەسەندنی پراکتیزە کردن و زانستەکانی موزیك، لە سەدەکانی دواتردا چەندین کتێب لە بیردۆزەکانی موزیك ژەنینی ئامێرەکان دەرکەوتن، هەروەها بەهای موزیك دەرکەوت لە چارەسەردا کە لە کتێبی (الشفاء)ی ئیبن سیناو دا هەیە، تیایدا سوودەکانی دەرخستووە. (حمام، ٢٠١٠، ل. ٢٤٥).

## ٢ ــ ١ ــ ٣ ــ ٢ كورتەیەکی مێژوویی دەربارەی پەروەردەی موزیك لە هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی وەك نموونە

لەسەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم مامۆستا (عەبدولواحید حاجی مستەفا) گروپێکی موزیکی لە ماڵی (خەواجە ئەفەندی) دامەزراند، کە نزیك بوو لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی، لەسەرەتادا هەستا بە ووتنەوی وانەی موزیك بە کۆمەڵە خوێندکارێکی گەنج کە خوازیاری فێربوونی موزیك بوون و ژمارەیان نزیکەی پەنجا خوێندکار بووە، کە لەنێوانیاندا هەریەك لە (شاکر فەتاح) و (ڕەفیق چالاك) هەبوون، کاتی وانەووتنەوەکە ڕۆژانە لە دوای نیوەڕۆ تا ئێوارە بەردەوام دەبوو، خوێندکارەکانیش زۆر بەپەرۆش بوون بۆ فێربوونی موزیك، دواتر هونەرمەند (جەمیل بەشیر) هەستا بە کردنەوەی خولێکی موزیکی هاوینە لە شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٤٨)دا، کۆمەڵە گەنجێك کە پەرۆش و خولیای موزیك بوون بەشدارییان تێدا کرد، لە کۆتایی خولەکەدا وێنەیەکی یادگاری گیراوە لەلایەن بەشداربووانی خولەکەوە، لە ساڵی (١٩٣٢) لە قوتابخانەی (مکتب الاول) یەکەم گروپی موزیکی دامەزراوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٣٨ ــ ١٩٤٦) کە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم بووە و چەند ساڵێکی خایاندووە و کاریگەی نەرێنی هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆشنبیری، نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا، لەبەر ئەو هۆکارەش هیچ چالاکییەکی هونەری و موزیکی بەدی ناکرێت لەم ماوەیەدا، بەڵام لە ساڵی (١٩٥٠) موزیکی کوردی لە شاری سلێمانی چووە نێو قۆناغێکی نوێوە بە جیاواز لە ڕابردوو، چونکە چەندین گروپی موزیکی سەریهەڵدا کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر وشیارکردنەوەی تاکی کورد و ناساندنیان بە موزیك کە بریتیبوون (گروپی موزیکی مەولەوی) و (تیپی موزیکی سلێمانی). بەڕێوەبەرایەتییەکانی چالاکی قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری میوزیکی و هونەری لە شاری سلێمانی، قەزای ڕانیە و قەڵادزەدا، لەڕێگەی بەردەوامی خولەکانی موزیکییەوە چەندین گرووپی منداڵان دامەزران، کە بریتیبوون لە گرووپە موزیکیەکانی (بێخوود، نەورۆز، پیرەمێرد)، بەشداریکردنی چالاکی قوتابخانەکان لەفێستیڤاڵە گشتییەکانی دەرەوەی پارێزگاکە، کە لە گرووپەکانی پێشووەوە موزیکژەنی باش هەڵبژێردران و گروپێکی هاوبەشیان پێکهێنرا بۆ بەشداریکردن لەفێستیڤاڵە گشتییەکاندا، کە توانییان دەستکەوتی باش بەدەستبهێنن لەسەر ئاستی عێراق. یەکەمین پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کوردستان ساڵی (١٩٨٠) لەکوردستانی عێراق لە شاری سلێمانی دامەزراوەو ساڵی (١٩٨٣) بەشی هونەری موزیکی تێدا کراوەتەوە، بەشی موزیک ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەبڵاوکردنەوەی کەلتوری موزیک لەکوردستان و کاریگەری گەورەی هەیە لە چالاککردنی گرووپە موزیکییەکان لەڕێگەی کادیرە دەرچووەکانیەوە، هەروەها زۆرێک لەدەرچووان پیشەی مامۆستای موزیک لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا پراکتیزە دەکەن. دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١)، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی یاریمەتیدەر و هاوکار و بوو بۆ دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر و دهۆك و ڕانیە و قەزا و ناوچەکانی دیکە، لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا چەندین هەوڵ هەبووە بۆ دامەزراندنی ئۆرکێسترا لە شاری سلێمانیدا، لەپێناو زیندووکردنەوەی ئاهەنگی تایبەت بە موزیکی کلاسیکی جیهانی، کە مامۆستایان و خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشدار دەبوون، وە هونەرمەند (د.عەبدوڵڵا جەمال) ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەو بوارەدا، کە هەستاوە بەڕێکخستن و دانانی پرۆگرام بۆ کارە موزیکییەکانی نێو ئۆرکێستراکە، کە بریتیبوون لە پارچەی موزیکی ناوخۆیی و جیهانی. (کریم، ٢٠١٣، لا. ١٣-١٤-١٥- ١٧).

سەبارەت بە کردنەوەی کۆلێجە هونەرییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ یەکەم جار کۆلێجی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سلێمانی و لە ساڵی (١٩٩٨- ١٩٩٩)دا دامەزراوە، کە تێیدا بەشی موزیکیش لە ساڵی (٢٠١٠) کراوەتەوە، (زانکۆی سلێمانی،٢٠١٩، ئەنتەرنێت). کۆلێجی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر ساڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٤) دامەزراوە و لە هەمان ساڵیشدا بەشی موزیك کراوەتەوە، (زانکۆی سەلاحەددین،٢٠١٩، ئەنتەرنێت). دواتریش بەشی پەروەردەی هونەری لە زانکۆی سلێمانی ساڵی (٢٠١١) کراوەتەوە کە گرنگی بە لایەنی پەروەردەی موزیك داوە، ئەویش بە ئامادەکردنی مامۆستای هونەر بۆ خوێندنگا بنەڕەتییەکان (زانکۆی سلێمانی،٢٠١٩، ئەنتەرنێت). جێیی ئاماژەیە کە بابەتی موزیك گرنگی پێدەدرێت لە بەشەکانی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کە وەك وانەیەکی سەرەکی دەخوێندرێت.

## ٢ – ٢ توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر ئاماژە دەدات بە چەند توێژینەوەیەکی پێشوو بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی، کە بەپێی ئەم بنەمایە توێژینەوەکان دەخاتە ڕوو:

## ٢ – ٢ – ١ توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن

### ١ - توێژینەوەی الیاس (٢٠١٣، أ)

بەناونیشانی " **ئەزموونی سوری لە دانانی پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەی موزیکی لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی"**

ئەم توێژینەوە لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی دیمەشق ئەنجام دراوە بە ئامانجی:

أ- تیشك خستنە سەر ئەزموونی دانانی پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەی موزیکی لە کۆماری سوریای عەرەبی، بۆ زانینی ئەو میکانیزم و پلانانەی کە لە دانانیاندا پەیڕەوکراون.

ب- دەستنیشانکردنی ئاستەنگییەکانی ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەی موزیکی و فێرکردنی و پێشنیازکردنی ڕێگا چارەسەرێکی گونجاو بۆی.

میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکار هێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەی موزیکی لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیی بوو لە ڕاپرسی. ڕێژەی سەدی بەکارهاتووە بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لە ڕووی ئامارییەوە.

بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت:

أ- بوونی ئاستەنگی لە هەڵبژاردنی لیژنەی دانانی پرۆگرام لە چوارچێوەی وەزارەتی پەروەردە، لەبەر ئەوەی ستافی پەروەردەی موزیك لە وەزارەتی پەروەردە، هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگای ئامادەیی مامۆستایان

(پسپۆڕی موزیك)ن بۆ ماوەی دووساڵ، لەبەر ئەوە  پێویست بوو پەیوەندی بکرێت بە ستافی دانانی پرۆگرام لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵا.

ب- کەمی ژمارەی مامۆستای پسپۆڕ لە بواری پەروەردەی موزیك و وتنەوەی ئەو وانەیە لەلایەن مامۆستایانی جیا لەو پسپۆڕییە، ئەمەش بووە هۆی شکستهێنان لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی نوێی خوێندن بەپێی ئەو پلانەی کە بۆی دانراوە.

پ- نەبوونی چاودێریێکی باش لەسەر جێبەجێکردنی پرۆگرامە نوێیەکە، ئەویش بەهۆی نەبوونی سەرپەرشتار لە سەرجەم پارێزگاکان.

ت- نەبوونی پرۆگرامی خوێندنی مۆدێرن و زانستی کە  وەزارەتی پەروەردە پلانی بۆ داڕشتبوو.

**(الیاس ، ٢٠١٣، أ، لا. ٢٩٧- ٣١٦).**

**٢- توێژینەوەی الیاس (٢٠١٣، ب)**

بە ناونیشانی **"ستانداردی نیشتمانی  بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەی موزیکی قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی لە کۆماری سوریای عەرەبی"**

ئەم توێژینەوەیە لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی دیمەشق  ئەنجام دراوە بە ئامانجی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:

أ- تا چەند ستانداردی نیشتمانی بۆ پرۆگرامی پەروەردەی موزیك لەگەڵ واقعی فێرکردن گونجاون، لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتار و  شارەزایان و پسپۆڕانی بواری موزیکەوە؟

ب- تا چەند ستانداردی نیشتمانی بۆ پرۆگرامی پەروەردەی موزیك لەگەڵ واقعی فێرکردن گونجاون، لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی موزیکەوە؟

میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دیمەشق. نمونەی توێژینەوەکەش پێکهاتبوو لە سەرپەرشتاران و پسپۆڕان و مامۆستایانی بواری پرۆگرامی پەروەردەی موزیك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دیمەشق.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە بریتی بوو لەڕاپرسی. (ناوەندی ژمێری) و لادانی پێوەری ( الأنحراف المعیاري) و ڕێژەی سەدی، بەکارهاتووە بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لە ڕووی ئامارییەوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو:

أ - نەبوونی جیاوازی لە نێوان بۆچوونی شارەزایان ومامۆستایان دەربارەی گونجاندنی ستانداردی  نەتەوەیی بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی موزیك لەگەڵ واقعی پەروەردە و فێرکردنی موزیك.

ب - بوونی جیاوازی له نێوان بۆچوونی مامۆستایان بەپێی (ئەزموونی فێرکردن) لەسەر گونجاندنی ستاندارده نەتەوەییەکانی پرۆگرامی خوێندنی موزیك لەگەڵ واقیعی خوێندنی موزیك، که ئەو مامۆستایانەی ئەزموونیان زیاتر بوو له ده ساڵ، پێیان باش بوو پرۆگرامی خوێندن نەگۆڕێت و به شێوازی نەریتی وانه بڵێنەوه، به پێچەوانەی ئەو مامۆستایانەی که ئەزموونیان کەمتره له پێنج ساڵ، له بواری وانەووتنەوەدا .

**(الیاس ، ۲۰۱۳، ب، لا. ۱۵۱- ۱۷٤).**

**۳ - توێژینەوەی منصور (۲۰۱٦)**

بەناونیشانی " **پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ وانه پسپۆرییه بڕیارلێدراوەکانی بەشی موزیك له پەیمانگای هونەره جوانەکانی هەرێمی کوردستان "**

ئەم توێژینەوه وەك ماستەرنامه له کولێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی ئەنجام دراوه به ئامانجی پێشنیازکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری یەکانگیر، به پشت بەستن به نمونەی کەمپ (Kemp) بۆ بنیاتنان و یەکخستنەوەی ناوەڕۆکی "وانەی سروود و گۆرانی " له بەشی موزیکی پەیمانگەکانی هونەره جوانەکانی هەرێمی کوردستان.

میتۆدی وەسفی ڕوپێوی فێرکاری بەکارهێنراوه بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکه. کۆمەڵگەی توێژینەوەکه پێك هاتبوو لەو سروودە نیشتمانی و گۆرانیانەی که له قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێن، که مەزەنده کرابوو به (۱۱٤) سروود و گۆرانی کوردی که (٦٤) سروودی نیشتمانی و (٥٠) گۆرانی لەخۆ دەگرێت. نموونەی توێژینەوەکه بریتی بوو له (٤۲) سروود و گۆرانی که (۲٤) سروودی نیشتمانی و (۱۸) گۆرانی لەخۆ دەگرێت.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکه بریتیی بوو له گەڕانێك بەدوای نۆتەی نوسراو و تێکستی سروود و گۆرانییەکان له سەرچاوه جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئەنجامدانی چەند ڕاپرسیەك. بۆ چارەسەرکردنی داتاکان له ڕووی ئاماریەوه ڕێژەی سەدی و هاوکێشەی کۆپەر بۆ ڕێژەی ڕێکەوتن بەکار هاتوو.

ئەنجامی توێژینەوەکه بریتی بوو له پێشنیازکردنی بەرنامەیەکی خوێندن بۆ وانەی سروود و گۆرانی کوردی، بۆ قۆناغەکانی یەکەم، دووەم و سێیەم له پەیمانگاکانی هونەره جوانەکانی هەرێمی کوردستان.

**(منصور، ۲۰۱٦، لا. ۱-۲۱۰).**

## ٢ – ٢ – ٢ توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی ئامادەکردنی پرۆگرام و بە ئەزموونکردنی

**١- توێژینەوەی ظاهر ( ٢٠١٣)**

بەناونیشانی **"کاریگەری بەرنامەیەکی پێشنیازکراو لەسەر پەرەپێدانی هەندێك لە لێهاتووییەکانی پەروەردەی موزیکی لە ڕۆشنایی پێوەرە جیهانییەکان بۆ خوێندکارانی نۆی بنەڕەتی لە غەزە "**

ئەم توێژینەوەیە وەك ماستەرنامە لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی ئەزهەر لەفەڵەستین ئەنجامدراوە بە ئامانجی:

أ- دانانی بەرنامەیەکی پێشنیازکراو بۆ گەشەسەندنی هەندێك لە لێهاتووییەکانی پەروەردەی موزیك لە ڕۆشنایی پێوەرە جیهانییەکان لای خوێندکارانی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە غەزە.

ب- زانینی کاریگەری بەرنامە پێشنیازکراوەکە لەسەر پەرەپێدانی هەندێك لە لێهاتووییەکانی پەروەردەی موزیکی لای خوێندکارانی نۆی بنەڕەتی شاری غەزە.

میتۆدی ئەزموونی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە خوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە خوێندنگای (الراهبات الوردیية) لە شاری غەزە – فەڵەستین. نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (١٤) خوێندکار کە (٨) فێرخوزیان لە ڕەگەزی مێ بوو و (٦) خوێندکارەکەی دیکە لە ڕەگەزی نێر بوون.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بوو لە چەند ڕاپرسیەك و تاقیکردنەوەیەکی وەدەستهێنان. هاوکێشەی بلاك و تاقیکردنەوەی (t-test)بەکار هاتووە بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لە ڕووی ئاماریەوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەدات کە بەرنامەکە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر گەشەسەندنی توانای خوێندکارەکانی و بەتایبەت ئەو بابەتە پراکتیکییانەی کە لەسەر بنەمای ژەنین و گۆرانی گوتن بوون.

**(ظاهر، ٢٠١٣، لا. ١ – ٢٣٦).**

**٢- توێژینەوەی جاد (٢٠١٦)**

بە ناونیشانی **"پرۆگرامێکی خوێندنی پەرەپێدەر لە پەروەردەی میوزیکی بەپێی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و کاریگەریی لە بەدیهێنانی ئامانجەکان لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی"**

ئەم توێژینەوەیە لە کۆلێجی پەروەردەی جۆری زانکۆی مەنسورە ئەنجام دراوە بە ئامانجی:

أ- دیاریکردنی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری کە پێویستە ڕەچاوبکرێت لە کاتی دانانی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندنی میوزیکی بۆ خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی.

ب- ئامادەکردنی دیدگایەکی پێشنیارکراو بۆ پرۆگرامێکی خوێندنی پەرەپێدەر لە پەروەردەی موزیکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی.

پ- تیشک خستنە سەر ڕۆڵی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە پێشکەشکردنی پرۆگرامە پەرەپێدەرەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

گریمانەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو:

أ - هیچ جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو نییە لەنێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشینە بۆ چەمکەکانی موزیك بە شێوەیەکی گشتی و ڕەهەندە لاوەکییەکانی، بە هەمان شێوە لە تاقیکردنەوەی پاشینە بۆ ڕەهەندەکانی کارتی تێبینی تایبەت بەلێهاتووییەکانی موزیک.

ب - هیچ جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو نییە لەنێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ چەمکەکانی موزیك بە شێوەیەکی گشتی و ڕەهەندە لاوەکییەکانی، بە هەمان شێوە لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ ڕەهەندەکانی کارتی تێبینی تایبەت بەلێهاتووییەکانی موزیک.

میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەی لێهاتویی و ئەو ئاستەنگییانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکاران دەبنەوە لە چالاکییە موزیکییەکان و چاودێریکردنی ئەدای خوێندکاران و هەبوونی توانا جیاوازەکانیان لە موزیک دا، جگە لەمیتۆدی نیمچە ئەزموونی بۆ دۆزینەوەی کاریگەریی پرۆگرامە پەرەپێدەرەکە لە سەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئەلوادی کچان لە تەلخا. نمونەی توێژینەوەکەش بریتی بوو لە (٦٠) خوێندکار و دیزاینی دوو کۆمەڵەی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو خاوەن تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بەکارهێنراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونی پرۆگرامەکە توێژینەوەکە.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە بریتی بوو لە لیستی تێبینی بۆ پێوانەی لێهاتووییەکانی موزیک لای خوێندکاران و تاقیکردنەوەیەک بۆ چەمکەکانی موزیك. بۆ شیکردنەوەی داتاکان لە ڕووی ئامارییەوە نێوەندی ژمێرەیی و هاوکێشەی (t- test) بەکارهاتووە.

ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەدات کە پرۆگرامەکە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی.

**(جاد، ٢٠١٦، لا. ١ – ٣٨٣).**

## ٢ – ٢ – ٣ توێژینەوەی پێشوو کە بەشێک لەناوەڕۆکەکەی پەیوەندیدارە بە توێژینەوەی ئێستا

توێژەر هەندێک لەو توێژینەوانەی پێشوو دەخاتەڕوو کە جەخت دەکەنەوە سەر رەگەزێک یان زیاتر لە ڕەگەزەکانی پڕۆگرامی خوێندن و سوودی لێ بینیون لە ئامادەکردنی پڕۆگرامەکە:

**١- توێژینەوەی خەلیل (٢٠٠٨)**

بەناونیشانی **"زنجیرەیەکی پەروەردەیی پێشنیازکراو لە ووتنەوەی پڕۆگرامی سۆڵفێجی ڕۆژئاوایی بۆ سەرەتاییەکان لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی وانەوتنەوە لای موعیدەکانی پەیمانگای باڵای هونەری موزیك لە وولاتی کوەیت "**

ئەم توێژینەوەیە لە کۆلێجی پەروەردەی موزیکی زانکۆی حەلوان ئەنجام دراوە بە ئامانجی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ ئامادەکردنی ئەو موعیدە تازە دەرچوانە بە شێوازێکی باش کە بتوانن وانە بڵێنەوە بە سەرکەوتوویی و بە تایبەتیش لە بابەتی سۆڵفێجی ڕۆژئاوایی لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی وانەووتنەوەیان.

میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە شەش موعیدی تازە دەرچوو کە سیانیان دەرچووی ساڵی (٢٠٠٥) و سیانەکی دیکەش دەرچووی ساڵی (٢٠٠٦)ن لە پەیمانگای باڵای هونەری موزیکی بەشی پەروەردەی موزیك لە وڵاتی کوەیت. نمونەی توێژینەوەکەش بریتی بوو لە هەمان کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە بریتی بوو لە وەرگرتنی ڕای و شارەزایان. ڕێژەی سەدی بەکارهاتووە بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لە ڕووی ئامارییەوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە زنجیرەیەکی پەروەردەیی پێشنیازکراو لە ووتنەوەی پڕۆگرامی سۆڵفێجی ڕۆژئاوایی بۆ سەرەتاییەکان لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی وانەوتنەوە لای موعیدەکانی پەیمانگای باڵای هونەری موزیك لە ووڵاتی کوەیت، پڕۆگرامەکە کاریگەری هەبووە لەسەر توانای موعیدە تازە دەرچووەکان بە ڕێژەی ١٠٠٪ .

**(خلیل، ٢٠٠، لا. ١- ١٥٠).**

**٢- توێژینەوەی ئاغا (٢٠١٣)**

بەناونیشانی **" بەهای ئێستەتیکی گۆرانییە کوردییەکان و بەکارهێنانیان لە بابەتی سۆڵفێجی ڕیتمی و لیرکیدا "**

ئەم توێژینەوە وەک ماستەرنامە لە کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی صلاح الدین ئەنجام دراوە بە ئامانجی: بەکارهێنانی گۆرانیە فۆلکلۆری و میللی و دانراوە کوردیەکان کە ئەمرۆ لە ئارادان لە رووی بەها ئێستێتیکانیانەوە لە بابەتی سۆلفێجی ریتمی و لیریکی دا.

میتۆدی ئەزموونی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی یە لە : (٢٥٠) گۆرانی کەلەپوری و فۆلکلۆری کوردی  کە جۆرەکانی گۆرانی (ئەڤینی، نیشتمانی، منداڵان، بۆنە و ئاهەنگەکان)ی لە خۆگرتبوو.

نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە:

أ - بەکارهێنانی نموونەیەک لەگۆرانییە کوردییە باوەکان بەپێی تایبەتمەندیان لەڕووی ( ڕیتم، میانە، ڕەگەز و جۆری مەقامەکان).

ب - نمونەیەک لەخوێندکاران کە پێک هاتبوون لە (١٦) خوێندکاری کوڕ و کچ  لە قۆناغی یەکەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕەواندز، کە (٧) خوێندکاری کوڕ و (٩) خوێندکاری کچ  لە خۆدەگرێت، تەمەنیشیان  لە نێوان ( ١٤ – ٢٠) ساڵاندایە.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی یە لە ئەنجامدانی چەند ڕاپرسیەک و لیستێک بۆ شیکردنەوەی گۆرانیەکان، جگە لە تاقیکردنەوەیەکی وەدەستهێنانی (تیۆری و پراکتیکی) تایبەت بە بابەتی سۆلفێج و هاوکۆلکەی راستگۆی و نەگۆری ئامرازەکان دەرهێنراون.  ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی پیرسۆن، هاوکێشەی کۆپەر  و هاوکێشەی  (t- test)  بەکار هاتووە بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لە ڕووی ئاماریەوە.

گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە بریتی بوو لە:

یەکەم : تایبەتمەندی گۆرانییەکان

أ -  گۆرانی کوردی ژمارەیەکی زۆر لە میانەی جیاوازی دەنگی تێدایە کە لەیەک کاتدا جیایە لەو باقی ئەو مەودا دەنگییانەی کە لە موزیك و گۆرانی وڵاتانی دراوسێدا هەن، ئەمەش ئاماژەیەکی هەیە کە ئەم گۆرانیانە جەخت لەسەر وردەکارییە هونەرییەکان دەکەنەوە، هەروەها بە وردی ناوەڕۆکەکەیان کۆنترۆڵ کراون.

 ب- کاراکتەری ڕیتمی تایبەتمەندی دیاری گۆرانی کوردییە لە ڕووی فۆرم و بنیاتنانی میلۆدییەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ڕیتم یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکان و ڕستەی میلۆدییەکان پێکهاتەی سادەن.

پ -  ڕیتم لە گۆرانی کوردیدا سەرچاوەی دەوڵەمەندی و هێز و ڕەنگە و بە هەردوو جۆری سادە و لێکدراو بەکاردەهێنرێت.
ت- مەقامی بەیات  پێگەیەکی تایبەتی هەیە  لە موزیکی کوردیدا و بەسەر زۆرینەی زۆری گۆرانی کوردیدا دیارە، دواتر مەقامی حیجاز، مەقامی عەجەم و سێگا دێن.
ج- گۆرانی کوردی یەکێکە لە نمونەکانی  کەلەپووری موزیك و گۆرانی  باو لە ناوچە جیاجیاکانی شار و گوند و دەشت ودەرەکانی دوورە دەست دا دەچرێت ویەکێکە لە گۆرانییە مۆنۆفۆنییەکان  (Monophony)  کە یەک هێڵی میلۆدیکی ئاسۆیی هەیە .
چ-  هۆنراوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گۆرانی کوردیدا، کە ئامێری موزیك و موزیکژەنەکان لەخزمەتی دان، تایبتمەندی ئاوازەکەشی ئەوەیە کە ڕستەکانی میلۆدی لەزۆربەی گۆرانیەکان بەشێوازی زنجیرە دووبارە دەبنەوە (Sequences ) .

دووەم :دوای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە لەسەر نمونەی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی (ڕواندز) ، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی گۆرانی کوردی لە (سۆڵفێجی ڕیتمی و لیرکی) کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر ئاراستەکردنی خوێندکاران بەرامبەر بابەتی سۆڵفێج.

**(اغا، ٢٠١٣، لا. ١ – ٢٧٦).**

**٣- توێژینەوەی مصطفی (٢٠١٤)**

بەناونیشانی **" بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سۆڵفێجی ڕۆژهەڵاتی: سۆڵفێجی گۆرانی و ڕیتمی کوردی وەك نموونە"**

ئەم توێژینەوە وەك ماستەرنامە لە کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی صلاح الدين ئەنجام دراوە بە ئامانجی زانینی وەڵامی ئەم پرسیارانە:

أ- ئایا رێگە لاساییە بەکارهێنراوەکان بۆ وتنەوەی تیۆرەکان و بنەماکانی موزیك بەسن بۆ فێرکردنی بنەماکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی؟

ب- تا چ رادەیەك دەتوانرێت بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری دیزاین بکرێت بۆ پەرەپێدان بە لێهاتووەکانی موزیکی رۆژهەڵاتی؟

پ- ئایا بەکارهێنانی بەرنامەکە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی رێگەلاساییەکان بۆ وتنەوەی بابەتی سۆڵفێجی رۆژهەڵاتی، جگە لەپەرەپێدان بە توانای خوێندکاران لە بابەتی تیۆری موزیکی ڕۆژهەڵاتی و سۆڵفێجی گورانی کوردی؟

میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە مەزەندە کرابوو بە (١٠٢) گۆرانی کەلەپوری میللی و گۆرانی کوردی ئاوازکراو و ڕاهێنانی سۆڵفێجی ڕۆژهەڵاتی لیرکی و ریتمی. نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە هەمان کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە بریتیی بوو لەچاو پێکەوتن و چەند ڕاپرسیەك، جگە لە بەرنامەی موزیکی کۆمپیتوتەری ئامادەکراو لە لایەن توێژەر لە رێگەی بەکارهێنانی چەندین بەرنامەی تەکنەلۆجیای تایبەت بۆ ئەو مەبەستە. رێژەی سەدی بەکار هاتووە بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لە ڕووی ئاماریەوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخست کە:

أ- بەکارهێنانی ڕێگە لاساییەکان بەتەنها بەس نین بۆ وتنەوەی تیۆر و بنەماکانی موزیك لە فێرکردنی بنەماکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی.

ب - بەڵی توانرا بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری دیزاین بکرێت بۆ پەرەپێدان بە لێهاتووەکانی موزیکی رۆژهەڵاتی.

پ- بەڵێ بەکارهێنانی بەرنامەکە بوو بە هۆی دەوڵەندکردنی ڕێگە لاساییەکانی وتنەوەی بابەتی سۆڵفێجی ڕۆژهەڵاتی وپەرەپێدان بە توانای خوێندکاران لە تیۆری موزیکی ڕۆژهەڵاتی و سۆڵفیجی گورانی کوردی.

**(مصطفى، ٢٠١٤، لا. ١ – ١٢٥).**

**٤- توێژینەوەی عثمان (٢٠١٦)**

بەناونیشانی **" ڕێگا و شێوازەکانی وانە ووتنەوەی موزیك لە کۆلێجەکانی پەروەردە لە زانکۆکانی سودان"**

ئەم توێژینەوە وەك تێزی دکتۆرا لە کۆلێجی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سودان بۆ زانست و تەکنەلۆژیا ئەنجام دراوە بە ئامانجی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە؟

أ – ئاستەنگییەکانی وانەووتنەوە و فێربوونی بابەتی موزیك لە کۆلێجەکانی پەروەردەی سودان چین؟

ب – جیاوازی چی یە لە نێوان چەمکی پرۆگرامی خوێندن و شێواز و میتۆدەکانی فێرکردن؟

پ- چۆن دەتوانین سوود لە کلتوری موزیکی خۆماڵی وەربگرین بۆ دیزاینکردنی پرۆگرامی موزیك لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی پەروەردەیەکی مۆدێرن کە گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگە بۆ پەروەردەکردنی خوێندکاران لە کۆلێجەکانی پەروەردە؟

ت - ئایا دەتوانین خوێندکار فێربکەین بە ڕێگا و شێوازی وانە ووتنەوەی تایبەت لە بابەتی بڕیارلێدراوی موزیك ؟

ج- چۆن دەتوانین میکانیزمێکی گونجاو هەڵبژێرین لەنێوان ڕێگا و شێوازەکانی وانەووتنەوەی زانکۆیی و ئاڕاستەنوێیەکانی وانە ووتنەوەی موزیك، کە گونجاوترین ڕێگا و شێوازی وانەووتنەوە بێت لە بابەتی موزیکی بڕیارلێدراو لە کۆلێجەکاندا؟

میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکار هێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بووە لە بابەتی موزیك لە کۆلێجەکانی پەروەردەی زانکۆکانی سودان. نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٣٠) ڕەگەزی موزیکی لە ڕیتم و ئاوازی میللی.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە بریتیی بوو لەچاو پێکەوتن و چەند ڕاپرسیەك. ڕێژەی سەدی بەکار هاتووە بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لە ڕووی ئاماریەوە .

وە لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانە بوون:

أ - بوونی چەندین ئاستەنگی لە ڕێگای وانەووتنەوەی بابەتی موزیك لە کۆلێجەکانی پەروەردەی سودان، وەک نەبوونی پرۆگرامی خوێندن و ڕێگا و شێوازی وانە ووتنەوەی گونجاو بۆ وتنەوەی بابەتەکە.

ب- بوونی ڕێگا و شێوازی وانەووتنەوەی گشتی و تایبەتی گونجاو بۆ وتنەوەی بابەتی موزیك بە خوێندکاران بە پێی تەمەن و ئاستەکانیان، لە وانەش ئاستی زانکۆ.

پ- ئەو ڕێگە گشتیانەی کە گونجاوترین ڕێگان بۆ وتنەوەی بابەتی موزیک بە خوێندکاران لە ئاستی کۆلێج ئەمانەن: وانەبێژی، سیمینار، وتار،فێرکردنی خودی، گەشتی زانستی.

ت- ئەو ڕێگا تایبەت و مۆدێرانە کە گونجاون بۆ ووتنەوەی بابەتی موزیك بە خوێندکاران لە ئاستی کۆلێج بریتین لەڕێگای وانەوتنەوەی: دالکروز، ئیمی پاری، جۆن کروین، زولاتان کۆدای، دیکرۆلی و مۆریس شۆفیە.

**(عثمان، ٢٠١٦، لا. ١ – ١٣٠).**

## ٢ – ٢ – ٤ بەراوردکردن لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو :

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشوو و بەراوردکردنیان بە توێژینەوەکەی ئێستامان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

أ- لەڕووی ڕەهەندی شوێن و کاتەوە، توێژینەوەکانی پێشوو لە وولآت و کاتی جیاوازدا ئەنجامدراون، هەروەك توێژینەوەی خەلیل (٢٠٠٨) لە کوەیت، توێژینەوەکانی الیاس (٢٠١٣) لە سوریا، توێژینەوەکانی ئاغا (٢٠١٣)، مصطفى (٢٠١٤) و منصور (٢٠١٦) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، توێژینەوەی ظاهر (٢٠١٣) لە فەڵەستین، توێژینەوەی جاد (٢٠١٦) لە میسر، توێژینەوەی عثمان (٢٠١٦) لە سودان، ئەنجامدراون، بەڵام توێژینەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) ئەنجام دەدرێت.

ب- ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو هەمەجۆرن، ئەو توێژینەوانەی کە ئامانجیان دانانی پرۆگرامی خوێندن بوو بریتیبوون لە هەردوو توێژینەوەکەی الیاس (٢٠١٣) کە میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراوە. توێژینەوەی منصور (٢٠١٦) میتۆدی وەسفی ڕوپێویی فێرکاری، توێژینەوەی ظاهر (٢٠١٣) میتۆدی ئەزموونی و توێژینەوەی جاد (٢٠١٦) میتۆدی وەسفی و نیمچە ئەزموونی بە کارهێنراون. ئەو توێژینەوانەی کە ئامانجیان برەودان بووە بە بابەتی سۆڵفێج بریتیبوون لە توێژینەوەی ئاغا (٢٠١٣) کە میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی و ئەزموونی بەکارهێنراوە. لەتوێژینەوەی مصطفى (٢٠١٤) و توێژینەوەی خەلیل (٢٠٠٨) میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراون. ئامانجی توێژینەوەی عثمان (٢٠١٦) بریتی بوو لە پێشنیازکردنی ڕێگاو شێوازی وانە وتنەوەی موزیك کە میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراوە، بەڵام ئامانج لە توێژینەوەی ئێستا بریتی یە لە دانانی پرۆگرام کە میتۆدی وەسفی فێرکاری بەکارهێنراوە.

پ- لە توێژینەوەکانی پێشوودا جۆری کۆمەڵگە و نمونەکان بریتیبوون لە کۆمەڵگەی مرۆیی کە خوێندکارانی ئاستە جیاوازەکانی خوێندن، مامۆستا، شارەزایان و بابەتە موزیکییەکان لەخۆ دەگرێت، کە تێیدا کۆمەڵگەی توێژینەوەی الیاس (٢٠١٣، أ) بریتی بوو لە پرۆگرامی خوێندنی موزیك لە قۆناغی بنەڕەتی و نموونەی توێژینەوەکەش هەمان کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بوو. کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئەلیاس (٢٠١٣،ب) بریتی بوو لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی دیمەشق کە نموونەی توێژینەوەکەشی بریتی بوو لە مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری موزیك. کۆمەڵگەی توێژینەوەی منصور (٢٠١٦) بریتی بوو لە سروود و گۆرانی نیشتمانی کە نموونەی

توێژینەوەکەشی بریتی بوو لە (٢٤) سرووود و(١٨) گۆرانی نیشتمانی بۆ قۆناغەکانی (١، ٢، ٣،)ی پەیمانگای هونەرە جوانەکان. کۆمەڵگەی توێژینەوەی ظاهر (٢٠١٣) بریتی بوو لە خوێندکارانی نۆیەمی بنەڕەتی کە نموونەی توێژینەوەکەشی بریتی بوو لە (٨) خوێندکار لە ڕەگەزی مێ و (٦) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر. کۆمەڵگەی توێژینەوەی جاد (٢٠١٦) بریتی بوو لە خوێندکارانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی و نموونەی توێژینەوەکەش بریتی بوو لە (٦٠ خوێندکار). کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئاغا (٢٠١٣) بریتی بوو لە (٢٥٠ ) گۆرانی کەلەپوری و فۆلکلۆری کوردی و خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە نموونەی گۆرانییەکان بریتی بوو لە گۆرانییە کوردییە باوەکان و نموونەی خوێندکارانیش بریتی بوو لە (١٦) خوێندکار. کۆمەڵگەی توێژینەوەی مصطفی (٢٠١٤) بریتی بوو (١٠٢) گۆرانی کەلەپوری میللی و گۆرانی کوردی و نمونەی توێژینەوەکش هەمان کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بوو. کۆمەڵگەی توێژینەوەی خەلیل (٢٠٠٨) بریتی بوو لە (٦) موعیدی تازە تامەزراو کە نموونەی توێژینەوەکەش هەمان کۆمەڵگەکە بوو. کۆمەڵگەی توێژینەوەی عثمان (٢٠١٦) بریتی بوو لە بابەتی موزیك لە کۆلێجەکانی پەروەردەی زانکۆکانی سودان و نموونەی توێژینەوەکەشی بریتی بوو لە (٣٠) ڕەگەزی موزیکی لە ڕیتم و ئاوازی میللی. بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێستا بریتی یە لە سەرجەم بابەتە موزیکییەکانی بەشی پەروەردەی هونەری و نموونەی توێژینەوەکەش بریتی یە لە بابەتی ( تیۆرەکانی موزیك- سۆڵفێج) بۆ قۆناغی یەکەم و بابەتی ( سروود و گۆرانی) بۆ قۆناغی دووەم.

ت- توێژینەوەکانی پێشوو چەندین ئامرازیان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە هەردوو توێژینەوەکەی الیاس (٢٠١٣، أ - ب)، توێژینەوەی منصور (٢٠١٦) و توێژینەوەی ئێستا پشتیان بە ڕاپرسی بەستووە. توێژینەوەکانی مصطفی (٢٠١٤) و عثمان (٢٠١٦) پشتیان بە چاوپێکەوتن و ڕاپرسی بەستووە. توێژینەوەکانی ظاهر (٢٠١٣) و ئاغا (٢٠١٣) پشتیان بە ڕاپرسی و تاقیکردنەوە بەستووە. توێژینەوەی جاد (٢٠١٦) پشتی بە لیستی تێبینی و تاقیکردنەوە بەستووە. توێژینەوەی خەلیل (٢٠٠٨) پشتی بە وەرگرتنی ڕای شارەزایان بەستووە.

ج- توێژینەوەکانی پێشوو بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لە ڕووی ئامارییەوە چەندین هۆکاری ئاماری هەمەجۆریان بەکارهێناوە. لە توێژینەوەی الیاس (٢٠١٣، أ)، توێژینەوەی خەلیل (٢٠٠٨)، مصطفی (٢٠١٤) و عثمان (٢٠١٦) ڕێژەی سەدی بەکارهاتووە. لە توێژینەوەی ئەلیاس (٢٠١٣، ب) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بەکارهاتووە. توێژینەوەی منصور (٢٠١٦) هاوکێشەی کۆپەر و ڕێژەی سەدی بەکارهاتووە. لە توێژینەوەی ظاهر (٢٠١٣) هاوکێشەی بلاك و هاوکێشەی (t-test) بەکارهاتووە. لە توێژینەوەی ئاغا (٢٠١٣) ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی پیرسۆن، هاوکێشەی کۆپەر و هاوکێشەی (t- test) بەکار هاتووە. توێژینەوەی جاد (٢٠١٦) هاوکێشەی بلاك و هاوکێشەی t-test بەکارهاتووە. لە توێژینەوەی ئێستادا هاوکێشەی کۆپەر بەکارهاتووە .

### ٢ ــ ٢ ــ ٥ ڕادەی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر سوودی بینیوە لە توێژینەوەکانی پێشوو بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامەکە کە لە خشتەی (٢- ٤) ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (٢- ٣)**

**ڕادەی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

| ژ | توێژینەوەکانی پێشوو | سوود بینین |
|---|---|---|
| ١ | توێژینەوەکانی ئەلیاس أ - ب | سوود بینراوە لە ئەزموونی دانان و پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەی موزیك و دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەری گونجاو لە چۆنیەتی فێرکردنی موزیك |
| ٢ | توێژینەوەی منصور | سوود بینراوە لە نموونەی توێژینەوەکە کە بریتی بوون لەو سروود و گۆرانیە نیشتمانییانەی کە لەلایەن پسپۆڕانی بواری موزیکەوە هەڵبژێردرابوون . |
| ٣ | توێژینەوەی ظاهر | سوودبینراوە لە چوارچێوەی تیۆری و لایەنی زانیاری توێژینەوەکە. |
| ٤ | توێژینەوەی جاد | سوودبینراوە لە پەرپێدانی پرۆگرام لەڕۆشنایی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن. |
| ٥ | توێژینەوەی خەلیل | سوود بینراوە لە شێواز و چۆنیەتی وانەووتنەوەی سۆڵفێجی ڕۆژئاوایی و ئامادەکردنی ڕێبەری مامۆستا بۆ ووتنەوەی وانەکان. |
| ٦ | توێژینەوەی ئاغا | سوودبینراوە لە نمونەی توێژینەوەکە کە بریتی بوون لە گۆرانییە فۆلکلۆر و باوە کوردییەکان کە بەکارهێنرابوون بۆ بابەتی سۆڵفێجی ڕۆژهەڵاتی. |
| ٧ | توێژینەوەی مصطفی | سوود بینراوە لە ووردەکاریی و تایبەتمەندی موزیکی ڕۆژهەڵاتی، پۆلێنکردنی مەقامەکان و ئەو گۆرانییە کوردییانەی کە لەڕێگەی بەرنامەی کۆمپیوتەرییەوە ئامادەکراون. |
| ٨ | توێژینەوەی عثمان | سوودبینراوە لە ڕێگاو شێوازەکانی وانەووتنەوەی تایبەت بە موزیك. |

# بەشی سێیەم

## (ڕێکارەکانی توێژینەوەکە)

٣ ــ ١ میتۆدی توێژینەوەکە

٣ ــ ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

٣ــ ٣ نمونەی توێژینەوەکە

٣ــ ٤ ڕێکارەکانی دانانی پرۆگرامی خوێندنی پێشنیازکراو

٣ــ ٥ هاوکێشە ئامارییەکان

# (ڕێکارەکانی توێژینەوەکە)

## ٣ ــ ١ میتۆدی توێژینەوەکە

بە پێی سروشتی بابەتی توێژینەکە و ئامانجەکانی میتۆدی (وەسفی فێرکاریی شیکردنەوەیی) بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی.

## ٣ ــ ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

بریتی بوو لە سەرجەم بابەتە موزیکییەکانی بەشی پەروەردەی هونەری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) کەپێکهاتبوون لە (شەش) بابەتی موزیکی بڕیار لەسەر دراو لەلایەن لیژنەی زانستی بەشی ئاماژەپێکراو بە نوسراوی ژمارە (١٤ن)ی ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٨) و دابەش کراون بەسەر قۆناغ و سیمیستەرەکاندا، بەو شێوەیەی کە لە خشتەی ژمارە (٣-١) ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی (٣-١)**

**بابەتە موزیکیە بڕیارلێدراوەکان لە بەشی پەروەردەی هونەری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)**

| ژ | ناوی بابەت | قۆناغ | سیمیستەر |
|---|---|---|---|
| ١ | تیۆرەکانی موزیك (ڕۆژئاوایی، ڕۆژهەڵاتی) | یەکەم | یەکەم |
| ٢ | سۆڵفێجی گشتی | یەکەم | دووەم |
| ٣ | سروود و گۆرانی | دووەم | دووەم |
| ٤ | مێژووی موزیك (جیهانی، کورد) | سێیەم | یەکەم |
| ٥ | پەروەردەی ئامێری پیانۆ | سێیەم | دووەم |
| ٦ | ئامێری سەرەکی پیانۆ | چوارەم | یەکەم |

## ٣ ــ٣ نمونەی توێژینەوەکە

بە پێی توانای توێژەر و کاتی تەرخانکراو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، هەستا بە هەڵبژاردنی سێ بابەتی یەکەم ﴿تیۆرەکانی موزیك (ڕۆژئاوایی- ڕۆژهەڵاتی)، سۆڵفێجی گشتی و سروود و گۆرانی﴾ لە شەش بابەتەکەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، وەك نمونە بەشێوازی مەبەستی (عینە قصدیە) لەسەر بنەمای لۆژیك و سایکۆلۆژی بۆ دیزاین کردنی پرۆگرامی خوێندن، واتە ڕێکخستنی بابەتەکان لە گشتیەوە بۆ بەش، لە بنەڕەتەوە بۆ پسپۆڕی و لە ئاسانەوە بۆ گران، بە پێی قۆناغەکانی خوێندن.

## ٣ ــ ٤ ڕێكارەكانی دانانی پڕۆگرامی خوێندنی پێشنیازكراو

توێژەر هەستا بە دانانی پڕۆگرامێكی پێشنیازكراو بۆ هەریەك لە بابەتەكانی ﴿تیۆرەكانی موزیك (ڕۆژئاوایی-ڕۆژهەڵاتی)، سۆڵفێجی گشتی و سروود و گۆرانی﴾ ، بەپێی ڕێكار و هەنگاوەكانی نموونەیەكی تایبەت بۆ دیزاینی پڕۆگرامی فێركاری ئامادەكراو لە لایەن توێژەر، بە سوود وەرگرتن لە نموونە بەناوبانگەكان كە پێشتر ئامادەكراون لە لایەن پسپۆڕان و توێژەرانی وولاتانی جیهان، بە تایبەتی هەردوو نموونەی (تایلەر) و (هێلدا تابا)، نموونەكەش پێك دێت لە (١١) هەنگاو وەك ئەوەی لە شێوەی (٣ - ١) هاتووە:




**هێڵكاری (٣ - ١) نموونەی دیزاینی فێركاری ئامادەكراو لە لایەن توێژەر**

**هەنگاوەکان جێبەجێکران بەم شیوەی لای خوارەوە:**

## ٣ – ٤ – ١ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی خوێندکاران و پێداویستیەکانیان

خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری، بریتین لە دەرچووانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی زانستی و وێژەیی، کە شارەزاییەکی ئەکادیمی ئەوتۆیان نی یە لە بواری موزیك، تەمەنیان (١٩ - ٢٢) ساڵە بە بێ ساڵانی کەوتن، سەبارەت بەو بابەتانەی کە پێویستە بیخوێنن لە میانەی چوارساڵی خوێندنی بەکالۆریۆس، لە ڕۆشنایی ئامانجە پەروەردەییە گشتیەکانی بەشەکە، لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، کە زیاتر جەخت دەکات لەسەر ئامادەکردنی مامۆستای ئەکادیمی پسپۆڕ و لێهاتوو لە بواری پەروەردەی هونەر بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی زانستی و هونەری و پەروەردەیی، بۆ ئەوەی بابەتی پەروەردەی هونەر لە هەموو بوارەکانی (هونەری شێوەکاری ، هونەری موزیك و هونەری شانۆ) بڵێنەوە بە خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی ئاراستە نوێیەکانی پرۆگرامی خوێندن، کە بگونجێت لە گەڵ هەل و مەرج و پێداویستیەکانی ژیانی خوێندکاران و کۆمەڵگەی کوردی ئەم سەردەمە. لە سەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی بەشی پەروەردەی هونەری بۆ توێژەر، وەك یەکێك لە مامۆستایانی بابەتە موزیکییەکانی بەشەکە، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ناوی بابەتە موزیکییەکان کەپێویستە بوترێنەوە بە خوێندکارانی بەشەکە لە میانەی سیمیستەرەکانی چوارساڵی ئەکادیمی، بە پێی سیستەمی بۆلۆنیا پرۆسیس کە بڕیاردراوە پەیڕەو بکرێت لەمەودوا، لە جیاتی سیستەمی ساڵانە کە پێشتر پەیڕەوکرابوو، جێ ئاماژەیە پێشتر وانەی موزیك تەنها لە قۆناغەکانی(دووەم و سێیەم) بە سیستەمی ساڵانە و بە ناوی موزیك لە بەشەکە دەخوێندرا، بەڵام دواتر لیژنەی زانستی بەشەکە لەدوای ئەنجامدانی وۆرکشۆپێکی هاوبەش لە نێوان بەشە زانستیەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت و بەڕێوبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی تایبەت بە چۆنیەتی پەرەپێدان بە پرۆگرامەکانی خوێندنی بەشە زانستیەکان ، بڕیاریدا بە زیادکردنی بابەتەکانی موزیك بۆ (شەش) بابەت بە جۆرێك کە لە هەر چوار قۆناغەکەدا بخوێندرێت.

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر پاش ڕاوێژکردن بە (٣) مامۆستای پسپۆڕ و شارەزا لە بواری موزیك،کە ئەزموونیان هەیە لە وتنەوەی بابەتی موزیك لە بەشەکە (پاشکو: ١ - أ) هەستا بە دەستنیشانکردنی ناوی (٩) بابەتی موزیکی بەجۆرێك کە لەگەڵ هەنگاوەکانی فێربوونی موزیك و پرۆگرامی خوێندنی موزیك لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هەروەها لەگەڵ توانا و پێویستی و خوێندکارانی بەشەکە بگونجێت، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی شیاوترین (٦) بابەت لەو بابەتانە بۆ بەشەکە و دیاریکردنی جۆرەکانیان و دابەشکردنیان بەسەر قۆناغەکان وسیمیستەرەکان، هەستا بە نمایشکردنیان بە سەر بژاردەیەک لە مامۆستای پسپۆڕ و شارەزا لە بواری موزیك (پاشکۆ : ١ - ب) بەپێی ڕاپرسییەکی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە (پاشکۆ : ٢).

لە ئەنجامدا بابەتەکانی ﴿تیۆرەکانی موزیك (ڕۆژئاوایی- ڕۆژهەڵاتی)، سۆڵفێجی گشتی، سروود و گۆرانی، مێژووی موزیك (جیهانی- کوردی)، پەروەردەی ئامێری پیانۆ، ئامێری سەرەکی پیانۆ﴾، دیاریکران بۆ بەشەکە، کە دواتر بوون بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، هەروەها (٣) بابەت ڕەتکرانەوە لە بەر کەمی گونجاندیان بۆ خوێندکارانی بەشەکە، کە لە خشتەی ژمارە (٣- ٢) ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (٣ – ٢)**

**ڕادەی شیاوی بابەتە  موزیکیە پێشنیازکراوەکان و دەستنیشانکردنیان بۆ قۆناغ و سیمیستەرەکان و تایبەتمەندی جۆری ناوەڕۆکەکانیان لە لایەن پسپۆڕانی بواری موزیك**

| ژ | ناوی بابەت | ڕادەی پێویستی بابەت بۆ بەشی پەروەردەی هونەری | ڕادەی شیاوی بابەت بۆ قۆناغ و سیمیستەر | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ٪ | قۆناغ | سیمیستەر | ٪ |
| ١ | تیۆرەکانی موزیك (ڕۆژئاوایی، ڕۆژهەڵاتی) | ٪١٠٠ | یەکەم | یەکەم | ٪٧٧.٧ |
| ٢ | سۆلفێجی گشتی | ٪١٠٠ | یەکەم | دووەم | ٪٧٧.٧ |
| ٣ | سروود و گۆرانی | ٪١٠٠ | دووەم | دووەم | ٪٧٧.٧ |
| ٤ | مێژووی موزیك ( جیهانی، کورد) | ٪٥٥.٥ | سێیەم | یەکەم | ٪٥٥.٥ |
| ٥ | پەروەردەی ئامێری پیانۆ | ٪١٠٠ | سێیەم | دووەم | ٪١٠٠ |
| ٦ | ئامێری سەرەکی پیانۆ | ٪٦٦.٦ | چوارەم | یەکەم | ٪٦٦.٦ |
| ٧ | چێژی موزیك | ٪٣٣.٣ | – | – | - |
| ٨ | زانستی ئامێرەکانی موزیك | ٪٢٢.٢ | – | – | - |
| ٩ | فۆڕمی موزیك | - | – | – | - |

جگە لەمەش سەبارەت بە پێداویستی خوێندکارانی بەشەکە لە فێربوونی موزیك، توێژەر هەستا بە گەڕانێکی مەیدانی سەرەتایی لەم بارەیەوە لەگەڵ  بژاردەیەك لە خوێندکارانی دەرچووی بەشەکە و مامۆستایانی پسپۆڕ لە بواری موزیك لەڕێگەی چاوپێکەوتن و ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە بۆیان: (ئایا پێداویستیی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری چین لە فێربوونی  بابەتەکانی موزیك؟)، لە ئەنجامدا (١٢) پێداویستیان خستە ڕوو، بۆ زانینی ڕادەی شیاوی ئەو پێداویستیانە، لە ڕێگەی ڕاپرسیەکی داخراوەوە (پاشکۆ : ٣)  نمایشکران بەسەر مامۆستایانی بابەتە موزیکیەکانی بەشەکە و مامۆستایانی بواری پەروەردەی موزیك (پاشکۆ: ١ - پ)، لەکۆتایدا سەرجەم برگەکان پەسەندکران بە ڕێژەی (٨٠٪) بۆ سەرەوە، کە لە خشتەی ژمارە (٣ – ٣) خراوەتە ڕوو:

**خشتەی  (٣ – ٣)**

**ڕادەی شیاوی پێداویستی خوێندکاران لە  فێربوونی بابەتە موزیکییەکان**

| ژ | برگەکان | ڕێژەی شیاوی |
|---|---|---|
| ١ | جەخت کردن لە سەر فێرکردنی خوێندکارانی بەشەکە  بە چۆنیەتی ژەنینی ئامێرە موزیکیەکانی وەك پیانۆ، یاخود ئامێری دیکەی موزیك) بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژ بتوانن  ئەرکەکانی خۆیان لە بابەتی سروود وگورانی جێبەجێبکەن کاتێك دەبن بە مامۆستا لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان. | ٪١٠٠ |
| ٢ | تەرخانکردنی چەند وانەیەکی تایبەت بە موزیکی منداڵان لە  ناوەڕۆکی بابەتە موزیکییەکانی بەشی پەروەردەی هونەری. | ٪١٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | بەکارهێنانی ڕێگای مۆدرێن و ئاسانتر بۆ وتنەوەی بابەتەکان لە لایەن مامۆستاکانەوە. | ٨٠٪ |
| ٤ | بەکارهێنانی بەشێك لە بەرنامە موزیکییەکانی مۆبایل وەك هۆکاری فێرکردن. | ٨٠٪ |
| ٥ | خوێندنەوەی ڕیتمی لەڕێگای ڕیتمی جەستە (Body Percussion) کە کار لە بەرزکردنەوەی توانای خوێندکار دەکات لە خوێندنەوەی نۆتەی ڕیتمی. | ٨٠٪ |
| ٦ | بەکارهێنانی ئامێرە ڕیتمییەکانی وەك ( Claves – Maracas – Triangle - Tambourine – Guiro). | ٨٠٪ |
| ٧ | جێبەجێکردنی خوێندنەوەی نۆتە ڕیتمییەکان بە شێوەی کۆمەڵی خوێندکاران لە ڕێگەی ئامێرە ڕیتمییەکان و ڕیتمی جەستە، کەڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی ڕیتم و تێمپۆ لای خوێندکاران. | ٨٠٪ |
| ٨ | بەکارهێنانی هەندێ لە ڕیتمە ڕۆژهەڵاتییەکان و جێبەجێکردنیان لەسەر ئامێرە ڕیتمییە کوردییەکان لە بەرئەوەی هەم چێژ بەخش و هەمیش خوێندکار ئاشنا دەکات بە جۆرەکانی ڕیتم. | ١٠٠٪ |
| ٩ | بەکارهێنانی پارچە موزیکیە جیهانییە ناسراوەکان لە بەرئەوەی ئاسانکاری بۆ خوێندکاری پەروەردەی هونەری دەکات لە خێرا خوێندنەوەی نۆتەی میلۆدیەکەیان لەڕووی بازدانی دەنگەکان و هەبوونی نیشانەکانی گۆڕین. | ١٠٠٪ |
| ١٠ | بایەخدان بە سروود و گۆرانی کوردی چونکە کار لەسەر بەرزکردنەوەی توانای خوێندکار دەکات لە خوێندنەوەی نۆتە و ناساندنی مەقامەکان. | ١٠٠٪ |
| ١١ | نوسینەوەی ڕاهێنانەکان بە بەرنامە موزیکییەکان و گۆڕینیان بۆ گرتەی ڤیدیۆیی کە ڕێگایەکی ئاسانکارە بۆ ڕاهێنانکردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری. | ١٠٠٪ |
| ١٢ | بەکارهێنانی موزیکی کاریۆکێ، چونکە خوێندکار ئاشنا دەکات بە چۆنیەتی گۆرانی گوتن و چێژی پێ دەبەخشێ. | ٨٠٪ |

## ٣ – ٤ – ٢ داڕشتنی ئامانجی بابەتەکانی پرۆگرامەکە

توێژەر لەڕۆشنایی ئامانجی پەروەردەیی گشتی بەشی پەروەردەی هونەری و شارەزایی خودی خۆی لە بواری موزیك و چۆنیەتی داڕشتنی ئامانجە فێرکارییەکان، پاڵپشت بەخوێندنەوەی چەندین سەرچاوەی جۆراو جۆر و توێژینەوەکانی پێشووی بوارەکە، سەرەتا هەستا بە داڕشتنی ئامانجە فێرکارییە گشتیەکانی هەر سێ بابەتەکە، کە پێکهاتبوو لە (٦٦) ئامانج، پاشان هەستا بە داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە پێی پۆلێنی (بلوم) بۆ هەریەك لە سێ بابەتەکە بە شێوەیەکی سەرەتایی، کە لە خشتەی ژمارە (٣ – ٤) ژمارەکانیان ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (٣ – ٤)**

**ئامانجی ( فێرکاری گشتی و ڕەفتاری) بابەتە موزیکیەکان بە شێوەی سەرەتایی**

| ناوی بابەت | ژمارەی ئامانجی گشتی | | | کۆ | ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری | | | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زانیاری | لێهاتویی | ویژدانی | | بیرخستنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | شیکردنەوە | پێکهێنان | هەڵسەنگاندن | |
| تیۆرەکانی موزیك | ١٧ | ١ | ٢ | ٢٠ | ٣٥ | ٤٦ | ١٠ | ١٨ | ٥٠ | ٣ | ١٦٢ |
| سۆڵفێجی گشتی | ٤ | ١٤ | ٤ | ٢٢ | ٩ | ٢٠ | ٦٥ | ٢٥ | - | - | ١١٩ |
| سرووود و گۆرانی | ٤ | ١٤ | ٤ | ٢٢ | ١٥ | ٨ | ٣٠ | ٢ | - | ١ | ٥٧ |
| کۆ | ٢٥ | ٢٩ | ١٠ | ٦٦ | ٥٩ | ٧٤ | ١٠٥ | ٤٥ | ٥٠ | ٤ | ٣٣٧ |

بەڵام بۆ دڵنیایی لە ڕاستی ودروستی داڕشتنی ئەو ئامانجانە لە ڕووی زمانەوانی و زانستیەوە، نمایشکران بەسەر بژاردەیەك لە مامۆستایانی پسپۆڕ و شارەزا لەبوارەکانی ڕێگاکانی وانەووتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و هونەری موزیك (پاشکو : ١- ت) لەڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە (پاشکۆ: ٤)، بەپێی بۆچوونیان هەندێك گورانکاری کرا بەسەر ئامانجەکان لەڕێگای چاکسازیی زمانەوانی یان پۆڵێنکردنی ئاست یاخود لابردن، لە کۆتایدا ئامانجەکان جێگیر بوون (پاشکۆ: ٥)، کە لە خشتەی ژمارە (٣ - ٥) وردەکارییەکانیان خراوەتە ڕوو، جێی ئاماژەیە ڕێژەی (٨٠ ٪) بەرەو سەرەوە پەیڕەوکرا بۆ پەسەندکردنی هەر بڕگەیەک.

**خشتەی (٣ - ٥)**

**ئامانجی (فێرکاری گشتی و ڕەفتاری) بابەتە موزیکیەکان بە شێوەی کۆتایی**

| ناوی بابەت | ژمارەی ئامانجی گشتی | | | کۆ | ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری | | | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زانیاری | لێهاتویی | ویژدانی | | بیرخستنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | شیکردنەوە | پێکهێنان | هەڵسەنگاندن | |
| تیۆرەکانی موزیك | ١٣ | ١ | ٢ | ١٦ | ٢٤ | ٣٩ | ٧ | ١٣ | ٤٣ | ٢ | ١٢٨ |
| سۆڵفێجی گشتی | ٢ | ١٤ | ٤ | ٢٠ | ٥ | ١٤ | ٥١ | ١٩ | - | - | ٨٩ |
| سرووود و گۆرانی | ٢ | ١٤ | ٤ | ٢٠ | ١١ | ٥ | ٢٤ | ١ | - | ١ | ٤٢ |
| کۆ | ١٧ | ٢٩ | ١٠ | ٥٦ | ٤٠ | ٥٨ | ٨٢ | ٣٣ | ٤٣ | ٣ | ٢٥٩ |
| ڕێژەی سەدی ٪ | ٪٣٠.٣ | ٪٥١.٧ | ٪١٧.٨ | ٪١٠٠ | ٪١٥.٤ | ٪٢٢.٣ | ٪٣١.٦ | ٪١٢.٧ | ٪١٦.٦ | ٪١.١ | ٪١٠٠ |

## ٣ ــ ٤ ــ ٣ دیاریكردنی ناوەڕۆكی فێركاری بابەتەكانی پڕۆگرامەكە

لە ڕۆشنایی بنەماكانی پڕۆگرامی خوێندنی تەواوكاری (تكاملي) و بەمەبەستی دیاریكردنی ناوەڕۆكی پڕۆگرامی خوێندنی هەرسێ بابەتەكە بە شێوەیەكی زانستی و مۆدێرن كە بگونجێت لەگەڵ تەمەن وتوانای خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەر، كە لە دواڕۆژ دەبنە مامۆستای پەروەردەی هونەری لەخوێندنگا بنەڕەتییەكان، توێژەر هەستا بە دیاریكردنی ناوەڕۆكی بابەتەكانی: ﴿تیۆرەكانی موزیك (ڕۆژئاوایی- ڕۆژهەڵاتی) ، سۆڵفێجی گشتی و سروود و گۆرانی﴾، بە پێی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

أ - گەڕان بەدوای پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی موزیك لە خوێندنگا بنەڕەتییەكانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ووڵاتانی دراوسێ و ووڵاتە بیانییەكان، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی شێواز و ڕێگا مۆدێرنەكانی پەروەردەی موزیكی.

ب- سەرنجدان لە نمونەی پڕۆگرامی خوێندنی بابەتە موزیكییەكان، لە بەشی پەروەردەی موزیك و بەشی پەروەردەی هونەری لە زانكۆ وپەیمانگاكانی ناوخۆ و ووڵاتانی دەرەوە.

پ- سەرنجدان لە سەرچاوە و توێژینەوەكانی پێشوو پەیوەست بەم پسپۆڕییە، بەمەبەستی دەستخستنی بیرۆكەیەك لەسەر چۆنیەتی ئامادەكردنی ناوەڕۆكی پڕۆگرامی خوێندنی بابەتە موزیكییەكان بۆ قۆناغی خوێندنی زانكۆ.

ت- لە ڕۆشنایی بڕگەكانی پێشووتر دەستكرا بە دیاریكردنی ناوەڕۆكی هەرسێ بابەتەكە بە ووردی بە پێی ئامانجە فێركارییە رەفتارییەكانیان، بەم شێوەی لای خوارەوە:

١- سەبارەت بە بابەتی ( تیۆرەكانی موزیك) تایبەت بە قۆناغی یەكەم (سیمیستەری یەكەم)، وەك سەرەتایەك بۆ چونە نێو بواری موزیك بە شێوەیەكی پەروەردەیی و ئەكادیمی، توێژەر گرنگی داوە بە ئامادەكردنی ناوەڕۆكێك كە لە خزمەت پەروەردەكردنی خوێندكاران بێت لە مەیدانی موزیكی تیۆری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی، ئەویش بە پشتبەستن بە پەڕتوك و سەرچاوە ئەلیكترۆنییە هەمەچەشنەكان و پڕۆگرامەكانی خوێندنی موزیك لە ناوخۆ و دەرەوەی ووڵات، هەروەها تیشكی خستۆتە سەر شێوازەكانی فێركردنی سەردەم بە بەكارهێنانی چەندین هۆكاری فێركردن كە كار لەسەر گەشەكردنی توانای خوێندكار دەكەن لە بابەتەكەدا.

٢- سەبارەت بە بابەتی (سۆڵفێجی گشتی) لە قۆناغی یەكەم (سیمیستەری دووەم)، دوای تیۆرەكانی موزیك و ئاشنا بوونی خوێندكار بە لایەنی تیۆری موزیك دەخوێندرێت، لێرەدا توێژەر ناوەڕۆكی بابەتەكە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەبات كە گەشەكردنی لێهاتویی خوێندكار بەدیبهێنێت لە مەیدانی پراكتیكی، كە پەروەردەكردنی گوێ موزیكی، دەنگ، خوێندنەوەی نۆتە و چالاكییە پراكتیكییە بەكۆمەڵەكان لە خۆ دەگرێت، بەشێك لە بابەتی (سۆڵفێجی گشتی)، تەرخانكراوە بۆ ڕاهێنانی خوێندنەوەی نۆتەی گۆرانییە كوردییەكان بە پێی جۆری مەقامەكان، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر (٢٧) گۆرانی ئەڤینی بە شێوەیەكی سەرەتایی دیاریكرد بەڵام بۆ دڵنیایی بوون لە ڕادەی شیاوی گۆرانییەكان لەڕووی جۆری مەقام و گونجاوی میلۆدی و هۆنراوەكانیان لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردن، نمایشیان كرد بەسەر بژاردەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری موزیك (پاشكۆ: ١- ج)، لە ڕێگەی ڕاپرسییەكی

داخراو ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە (پاشکۆ : ٦) بە ئامانجی هەڵبژاردنی (١) گۆرانی بۆ هەر مەقامێك، کە لە کۆتاییدا (٩) گۆرانییان لێ هەڵبژێردرا، کە لە خشتەی (٣- ٦) هاتووە:

**خشتەی (٣- ٦)**

**گۆرانییە هەڵبژێردراوەکان بەپێی جۆری مەقامەکان و ڕادەی شیاویان لە پرۆسەی پەروەردەدا لە ڕوانگەی شارەزایان**

| مەقام | ژمارەی گۆرانی | ناوی گۆرانی | ڕێژەی شیاوی % | ڕێژەی شیاوی بنیاتنانی میلۆدییەکە لەسەر پلەی دەنگی بنەڕەتی پەیژەی مەقامەکە % | گۆرانی هەڵبژێردراو |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم مەقامی عەجەم | ١ | دەچمە سەر ناڵە شکێنە | ٪٤٣.٨٥ | ٪١٠٠ | دەچمە سەر ناڵە شکێنە |
| | ٢ | مینا خانم | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | پەچەکەت لادە | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| دووەم مەقامی نهاوەند | ١ | بارانی تازە | ٪٤٣.٨٥ | ٪١٠٠ | بارانی تازە |
| | ٢ | هەی نەخشانم | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | کۆچی لەیلا | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| سێیەم مەقامی کورد | ١ | ڕازیانە ڕازیانە | ٪١٤.٢٨ | ٪١٠٠ | شەو |
| | ٢ | شەو | ٪٥٧.١٤ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | بلوێری شوان | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| چوارەم مەقامی حیجاز | ١ | کراس زەردێ | ٪٤٣.٨٥ | ٪١٠٠ | کراس زەردێ |
| | ٢ | فاتیمە | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | نارینێ | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| پێنجەم مەقامی نەوا | ١ | چەند جارم وت | ٪٥٧.١٤ | ٪١٠٠ | چەند جارم وت |
| | ٢ | بە ئاسمانەوە | ٪١٤.٢٨ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | لەژێر ئاسمانی شینا | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| شەشەم مەقامی ڕاست | ١ | کەویار | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | هەی نار |
| | ٢ | پەشیمانی | ٪١٤.٢٨ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | هەی نار | ٪٥٧.١٤ | ٪١٠٠ | |
| حەوتەم مەقامی بەیات | ١ | سەوزەڵێ و خانم | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | لەناوڕەشماڵی خێڵان |
| | ٢ | لەناوڕەشماڵی خێڵان | ٪٧١.٤٣ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | مەستورەی ئامان | ٪٠ | ٪١٠٠ | |
| هەشتەم مەقامی سەبا | ١ | وەك قومری | ٪٥٧.١٤ | ٪١٠٠ | وەك قومری |
| | ٢ | شیرینە و شیرین | ٪١٤.٢٨ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | بەبۆنی خۆش | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | |
| نۆیەم مەقامی سێگا | ١ | هەی بەلار | ٪٢٨.٥٧ | ٪١٠٠ | بۆنی هەڵاڵان دێ |
| | ٢ | لیمۆ های لیمۆ | ٪١٤.٢٨ | ٪١٠٠ | |
| | ٣ | بۆنی هەڵاڵان دێ | ٪٥٧.١٤ | ٪١٠٠ | |

٣- سەبارەت بە بابەتی (سروود و گۆرانی) بۆ قۆناغی دووەم (سیمیستەری دووەم)، بابەتێکی پراکتیکییە و توێژەر بە بایەخەوە لێی ڕوانیوە، چونکە ئەم بابەتە وانەیەکی سەرەکییە لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان و گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری کە دەبن بە مامۆستا لە خوێندنگاکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە دیاریکردنی (٦٥) سروود و گۆرانی نیشتمانی بەشێوەیەکی سەرەتایی، بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی شیاوی هۆنراوەکانیان لە ڕووی پەروەدەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیدا، نمایشکران بەسەر بژاردەیەك لە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردەو دەروونناسی (پاشکۆ: ١- چ) لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە (پاشکۆ : ٧)، لە دەرئەنجامدا (٦١) سروود و گۆرانییان لێ هەڵبژێردرا ، کە لە خشتەی (٣ - ٧) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٣ - ٧)**

**ڕادەی شیاوی هۆنراوەی سروود و گۆرانییەکان لەڕووی پەروەدەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، لەڕوانگەی پسپۆڕان بەشێوەی کۆتایی**

| ژ | ناوی سروود و گۆرانی | ڕادەی شیاوی % | ژ | ناوی سروود و گۆرانی | ڕادەی شیاوی % |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەی ڕەقیب | ١٠٠٪ | ٣٤ | تابمێنی | ١٠٠٪ |
| ٢ | کوردستان وەتەنمانە | ٣٣.٣٣٪ | ٣٥ | سەدەی بیستەمە | ١٠٠٪ |
| ٣ | ئەی کوردینە | ١٠٠٪ | ٣٦ | کوردستان بەهەشتی زەمین | ١٠٠٪ |
| ٤ | ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی | ١٠٠٪ | ٣٧ | سروودی قوتابیان | ١٠٠٪ |
| ه | وەتەنی من | ٣٣.٣٣٪ | ٣٨ | بەهێزی مێشك و بازوو | ١٠٠٪ |
| ٦ | واوەتەن | ١٠٠٪ | ٣٨ | کوردم ئەمن | ١٠٠٪ |
| ٧ | خوایە وەتەن ئاواکەی | ١٠٠٪ | ٤٠ | تا دەست لە مل هیوا نەکەم | ١٠٠٪ |
| ٨ | شاخی ڕەنگاو ڕەنگی گۆیژە | ١٠٠٪ | ٤١ | ئێمە نەتەوەی مەردین | ١٠٠٪ |
| ٩ | ئەی دلێران | ١٠٠٪ | ٤٢ | دیمەنی کوردستان | ١٠٠٪ |
| ١٠ | براینە لەخەو هەڵسن | ١٠٠٪ | ٤٣ | کوردستان نیشتمانی کورد | ١٠٠٪ |
| ١١ | پیرەمەگروون | ٣٣.٣٣٪ | ٤٤ | من پێشمەرگەی کوردستانم | ١٠٠٪ |
| ١٢ | چەند شیرینەلام | ١٠٠٪ | ٤٥ | نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ١٣ | واوەرن | ١٠٠٪ | ٤٦ | جەژنی نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ١٤ | پەیامی ئاگرین | ١٠٠٪ | ٤٧ | ساڵێکی تریش واداهاتەوە | ١٠٠٪ |
| ١٥ | جەنگاوەرین | ١٠٠٪ | ٤٨ | هەرساڵێ نەورۆز بێتەوە | ١٠٠٪ |
| ١٦ | هیوا | ١٠٠٪ | ٤٩ | ڕۆڵەی کورد | ١٠٠٪ |
| ١٧ | هەڕنە پێش | ١٠٠٪ | ٥٠ | خۆشمی ئەوێ وولاتەکەم | ١٠٠٪ |
| ١٨ | ئەی شەهیدان | ١٠٠٪ | ٥١ | ئێمە ئاشتی پەروەرین | ١٠٠٪ |
| ١٩ | ڕاچڵەکین و وریابوین | ١٠٠٪ | ٥٢ | جەژنی دار و درەخت | ١٠٠٪ |
| ٢٠ | براگەل بخوێنن | ١٠٠٪ | ٥٣ | ئاڵای ئاوات | ١٠٠٪ |
| ٢١ | هێزی یەکیەتی | ١٠٠٪ | ٥٤ | ئاسودەبن | ٣٣.٣٣٪ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | بەکوردی زمانم پڕا | ٪١٠٠ | ٥٥ | ئەو شەهیدانەی خوێنیان ڕژاوە | ٪٦٦.٦٦ |
| ٢٣ | ئێمە ڕۆڵەی بیری تازەی ڕاپەڕین | ٪١٠٠ | ٥٦ | سروودی پێشمەرگە | ٪١٠٠ |
| ٢٤ | خاکی شیرین | ٪١٠٠ | ٥٧ | نەورۆزە مەستم | ٪١٠٠ |
| ٢٥ | ڕاپەڕین | ٪١٠٠ | ٥٨ | کوردستان | ٪١٠٠ |
| ٢٦ | شەهید | ٪١٠٠ | ٥٩ | دەمی ڕاپەڕینە | ٪١٠٠ |
| ٢٧ | پێشمەرگەین | ٪١٠٠ | ٦٠ | کوردستان نیشتمانی جوان | ٪١٠٠ |
| ٢٨ | ئێمە کوردین | ٪١٠٠ | ٦١ | وەلاتێ مە کوردستانە | ٪١٠٠ |
| ٢٩ | هەوارە | ٪١٠٠ | ٦٢ | کورد و کوردستانیم | ٪١٠٠ |
| ٣٠ | هەستە لەخەو | ٪١٠٠ | ٦٣ | نەورۆز هات بە گوڵ و ڕێحان | ٪١٠٠ |
| ٣١ | بڕۆ بڕۆ | ٪١٠٠ | ٦٤ | بەری بەیانە | ٪١٠٠ |
| ٣٢ | سڵاوی گەرمی | ٪١٠٠ | ٦٥ | بول بول بە نەغمە | ٪١٠٠ |
| ٣٣ | دایە | ٪٦٦.٦٦ | | | |

پاشان بۆ پۆلێنکردن و دیاریکردنی جۆری ناوەڕۆك و ئامانجی هۆنراوەی سروود و گۆرانییەکان بۆ جارێکی دیکە لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە (پاشکۆ : ٨) نمایشیکران بەسەر بژاردەیەك لە پسپۆڕانی بواری زمانی کوردی (پاشکۆ: ١- ح)، کە تێیدا سروودو گۆرانییەکان پۆلێنکران بۆ (٩) جۆری سەرەکی کە بریتین لە سروود و گۆرانی (نەتەوەیی،یەکیەتی نەتەوایەتی، نیشتمانی، نەورۆز، بەرەنگاری، ڕاپەڕین، پێشمەرگە، شەهید و زانستی) کە لە خشتەی (٣- ٨) دا ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (٣- ٨)**

**پۆلێنکردن و دیاریکردنی جۆری سروود و گۆرانییەکان بەپێی ئامانجی ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیان لە لایەن پسپۆڕانی بواری زمانی کوردی**

| ڕ | ناوی سروود و گۆرانی | جۆری سروود و گۆرانی | ڕێژەی سەدی بۆ دیاریکردنی جۆری سروودەکە |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەی ڕەقیب | نەتەوەیی | ٪١٠٠ |
| ٢ | ئێمە کوردین | نەتەوەیی | ٪١٠٠ |
| ٣ | شاخی ڕەنگاو ڕەنگی گۆیژە | نەتەوەیی | ٪١٠٠ |
| ٤ | تابمێنی | نەتەوەیی | ٪١٠٠ |
| ٥ | کوردم ئەمن | نەتەوەیی | ٪١٠٠ |
| ٦ | ئێمە نەتەوەی مەردین | نەتەوەیی | ٪١٠٠ |
| ٧ | کورد و کوردستانیم | نەتەوەیی | ٪١٠٠ |
| ٨ | ئەی کوردینە | یەکیەتی نەتەوایەتی | ٪٦٦.٦٦ |
| ٩ | ئێمە ئاشتی پەروەرین | یەکیەتی نەتەوایەتی | ٪١٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١١ | خوایە وەتەن ئاواکەی | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١٢ | هیوا | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١٣ | بەکوردی زمانم پژا | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١٤ | کوردستان بەهەشتی زەمین | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١٥ | دیمەنی کوردستان | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١٦ | کوردستان نیشتمانی کورد | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١٧ | خۆشمی ئەویٚ وولاّتەکەم | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١٨ | کوردستان | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ١٩ | کوردستان نیشتمانی جوان | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ٢٠ | وەلاتێ مە کوردستانە | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ٢١ | نەورۆز | نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ٢٢ | جەژنی نەورۆز | نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ٢٣ | هەر ساڵێ نەورۆز بێتەوە | نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ٢٤ | نەورۆزە مەستم | نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ٢٥ | نەورۆز هات بە گول و ریٚحان | نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ٢٦ | واوەتەن | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٢٧ | چەند شیرینەلام | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٢٨ | پەیامی ئاگرین | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٢٩ | جەنگاوەرین | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٠ | هەڕنە پێش | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣١ | ئێمە ڕۆڵەی بیری تازەی ڕاپەڕین | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٢ | هەستە لەخەو | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٣ | دایە | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٤ | تا دەست لە مل هیوا نەکەم | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٥ | ساڵێکی تریش واداهاتەوە | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٦ | ڕۆڵەی کورد | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٧ | ئاڵای ئاوات | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٨ | بەری بەیانە | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٣٩ | بول بول بە نەغمە | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٤٠ | سرودی قوتابیان | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ٤١ | ئەی دلێران | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ٤٢ | خاکی شیرین | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ٤٣ | ڕاپەڕین | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ٤٤ | ڕاچڵەکین و وریابوین | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ٤٥ | هەوارە | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ٤٦ | بڕۆ بڕۆ | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ٤٧ | بەهیزی مێشك و بازوو | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨ | جەژنی دار و درەخت | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ٤٩ | دەمی ڕاپەڕینە | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ٥٠ | پێشمەرگەین | پێشمەرگە | ١٠٠٪ |
| ٥١ | سڵاوی گەرمی | پێشمەرگە | ١٠٠٪ |
| ٥٢ | من پێشمەرگەی کوردستانم | پێشمەرگە | ١٠٠٪ |
| ٥٣ | سروودی پێشمەرگە | پێشمەرگە | ١٠٠٪ |
| ٥٤ | ئەی شەهیدان | شەهید | ١٠٠٪ |
| ٥٥ | شەهید | شەهید | ١٠٠٪ |
| ٥٦ | ئەو شەهیدانەی خوێنیان ڕژاوە | شەهیدان | ١٠٠٪ |
| ٥٧ | براینە لەخەو هەڵسن | زانستی | ١٠٠٪ |
| ٥٨ | واوەرن | زانستی | ١٠٠٪ |
| ٥٩ | براگەل بخوێنن | زانستی | ١٠٠٪ |
| ٦٠ | هێزی یەکیەتی | زانستی | ١٠٠٪ |
| ٦١ | سەدەی بیستەمە | زانستی | ١٠٠٪ |

توێژەر دوای هەڵبژاردنی سروود و گۆرانییەکان لەڕووی پەروەردەیی ودەروونی و کۆمەڵایەتی و پۆلێنکردنیان لە ڕووی جۆرەکانیانەوە، جارێکی دیکە نمایشیکرد بەسەر پسپۆڕانی بواری موزیك (پاشکۆ: ١- خ) لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراو ( پاشکۆ : ٩) بەمەبەستی هەڵبژاردنی ئەو سروود و گۆرانییانەی کە لەڕووی میلۆدییەوە گونجاون بۆ خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری، کە لە تێکڕای (٦١) سروود و گۆرانی (١٩) سروود (٥) گۆرانی بە ڕێژەی (١٠٠٪) هەڵبژێردران، لە خشتەی (٣- ٩) ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (٣- ٩)**

**سروود و گۆرانیە شیاوەکان لەڕووی میلۆدییەوە بۆ خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە ڕوانگەی پسپۆڕانی بواری موزیك**

| ژ | ناوی سروود | جۆر | ڕێژەی شیاوی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەی ڕەقیب | نەتەوەیی | ١٠٠٪ |
| ٢ | ئێمە کوردین | نەتەوەیی | ١٠٠٪ |
| ٣ | کورد و کوردستانیم | نەتەوەیی | ١٠٠٪ |
| ٤ | ئەی کوردینە | یەکیەتی نەتەوایەتی | ١٠٠٪ |
| ٥ | ئێمە ئاشتی پەروەرین | یەکیەتی نەتەوایەتی | ١٠٠٪ |
| ٦ | کوردستان | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ٧ | خۆشمی ئەوێ وولاتەکەم | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ٨ | جەژنی نەورۆز | نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ٩ | چەند شیرینەلام | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | واوەتەن | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ١١ | ساڵێکی تریش واداهاتەوە | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |
| ١٢ | دەمی ڕاپەڕینە | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ١٣ | خاکی شیرین | ڕاپەڕین | ١٠٠٪ |
| ١٤ | من پێشمەرگەی کوردستانم | پێشمەرگە | ١٠٠٪ |
| ١٥ | پێشمەرگە | پێشمەرگە | ١٠٠٪ |
| ١٦ | ئەی شەهیدان | شەهید | ١٠٠٪ |
| ١٧ | ئەو شەهیدانەی خوێنیان ڕژاوە | شەهیدان | ١٠٠٪ |
| ١٨ | براینە لەخەو هەڵسن | زانستی | ١٠٠٪ |
| ١٩ | براگەل بخوێنن | زانستی | ١٠٠٪ |
| ژ | ناوی گۆرانی | جۆر | ڕێژەی شیاوی |
| ١ | شاخی ڕەنگاو ڕەنگی گۆیژە | نەتەوەیی | ١٠٠٪ |
| ٢ | خوایە وەتەن ئاواکەی | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ٣ | وەلاتێ مە کوردستانە | نیشتمانی | ١٠٠٪ |
| ٤ | نەورۆزە مەستم | نەورۆز | ١٠٠٪ |
| ٥ | بەری بەیانە | بەرەنگاری | ١٠٠٪ |

## ٣ –٤ – ٤ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی فێرکاری بابەتەکانی پرۆگرامەکە

پاش دیاریکردن و ئامادەکردنی ناوەڕۆکی هەرسێ بابەتەکە بە شێوەی سەرەتایی، توێژەر هەستا بە ڕێکخستنی ناوەڕۆکەکانیان لە ڕۆشنایی سیستەمی (بۆلۆنیا پرۆسێس) بە جۆرێك کە هەر بابەتێك پێکهاتووە لە (١٤) وانەی خوێندن و هەفتەی (١٥) تەرخانکراوە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی، لێرەدا ناوەڕۆکی وانەکان بە شێوەی زنجیرەیی یەك لە دوای یەك داڕێژراوە بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ – بەستنەوەی ناوەڕۆکی وانەکان بە ئامانجە فێرکارییە گشتی و ڕەفتارییەکانەوە.

ب – ڕێکخستنی ناوەڕۆکی بابەتەکان لەسەر بنەمای سایکۆلۆجی ولۆژیکی، واتە لە گشتیەوە بۆ بەش، لە ئاسانەوە بۆ گران و لە ساکارەوە بۆ ئالۆز.

پ – ڕێکخستنی ناوەرۆکی بابەتەکان بە شێوەی زنجیرەیی تەواوکەری، بە هەردوو ئاڕاستەی ئاسۆیی و ستونی، بەپێی تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی تەواوکاری (التكاملي) وەك یەکێك لە جۆرەکانی بونیادنانی پرۆگرامی خوێندن، کە گونجاوە بۆ بواری موزیك و بابەتە هەمەجۆرەکانی.

ت – گونجاو بێت لەگەڵ تەمەن و تایبەتمەندی و پێداویستی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری.

ج – بەشێوەیەك بێت کە مامۆستایانی بابەتەکان سوودی لێ ببینن، وەك سەرچاوە و ڕێبەرێك بۆ وتنەوەی وانەکان، هەروەها خوێندکارەکانیش سوودی لێ ببینن، وەك سەرچاوەیەکی زانستی باوەڕ پێکراو بۆ سەعی کردن و فێربونی ناوەرۆکی بابەتەکان، واتە بە هەدوو شێوازی فێرکردن و فێربوون ئامادەکرابێت.

بەڵام بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی شیاوی ڕێکخستن و پلە بەندکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان، نمایشیکران بەسەر بژاردەیەك لە پسپۆڕانی بواری موزیك (پاشکۆ: ١- د)، لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە (پاشکۆ: ١٠)، وە لەڕۆشنایی بۆچوونەکانیان چەند چاکسازییەك لە پلەبەندکردنی ناوەڕۆك و گۆڕانکاری لە زیاد کردن و کەمکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان و ڕاستکردنەوەی زمانەوانی بە ئەنجام گەیەندرا، کە لە خشتەی (٣ – ١٠) دا هاتووە:

**خشتەی (٣ – ١٠)**

**ڕێکخستنی ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕانی بواری موزیك**

**أ: بابەتی تیۆرەکانی موزیك ( ڕۆژئاوایی- ڕۆژهەڵاتی)**

| بابەت | ژمارەی هەفتەکان |
|---|---|
| **دەنگەکانی موزیك**<br>**Musical Sounds**<br>- پێناسەی چەمکی موزیك<br>- موزیك وەك دەربڕینێکی جیهانیی<br>- ڕیزکردنی پلە بە پلەی دەنگەکان<br>- ڕێگای یاری دەنگژمێر | یەکەم |
| **ستەیڤ و کلیلەکانی موزیك**<br>**Stave & Clefs**<br>- ستەیڤ (Stave)<br>- هێڵە یاریدەدەرەکان (Ledger Line)<br>- کلیل (Clef)<br>- کلیلی سۆڵ (G clef) | دووەم |
| **ستەیڤ و کلیلەکانی موزیك**<br>**Stave & Clefs**<br>- کلیلی فا ( F clef )<br>- کلیلی دۆ ( C clef)<br>- ستەیڤی گەورە (Grand stave)<br>- کلیلی پێرکەیشن ( Percussion Clef) | سێیەم |
| **تریە و نرخەکانی کات**<br>**Beat And Time Values**<br>- ناوی هێماکانی خایاندنی دەنگ (نۆتەکان و پشووەکان)<br>- دروستکردنی شێوەی نۆتەکان و پشووەکان<br>- هەژمارکردنی خایاندنی کاتی نۆتە و پشووەکان لە ڕێگەی ئاماژە | چوارەم |

| | |
|---|---|
| پێنجەم | **درێژکردنەوەی کاتی نۆتە و پشووەکان**<br>**Dotted Notes , Tie And Fermata**<br>- درێژکردنەوەی خایاندنی کات بە دانانی نیشانەی خاڵ ( Dotted Notes )<br>- درێژکردنەوەی خایاندنی کات لەڕێگەی کەوانی بەستنەوە (Tie)<br>- درێژکردنەوەی خایاندنی کات لەڕێگەی فێرماتە (Fermata) |
| شەشەم | **ڕێبەرەکانی کێش**<br>**Time Signature**<br>- ڕێبەرەکانی کێش (Time Signature)<br>- (مازورە) (Measure)<br>- ڕستەی موزیك (Musical Sentence)<br>- دیاریکردنی ترپەکان بەپێی ڕێبەری کێش<br>- ترپەی بەهێز و بێ هێز (Strong And Weak)<br>- جۆرەکانی کێش |
| حەوتەم | **نیشانەکانی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگەکان**<br>**Sharps & flats**<br>- نیشانەکانی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ (Sharps & flats)<br>- میانەی نێوان دەنگەکانی موزیك<br>- دروستکردنی نیشانەکان و کاریگەرییان لەسەر نۆتەکان<br>- دانانی نیشانەکانی بەرزکردنەوەی و نزمکردنەوەی دەنگ لەنێو مازورەکاندا<br>- دانانی نیشانەکانی بەرزکردنەوەی و نزمکردنەوەی دەنگ لە دوای کلیلەکانی موزیك(ڕێبەرەکانی سکێڵ) (Key Signatures) |
| هەشتەم | **میانەکان**<br>**Intervals**<br>- میانەکان (Intervals)<br>- بازنەی کرۆماتیك (Chromatic Circle)<br>- جۆرەکانی میانە<br>- دیاریکردنی میانەکان لەکاتی هەبوونی نیشانەکانی دێز و بیمۆڵ |
| نۆیەم | **پەیژەکانی موزیك**<br>**Music Scales**<br>- سکێڵ (Scale)<br>- جۆرەکانی سکێڵ<br>سکێڵی گەورە (Major Scale ) سکێڵی بچووك (Minor scale)<br>- کۆرد (Chord)<br>- (ڕێبەرەکانی سکێڵ) (Key Signatures) بەنیشانەی دێز ( ♯ )<br>- سکێڵەکان بە نیشانەی دێز |

| | |
|---|---|
| دەیەم | **پەیژەکانی موزیك**<br>**Music Scales**<br>- (ڕێبەرەکانی سکێڵ) (Key Signatures) بەنیشانەی بیمۆڵ ( ♭ )<br>- سکێڵەکان بە نیشانەی بیمۆڵ |
| یانزەهەم | **نیشانەکانی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا**<br>**Sharps and Flats in Eastern Music**<br>- نیشانەکانی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا<br>- دروستکردنی نیشانەکانی گۆڕین لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی و کاریگەرییان لەسەر نۆتەکان<br>- میانەکان لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی<br>- جۆرەکانی میانەی ڕۆژهەڵاتی |
| دوانزەهەم | **مەقام لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا**<br>**Maqam in Eastern music**<br>- مەقام<br>- ڕەگەز<br>- گرێ |
| سیانزەهەم | **سکێڵی مەقامە سەرەکییەکان**<br>**Scales of Basic maqams**<br>**ئەو مەقامانەی کە مایکرۆتۆن وەرناگرن**<br>- مەقامی عەجەم<br>- مەقامی نەهاوەند<br>- مەقامی کورد<br>- مەقامی حیجاز<br>- مەقامی نەوا ئەسەر |
| چواردەهەم | **سکێڵی مەقامە سەرەکییەکان**<br>**Scales of Basic maqams**<br>**ئەو مەقامانەی کە مایکرۆتۆن وەردەگرن**<br>- مەقامی ڕاست<br>- مەقامی بەیات<br>- مەقامی سەبا<br>- مەقامی سێگا |
| پانزەهەم | **تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمیستەر** |

**ب: بابەتی (سۆڵفێجی گشتی)**

| بابەت | ژمارەی هەفتەکان |
|---|---|
| **ڕابەریکردنی ڕێبەری کێش**<br>**(Conducting time signature)**<br><br>- بابەتی سۆڵفێج و گرنگی لە موزیکدا<br>- هەنگاوەکانی خوێندنەوەی نۆتەی موزیك<br>- هەژمارکردنی ترپەکان بەپێی کێشی ( $\frac{2}{4}$ ) لەڕێگەی ئاماژەی دەست<br>- هەژمارکردنی ترپەکان بەپێی کێشی ( $\frac{3}{4}$ ) لەڕێگەی ئاماژەی دەست<br>- هەژمارکردنی ترپەکان بەپێی کێشی ( $\frac{4}{4}$ ) لەڕێگەی ئاماژەی دەست<br>- هەژمارکردنی ترپەکان بەپێی کێشی ( $\frac{6}{8}$ ) لەڕێگەی ئاماژەی دەست<br>- جۆرەکانی تێمپۆ<br>- ئامێری میترۆنۆم | یەکەم |
| **خوێندنەوەی ڕیتمی (Rhythm Reading )**<br>**بە ڕێگای (ئیمی پاری) (Aimye paris)**<br><br>- خوێندنەوەی نۆتە و پشووەکان بە ڕێگای (ئیمی پاری)<br>- خوێندنەوەی نۆتەکان بەشێوەی کۆمەڵ بە ڕێگای (ئیمی پاری).<br>- خوێندنەوەی نۆتە و پشووەکان بەشێوەی کۆمەڵ بە ڕێگای (ئیمی پاری) .<br>- خوێندنەوەی نۆتە لەکاتی دانانی کەوانی بەستن (Tie) .<br>- ڕاهێنانی ڕیتمی بەڕێگەی (ئیمی پاری)، بە بەکارهێنانی ئاماژەی دەست و پابەندبوون بە تێمپۆ. | دووەم |
| **خوێندنەوەی ڕیتمی لەڕێگەی (جەستە) (Body percussion )**<br><br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی (Clap)<br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی (Snap)<br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی (Stomp)<br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی (Pat)<br>- چۆنیەتی خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی (Body percussion) بە یاوەری پارچەی موزیك | سێیەم |
| **خوێندنەوەی ڕیتمی لە ڕێگەی ئامێرە پێرکەیشنەکان**<br>**(Percussion Instruments)**<br><br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی ئامێری تراینگڵ (Triangle)<br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی ئامێری کلاڤیس (Claves)<br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی ئامێری گویرۆ (Guiro)<br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی ئامێری ماراکاس (Maracas)<br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی ئامێری تامبۆرین ( Tambourine) | چوارەم |

| | |
|---|---|
| | - خوێندنەوەی نۆتەی ڕیتمی بەشێوەی کۆمەڵ و هاوشان لەگەڵ پارچەی موزیك |
| پێنجەم | **خوێندنەوەی سۆڵفایی(Solfeggio  Parlato)**<br><br>- خوێندنەوەی نۆتەکان لەڕێگەی (خوێندنەوەی سۆڵفایی)  بەبەکارهێنانی ئاماژەی دەست<br>- هێمای دووبارە و گەڕانەوەکان |
| شەشەم | **خوێندنەوەی میلۆدی (Solfeggio Cantato)**<br>**(میانەکان) (Intervals)**<br><br>- ڕاهێنانی خوێندنەوەی  میانەکان لەسەر پلەی دەنگی دۆ<br>- نیشانەی دەربڕین و داینەمیکەکان |
| حەوتەم | **میلۆدییە جیهانییەکان**<br>**پارچەموزیکی (Ode to Joy)** |
| هەشتەم | **میلۆدییە جیهانییەکان**<br>**پارچە موزیکی ( Conquest Of Paradise)** |
| نۆیەم | **هەندێك لە ڕیتمە بەکارهاتووەکانی ناو موزیك و گۆرانی کوردی**<br><br>- نوسینی نۆتەی جوڵەکانی ڕیتم<br>- شوێن جوڵەکانی ڕیتم لە سەرئامێری پێرکەیشن<br>- جێبەجێکردنی ڕیتمەکان بە شێوازی پراکتیکی لەسەر ئامێری پێرکەیشن |
| دەیەم | **پێگەی مەقام لە موزیك و  گۆرانی کوردیدا**<br><br>- چەمکی مەقام و جۆرەکانی<br>- چەمکی گۆرانی و جۆرەکانی<br>- تایبەتمەندی گۆرانی کوردی لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە<br>- سکێڵی مەقامی عەجەم<br>- گۆرانی (دەچمە سەر ناڵە شکێنە) |
| یانزەهەم | **مەقامەکان لە گۆرانی کوردیدا**<br>**(ئەو مەقامانەی مایکرۆتۆنیان بەرناکەوێت)**<br>- سکێڵی مەقامی نەهاوەند<br>- گۆرانی (بارانی تازە)<br>- سکێڵی مەقامی کورد<br>- گۆرانی (شەو) |
| دوانزەهەم | **مەقامەکان لە گۆرانی کوردیدا**<br>**(ئەو مەقامانەی مایکرۆتۆنیان بەرناکەوێت)**<br><br>- سکێڵی مەقامی حیجاز<br>- گۆرانی (کراس زەردێ) |

| | |
|---|---|
| - سکێڵی مەقامی نەوا ئەسەر<br>- گۆرانی (چەند جارم ووت) | |
| **مەقامەکان لە گۆرانی کوردیدا**<br>**(ئەو مەقامانەی مایکرۆتۆنیان بەردەکەوێت)**<br><br>- سکێڵی مەقامی ڕاست<br>- گۆرانی (هەی نار)<br>- سکێڵی مەقامی بەیات<br>- گۆرانی (لەنێو ڕەشماڵی خێڵان) | سیانزەهەم |
| **مەقامەکان لە گۆرانی کوردیدا**<br>**(ئەو مەقامانەی مایکرۆتۆنیان بەردەکەوێت)**<br><br>- سکێڵی مەقامی سەبا<br>- گۆرانی (وەك قومری)<br>- سکێڵی مەقامی سێگا<br>- گۆرانی (بۆنی هەڵاڵان دێ) | چواردەهەم |
| **تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمیستەر** | پانزەهەم |

**پ : بابەتی (سروود وگۆرانی )**

| بابەت | ژمارەی هەفتەکان |
|---|---|
| **سروود گۆرانی کوردی**<br>- چەمکی سروود<br>- مێژووی سەرهەڵدانی سروودی کوردی<br>- چەمکی گۆرانی<br>مێژووی سەرهەڵدانی گۆرانی کوردی<br>- جیاوازی نێوان سروود و گۆرانی لەڕووی ناوەڕۆك و موزیکەوە<br>- ئاشناکردنی جۆرەکانی سروودی کوردی<br>- ئاشناکردنی جۆرەکانی گۆرانی کوردی | یەکەم |
| **سروودی نەتەوەیی**<br>- سروودی (ئەی ڕەقیب)<br>- سروودی (ئێمە کوردین) | دووەم |
| **سروود و گۆرانی نەتەوەیی**<br>- سروودی (کورد و کوردستانیم)<br>- گۆرانی (شاخی ڕەنگا و ڕەنگی گۆیژە) | سێیەم |
| **سروودی یەکیەتی نەتەوایەتی**<br>- سروودی (ئەی کوردینە)<br>- سروودی (ئێمە ئاشتی پەروەرین) | چوارەم |

| | |
|---|---|
| **سروودی نیشتمانی**<br>- سروودی (کوردستان)<br>- سروودی (خۆشمئەویَ ولّاتەکەم) | پێنجەم |
| **گۆرانی نیشتمانی**<br>- گۆرانی (خوایە وەتەن ئاواکەی)<br>- گۆرانی (وەلاتێ مە کوردستانە) | شەشەم |
| **سروود و گۆرانی نەورۆز**<br>- سروودی (جەژنی نەورۆز)<br>- گۆرانی (نەورۆزە مەستم) | حەوتەم |
| **سروودی بەرەنگاری (بەرخودان)**<br>- سروودی (چەند شیرینە لام)<br>- سروودی (واوەتەن) | هەشتەم |
| **سروود و گۆرانی بەرەنگاری (بەرخودان)**<br>- سروودی (سالّێکی تریش واداهاتەوە)<br>- گۆرانی (بەری بەیانە) | نۆیەم |
| **سروودی ڕاپەڕین**<br>- سروودی (دەمی ڕاپەڕین)<br>- سروودی (خاکی شیرین) | دەیەم |
| **سروودی پێشمەرگە**<br>- سروودی (من پێشمەرگەی کوردستانم)<br>- سروودی (پێشمەرگە) | یانزەهەم |
| **سروودی شەهید**<br>- سروودی (ئەی شەهیدان)<br>- سروودی (ئەو شەهیدانەی خوێنیانن ڕژاوە) | دوانزەهەم |
| **سروودی زانستی**<br>- سروودی (براینە لە خەو هەلّسن)<br>- سروودی (برا گەل بخوێنن) | سیانزەهەم |
| **گۆرانی منداڵان**<br>- گۆرانی منداڵان<br>- جۆرەکانی گۆرانی منداڵان<br>- سوود و ئامانجەکانی گۆرانی منداڵان<br>- مەرجەکانی هەلّبژاردنی گۆرانی منداڵان لە ڕووی (هۆنراوە، ڕیتم، ئاواز)<br>- چینەکانی دەنگی منداڵان<br>- ناساندنی ئۆپەرێت<br>- مەرجەکانی کاری ئۆپەرێت | چواردەهەم |
| **تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمیستەر** | پانزدەهەم |

### ٣ – ٤ – ٥ دیاریکردنی ڕێگاو وشێواز و ستراتیجیەکانی وتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامەکە

توێژەر لەڕۆشنایی تایبەتمەندی ناوەڕۆکی بابەتە موزیکییەکان و پاڵپشت بەخوێندنەوەی چەندین سەرچاوە و توێژینەوەی جۆراو جۆر لەسەر ڕێگا و شێواز و ستراتیجەکانی وانە ووتنەوە، هەستا بە دیاریکردنی (١٥) ڕێگا و (١٠) شێواز و (٣) ستراتێجی وانەووتنەوەی گشتی لەگەڵ (١٦) ڕێگا و (٥) ستراتیجی وانەووتنەوەی تایبەت بە بواری موزیك، بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕێگا و شێواز و ستراتیجانەی کە پێویستن بۆ ووتنەوەی بابەتە موزیکییەکانی پرۆگرامەکە لەڕووی تایبەتمەندی ناوەڕۆکی وانەکان و خوێندنی ئاستی زانکۆ، لەڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە (پاشکۆ: ١١) نمایشیکرد بەسەر بژاردەیەك لە مامۆستایانی بواری موزیك و ڕێگاکانی وانەووتنەوەی هونەر (پاشکۆ: ١ - ر)،کە تێیدا (٨) ڕێگا و (٤) شێواز و (٢) ستراتیجییەکی وانەووتنەوەی گشتی ، (٥) ڕێگا ، (٤) ستراتیجی تایبەت بە بواری موزیک هەڵبژێردران و لە پاشکۆکانی (١٦، ١٨، ٢٠) بۆ هەر وانەیەك دیاریکران، کە لە خشتەی (٣ – ١١) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (٣ – ١١)**

**دیاریکردنی ڕێگاو شێواز و ستراتیجەکانی وانە ووتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان**

| ژ | ڕێگای وانەووتنەوەی گشتی | شیاوە بە ڕێژەی% |
|---|---|---|
| ١ | ڕێگای ئیستقرائی. | ٪١٠٠ |
| ٢ | ڕێگای فێربوون بە یارمەتی کۆمپیوتەر. | ٪١٠٠ |
| ٣ | ڕێگای وانە بێژی. | ٪١٠٠ |
| ٤ | ڕێگای فێرکردنی پرۆگرام کراو. | ٪١٠٠ |
| ٥ | ڕێگای خستنە ڕووی کردەیی. | ٪١٠٠ |
| ٦ | ڕێگای بەڵگە و دێکۆمێنت. | ٪٦٠ |
| ٧ | ڕێگای گفتوگۆ. | ٪٦٠ |
| ٨ | ڕێگای هەرەوەزی. | ٪٦٠ |
| ژ | ڕێگای وانەوتنەوەی تایبەت بە موزیك | شیاوە بە ڕێژەی% |
| ١ | ڕێگای جوڵەی دەستەکان بۆ ژماردنی ترپەی نۆتەکان. | ٪١٠٠ |
| ٢ | ڕێگای هەژمارکردنی ترپەی مازورەکان لەڕێگەی ئاماژەی دەست. | ٪١٠٠ |
| ٣ | ڕێگای ئیمی پاری. | ٪١٠٠ |
| ٤ | ڕێگای میانەکان. | ٪١٠٠ |
| ٥ | ڕێگای زڵاتان کۆدای. | ٪٦٠ |
| ژ | شێوازی وانەوتنەوەی گشتی | شیاوە بە ڕێژەی% |
| ١ | شێوازی ناڕاستەوخۆ. | ٪١٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | شێوازی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان (فیدباك). | ١٠٠٪ |
| ٣ | شێوازی دووبارەکردنەوە. | ١٠٠٪ |
| ٤ | شێوازی گرووپ. | ١٠٠٪ |
| ژ | ستراتیجی وانەوتنەوەی گشتی | شیاوە بە ڕێژەی% |
| ١ | خستنە ڕوو. | ١٠٠٪ |
| ٢ | پرسیارکردن. | ١٠٠٪ |
| ژ | ستراتیجی وانەوتنەوەی تایبەت بە موزیك | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | فێرکاری تیۆری موزیك. | ١٠٠٪ |
| ٢ | خوێندنەوەی نۆتەی  موزیك. | ١٠٠٪ |
| ٣ | پەروەردەی گوێی و دەنگی موزیکی. | ١٠٠٪ |
| ٤ | ژەنینی ئامێری موزیك. | ١٠٠٪ |

## ٣ –٤– ٦ دیاریکردنی چالاکی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە

توێژەر بۆ بابەتە موزیکییەکانی نێو پڕۆگرامەکە  هەستا بە ئامادەکردنی (٣٦) چالاکی بۆ مامۆستا لە میانەی وانەووتنەوە و (١٥) چالاکی بۆ خوێندکار لە نێو هۆڵی خوێندن و دەرەوەی هۆڵی خوێندن، بۆ زانینی ڕادەی شیاوی ئەو چالاکییانە لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە (پاشکۆ: ١٢) نمایشیکرد بەسەر مامۆستایانی بواری موزیك (پاشکۆ: ١- ڕ)، لە ئەنجامدا (٢٢) چالاکی بۆ مامۆستا و (٧) چالاکی بۆ خوێندکار هەڵبژێردران  و لە پاشکۆکانی (١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١) بۆ هەر وانەیەك دیاریکران، کە لە خشتەی (٣ – ١٢) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی  (٣ – ١٢)**

**دیاریکردنی  چالاکی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان**

| ژ | چالاکی بۆ مامۆستا | شیاوە بە ڕێژەی |
|---|---|---|
| ١ | نمایشکردنی سروودی ماریوحەننا مەعمەدانی لە ڕێگەی داتاشۆوە بەمەبەستی ئاشنابوونی خوێندکار بەو تیکستەی کە پیتەکانی موزیکی لێوەرگیراوە. | ٨٠٪ |
| ٢ | ژەنینی ئامێری پیانۆ بۆ ئاشنابوونیان بە چۆنیەتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی پلە بە پلەی تۆنی دەنگەکان. | ١٠٠٪ |
| ٣ | نمایشکردنی هەنگاوەکانی دروستکردنی شێوەی کلیلەکان لەڕێگەی وێنەوە. | ١٠٠٪ |
| ٤ | ژەنین لەسەر ئامێری پیانۆ و نمایشکردنی دەستی ڕاست و چەپ بۆ تێگەیشتنی خوێندکار لە پەیوەندی دەستەکان  بە ستەیقی گەورەوە کە دەستی ڕاست بۆ کلیلی سۆڵ و دەستی چەپ بۆ کلی فا  بەکاردێت. | ١٠٠٪ |
| ٥ | نمایشکردن و لێدانی چەند ئامێرێکی پێرکەیشن، تاوەکو خوێندکار جیاوازی بکات لە | ٨٠٪ |

| | | |
|---|---|---|
| | نێوان ئامێرە میلۆدییەکان و ئامێرە ڕیتمییەکان. | |
| ٦ | ژەنین لەسەر ئامێری پیانۆ بەمەبەستی ئاشناکردنی جۆری سکێڵەکان و کۆردەکان. | ١٠٠٪ |
| ٧ | ژەنینی ئامێری عود یاخود هەر ئامێرکی دیکە کە بتوانرێت موزیکی مایکۆرتۆنی پێ بژەنرێت، بە مەبەستی ژەنینی ڕەگەزی مەقامە سەرەکییەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی. | ١٠٠٪ |
| ٨ | نمایشکردنی نمونەی گۆرانی بۆ هەر مەقامێك بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێندکار بەئاوازەکەی. | ١٠٠٪ |
| ٩ | نمایشکردنی گرتەی ڤیدیۆیی تایبەت بە شێوازە بنەڕەتییەکانی ڕابەریکردن. | ١٠٠٪ |
| ١٠ | نمایشکردنی ئاماژەی دەستی ڕاست بۆ چۆنیەتی هەژمارکردنی ترپەی مازورەکان بەپێی کێشی موزیك. | ١٠٠٪ |
| ١١ | نمایشکردنی گرتەی ڤیدیۆیی تایبەت بە ڕیتمی جەستە کە تێیدا پارچەی موزیك یاخود گۆرانی هاوشان لەگەڵ ریتمی جەستەدا بەکاردێن. | ١٠٠٪ |
| ١٢ | نمایشکردنی گرتەی ڤیدیۆیی تایبەت بە چۆنیەتی تەکنیك و شێوازی بەکارهێنانی ئامێرە پێرکەیشنەکان لەلایەن ژەنیاران شانبەشانی ئەو گۆرانییەی وەك ڕاهێنان دیاریکراوە. | ١٠٠٪ |
| ١٣ | نمایشکردنی ئەو نۆتە موزیکیانەی کە نیشانەی دووبارە و گەڕانەوەکانی تێدایە. | ١٠٠٪ |
| ١٤ | نمایشکردنی ئەو نۆتە موزیکیانەی کە داینەمیك و نیشانەی دەربڕینیان تێدایە. | ١٠٠٪ |
| ١٥ | ئامادەکردنی نۆتەی ڕاهێنانەکان نوسینەوەی بە بەرنامەی موزیکی و گۆڕینیان بۆ گرتەی ڤیدیۆیی. | ١٠٠٪ |
| ١٦ | بەکارهێنانی ئامێری ڕیتمی لە کاتی جێبەجیکردنی ڕاهێنانەکانی تایبەت بەو ئامێرە . | ١٠٠٪ |
| ١٧ | نمایشکردنی ئەو سروود و گۆرانییە کوردییانەی کە وەك ڕاهێنان ئامادەکراوە بە دەنگی هونەرمەندەکە پێش خویندنەوەی نۆتەکەی. | ١٠٠٪ |
| ١٨ | نمایشکردنی چەندین گۆرانی دیکەی تایبەت بە جۆری مەقامی ڕاهێنانە ئامادەکراوەکان ،بەمەرجێك هۆنراوەکەی شیاو بێت لە پرۆسەی خوێندندا. | ١٠٠٪ |
| ١٩ | لەڕێگەی نمایشکردنی چەندین گۆرانی و سروودەوە جیاوازی نێوان سروود و گۆرانی بخاتە ڕوو. | ١٠٠٪ |
| ٢٠ | نمایشکردنی وێنە و کورتە باسێك لەژیاننامەی ئەو شاعیر و ئاوازدانەرە کوردانەی کە برەوییان داوە بە سروودی و گۆرانی کوردی. | ١٠٠٪ |
| ٢١ | نمایشکردنی گۆرانی و ئۆپەرێتی منداڵان. | ٨٠٪ |
| ٢٢ | نمایشکردنی لینکی زانیاری و سەرچاوەی نووسراوی بەسوود لەسەر بابەتە موزیکییەکان. | ١٠٠٪ |
| ژ | چالاکی بۆ خوێندکار | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | بەکارهێنانی وێنەی دەنگژمێر وەك ڕێگەی یاری بۆ دیاریکردنی دەنگەکانی موزیك و دانانیان لەسەر پلیکانە. | ١٠٠٪ |
| ٢ | بەکارهێنانی بەرنامە موزیکییەکانی مۆبایل کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە و لەلایەن مامۆستا دیاری کراوە. | ٨٠٪ |
| ٣ | دامەزراندنی ئامێری پیانۆ لەسەر مۆبایل و لەڕێگەی (Head phone) بەکاربهێندرێت لەو بابەتانەی کە پێویستی بە ئامێری پیانۆیە. | ٨٠٪ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | بەکارهێنانی بەرنامەی مۆزیکی کۆمپیوتەری (Kurdish solfege)، بەمەبەستی ئاشنابوون بە سکێڵی مەقامەکان و ڕاهێنان و گۆرانییە کوردییەکان. | ٪١٠٠ |
| ٥ | بەکارهێنانی لینکی ڤیدیۆی فێرکاری پەیوەست بە بابەتە مۆزیکییەکان. | ٪١٠٠ |
| ٦ | بەکارهێنانی مۆزیکی کاریۆکێ بۆ ووتنی سروود و گۆرانییەکان. | ٪١٠٠ |
| ٧ | ژەنینی ئامێرە پێرکەیشنەکان. | ٪١٠٠ |

### ٣ –٤– ٧ دیاریکردنی ئامرازەکانی فێرکردن لە بابەتەکانی پڕۆگرامەکە

سەبارەت بە ئامرازەکانی فێرکردنی بابەتە مۆزیکییەکانی نێو پڕۆگرامەکە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی (١٠٧) گرتە ڤیدیۆی ڕاهێنانەکان لە بابەتی (سۆڵفێجی گشتی و سروود و گۆرانی)، وە بەکارهێنانی (١) بەرنامەی مۆزیکی فێرکاری کۆمپیوتەر، (٢٢) بەرنامەی مۆزیکی فێرکاری مۆبایل، (٢) بەرنامەی نۆتەنوسینی کۆمپیوتەر، (٥) وێنەی فێرکاری مۆزیك، (٩) مۆزیکی کاریۆکێ، (١٧) لینکی فێرکاری و زانیاری و (٤) پێداویستی و ئامێری مۆزیك، بۆ زانینی ڕادەی شیاویان لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە (پاشکۆ: ١٣) نمایشیکرد بەسەر مامۆستایانی بواری مۆزیك (پاشکۆ: ١- ز)، لە ئەنجامدا سەرجەمییان هەڵبژێردران بە ڕێژەی (٪٦٠) بەرەو سەرەوە، کە لە پاشکۆکانی (١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١) بۆ هەر وانەیەك دیاریکران و لە خشتەی ژمارە (٣ – ١٣) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (٣ – ١٣)**

**دیاریکردنی ئامرازەکانی فێرکردن لە بابەتە مۆزیکییەکانی پڕۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان**

| ژ | ڤیدیۆی ڕاهێنانەکان | شیاوە بە ڕێژەی |
|---|---|---|
| ١ | (٢٨) ڕاهێنانی سەرەکی لە بابەتی (سۆڵفێجی گشتی) | ٪٨٠.٧ |
| ٢ | (٥٥) ڕاهێنانی فێرکاری لە بابەتی (سۆڵفێجی گشتی) | ٪٨٥.٢ |
| ٣ | (٢٤) ڕاهێنان لە بابەتی سروود و گۆرانی | ٪٩٠.٣ |
| ژ | بەرنامەی فێرکاری کۆمپیوتەر | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | (Kurdish solfege) | ٪١٠٠ |
| ژ | بەرنامەی فێرکاری مۆبایل | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | ( Your Do Re Mi ) | ٪٦٠ |
| ٢ | (Music Flash) | ٪٨٠ |
| ٣ | ( Music Trainer) | ٪٨٠ |
| ٤ | (Clef Master) | ٪٨٠ |
| ٥ | (Music Reading ) | ٪٨٠ |
| ٦ | (Solfa Read) | ٪١٠٠ |
| ٧ | (Note Teacher) | ٪٦٠ |
| ٨ | (Maestro) | ٪٨٠ |
| ٩ | (Ensemble Composer) | ٪٦٠ |
| ١٠ | (Memo Score Lite) | ٪٦٠ |
| ١١ | (Rhythm Teacher) | ٪٨٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | (Perfect piano) | ٪١٠٠ |
| ١٣ | ( Music Theory Helper) | ٪٨٠ |
| ١٤ | (Music School :Interval & chords) | ٪٨٠ |
| ١٥ | ( The Ear Gym ) | ٪٨٠ |
| ١٦ | (Music Theory - Key Signature Quiz) | ٪٨٠ |
| ١٧ | (Scales Tutor ) | ٪٦٠ |
| ١٨ | ( Music Companion ) | ٪٨٠ |
| ١٩ | ( Circle Of Fifth ) | ٪٨٠ |
| ٢٠ | (Maqamat ) | ٪١٠٠ |
| ٢١ | (Sound corset) | ٪٨٠ |
| ٢٢ | (Sharp Ear – Rhythm) | ٪٨٠ |
| ژ | بەرنامەی نۆتە نوسین | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | (Sibelius) | ٪١٠٠ |
| ٢ | (Mus2) | ٪١٠٠ |
| ژ | وێنەی فێرکاری | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | دەنگژمێر | ٪١٠٠ |
| ٢ | بازنەی کرۆماتیك | ٪١٠٠ |
| ٣ | بازنەی پێنجی | ٪١٠٠ |
| ٤ | کلیلەکانی ئامێری پیانۆ | ٪١٠٠ |
| ٥ | (Flash cards) بۆ کلیلەکان، نۆتە و پشوو و نیشانەکانی گۆڕێن | ٪١٠٠ |
| ژ | موزیکی کاریۆکێ | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | ئەی ڕەقیب | ٪١٠٠ |
| ٢ | کورد و کوردستانیم | ٪٦٠ |
| ٣ | خۆشم ئەوێ وولاتەکەم | ٪٨٠ |
| ٤ | خوایە وەتەن ئاواکەی | ٪٨٠ |
| ٥ | دەمی ڕاپەڕین | ٪٨٠ |
| ٦ | نەورۆزە مەستم | ٪٨٠ |
| ٧ | ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین | ٪٦٠ |
| ٨ | ئەی کوردینە | ٪٨٠ |
| ٩ | ئەی شەهیدان | ٪٨٠ |
| ژ | لینکی فێرکاری و زانیاری | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | (١٧) لینکی زانیاری و فێرکاری لە بابەتی (سۆڵفێجی گشتی) | ٪٨٠.٢ |
| ژ | پێداویستی و ئامێرە موزیکییەکان | شیاوە بە ڕێژەی |
| ١ | ئامێری پیانۆ | ٪١٠٠ |
| ٢ | ئامێری پێرکەیشنەکان | ٪١٠٠ |
| ٣ | ئامێری عود | ٪٨٠ |
| ٤ | میترۆنۆم | ٪١٠٠ |

## ٣ –٤– ٨  دیاریکردنی  شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکانی پرۆگرامەکە

توێژەر هەستاوە بە دیاریکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن بەپێی ئامانجی بابەتەکانی نێو پرۆگرامەکە، کە بریتین لە:

أ - هەڵسەنگاندنی خودی (لە لایەن خوێندکار): لەڕێگەی بەرنامە ئەلیکترۆنی و ڤیدیۆ فێرکارییەکانی بواری موزیك، کە بۆ هەر وانەیەك تەرخانکراوە، خوێندکار دەتوانێت تاقیکردنەوەی خودی ئەنجام بدات و ئاستی خۆی و هەڵەکانی دیاریبکات.

ب - هەڵسەنگاندنی پێکهێنەر (لە لایەن مامۆستا): توێژەر لە کۆتایی هەروانەیەك چەند پرسیارێك یاخود ڕاهێنانێك بۆ مامۆستا پێشنیاز دەکات کە ئاڕاستەی خوێندکارانی بکات لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی، بەمەبەستی دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خوێندکاران و ئاستی تێگەیشتنیان بۆ بابەتەکە.

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر  بۆ چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی پێکهێنەر لە دانانی پرسیار بۆ بابەتە موزیکییەکان (٦) جۆری پرسیار لە تاقیکردنەوەی تیۆری و (٥) جۆر پێوەری لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە پێشنیازکرد (پاشکۆ: ١٤) و خستییە بەردەم بژاردەیەك لە پسپۆڕانی بواری موزیك (پاشکۆ: ١-ژ)، لە ئەنجامدا (٣) جۆری پرسیار لە لایەنی تیۆری و (٤) جۆر پێوەری لایەنی پراکتیکی  دیاریکران بۆ هەر وانەیەك، کە لە پاشکۆکانی (١٦، ١٨، ٢٠) دا هاتووە و  لە خشتەی ژمارە (٣ – ١٤) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (٣ – ١٤)**

**دیاریکردنی  شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتە موزیکییەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان**

| ژ | جۆری پرسیار لە تاقیکردنەوەی تیۆری | شیاوە بە ڕێژەی | ژ | جۆری پێوەر لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی | شیاوە بە ڕێژەی |
|---|---|---|---|---|---|
| شێوازەکانی هەڵسەنگاندن | | | | | |
| ١ | پرسیاری کورت خایەن | ١٠٠٪ | ١ | خوێندنەوەی ڕیتمی نۆتەی موزیك | ١٠٠٪ |
| ٢ | پرسیاری تەواوکردن | ١٠٠٪ | ٢ | خوێندنەوەی  سۆڵفایی نۆتەی موزیك | ١٠٠٪ |
| ٣ | پرسیاری زارەکی | ١٠٠٪ | ٣ | خوێندنەوەی  میلۆدی نۆتەی موزیك | ١٠٠٪ |
| | | | ٤ | جێبەجێکردن لەسەر ئامێری موزیك | ١٠٠٪ |

## ٣ –٤– ٩  دیزاینکردنی  بابەتەکانی پرۆگرامەکە بە شێوازی سەرەتایی

توێژەر هەستا بە دیزاینکردنی بابەتەکانی نێو پرۆگرامەکە بە شێوازێکی سەرەتایی،  کە بۆ هەریەك لە  بابەتەکانی (تیۆری موزیك، سۆڵفێجی گشتی و سروود و گۆرانی) تەواوی ناوەڕۆکی بابەتەکانی بۆ خوێندکار و ڕێبەی بۆ مامۆستای موزیك بە شێوەی پەڕتوك ئامادەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش بە (ڕاپرسییەکی داخراو) (پاشکۆ: ١٥)

نمایشکرا بەسەرپسپۆڕانی بواری پەروەردە و موزیك (پاشکۆ: ١ – س) بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی، هەڵەی زانستی، پێشنیاز و شێوازی دیزاینکردنی پرۆگرامەکە، لە ڕۆشنایی بۆچوون و پێشنیازەکانیان چەند گۆڕانکارییەك ئەنجامدرا، کە لە خشتەی ژمارە (٣ – ١٥) تێروانینی پسپۆڕان بۆ بابەتەکانی پرۆگرامەکە ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (٣ – ١٥)**

**هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ بابەتەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن شارەزایان**

| ژ | برگە | بەڵێ % | نەخێر % | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا ناونیشانی بابەتەکانی نێو پرۆگرامەکە ڕوونە؟ | ٪١٠٠ | | |
| ٢ | ئایا لاپەڕەی سەرەکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە به باشی دیزاین کراوە؟ | ٪١٠٠ | | |
| ٣ | ئایا ئامانجە گشتییەکان بە ووردی داڕێژراون ؟ | ٪١٠٠ | | |
| ٤ | ئایا ئامانجە گشتییەکان پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە هەیە؟ | ٪١٠٠ | | |
| ٥ | ئایا ئامانجە ڕەفتارییەکان ڕوونن؟ | ٪١٠٠ | | |
| أ | گرنگ و سود بەخشن؟ | ٪١٠٠ | | |
| ب | هەمەلایەن و هەمە ڕەنگن؟ | ٪١٠٠ | | |
| پ | سەرنج ڕاکێش و سوودبەخشن؟ | ٪١٠٠ | | |
| ت | پەیوەندیان بە وانەی بابەتەکانی پرۆگرامەکەوە هەیە؟ | ٪١٠٠ | | |
| ج | گونجاون لەگەڵ ئاستی خوێندکاراندا؟ | ٪٨٠ | | |
| ٦ | ئایا ڕێکخستنی ناوەڕۆکی وانەی بابەتەکانی پرۆگرامەکە ئەم لایەنانەی لەخۆ گرتووە؟ | | | |
| أ | ناوەڕۆکی وانەکان لە گشتەوە بۆ بەش ڕیزبەندکراون؟ | ٪١٠٠ | | |
| ب | ناوەڕۆکی وانەکان هاوتای ئامانجە گشتی و ڕەفتارییەکانن؟ | ٪١٠٠ | | |
| پ | ناوەڕۆکی وانەکان بەردەوامی و یەکگرتوو تەواوکەری یەکترن؟ | ٪١٠٠ | | |
| ت | لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی لایەنی مەعریفی و جێبەجێکردن داڕێژراوە؟ | ٪١٠٠ | | |
| ج | گرنگی بە زانیاری سەردەمییانە داوە؟ | ٪١٠٠ | | |
| چ | لەگەڵ ئارەزو و شێوازی فێربوونی خوێندکاراندا دەگونجێ؟ | ٪١٠٠ | | |
| ح | گرنگی بە فێربوونی خوێندکار داوە لە لایەنی تیۆری و پراکتیکی؟ | ٪١٠٠ | | |
| خ | چێژبەخشن بۆ خوێندکاران؟ | ٪١٠٠ | | |
| د | گونجاون لەگەڵ تەمەن و تایبەتمەندی و پێداویستی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری؟ | ٪١٠٠ | | |
| ر | لە ئاسانەوە بۆ گران و لە ساکارەوە بۆ ئالۆز ڕیزبەند کراون؟ | ٪١٠٠ | | |
| ڕ | نمونە و ڕاهێنانەکان بە شێوازێکی زانستی بۆهەر وانەیەك ئامادەکراون؟ | ٪١٠٠ | | |
| ز | ڕونکردنەوەی پێویست لە وانەکاندا دراوە؟ | ٪١٠٠ | | |
| ٧ | ئایا ڕێکخستنی ناوەرۆکی بابەتەکان بە شێوەی زنجیرەیی تەواوکەری ،بە هەردوو ئاڕاستەی ئاسۆیی و ستونی، بە پێی تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی تەواوکاری ( التكاملی ) بنیاتنراوە؟ | ٪١٠٠ | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ئایا ڕێگا و ستراتیجی وانەووتنەوە لە بابەتەکانی پڕۆگرامەکە | ٨ |
| | | ٪١٠٠ | لە گەیاندنی زانیارییەکان بۆ خوێندکار گونجاون؟ | أ |
| | | ٪٨٠ | لەگەڵ تایبەتمەندی ناوەڕۆکی بابەتەکان یەکدەگرنەوە؟ | ب |
| | | ٪٨٠ | بۆ هەر وانەیەك بە پێی تایبەتمەندی ناوەڕۆکەکەی ڕێگای گونجاو ئاڕاستەی مامۆستا کراوە؟ | پ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا ئەنجامدانی چالاکی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە لە لایەن مامۆستا لە میانەی وانەووتنەوەدا برەو بە ئاستی تێگەیشتنی خوێندکار دەدات؟ | ٩ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا ئەنجامدانی چالاکی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە کە بۆ خوێندکار ئامادەکراوە ڕۆڵێ هەیە لە فێربوون و بەخشینی چێژ پێیان؟ | ١٠ |
| | | ٪٨٠ | ئایا چالاکییەکانی مامۆستا و خوێندکار بۆ هەروانەیەك دیاریکراوە؟ | ١١ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا ئامڕازەکانی فێرکردن لە بابەتەکانی پڕۆگرامەکە ڕۆڵیان هەیە لەسەر و بەرەوپێشچوونی ئاستی خوێندکار؟ | ١٢ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا ڤیدیۆی نۆتەی ڕاهێنانەکان بەباشی ئامادەکراون؟ | أ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا ئامێرە موزیکییە دیاریکراوەکان گونجاون؟ | ب |
| | | ٪١٠٠ | ئایا لینکی ڤیدۆ فێرکارییەکان گونجاون؟ | پ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا بەرنامە موزیکییە فێرکارییەکانی مۆبایل و کۆمپیوتەر کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستی خوێندکاران ؟ | ت |
| | | ٪١٠٠ | ئایا وێنە فێرکارییەکان بەسوودن؟ | ج |
| | | ٪٨٠ | ئایا شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکانی پڕۆگرامەکە گونجاون؟ | ١٢ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا بۆ هەر وانەیەك هەڵسەنگاندن کراوە؟ | أ |
| | | ٪٨٠ | ئایا جۆری دانانی پرسیارەکان لە تاقیکردنەوەی لایەنی تیۆری موزیك گونجاون؟ | ب |
| | | ٪١٠٠ | ئایا بڕگەکانی تاقیکردنەوەکانی نێو وانەکانی پڕۆگرامەکە هەمەلایەن و هەمەڕەنگن؟ | پ |
| | | ٪٨٠ | ئایا جۆری پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی خوێندکار لە بابەتە پراکتیکییەکاندا گونجاوە؟ | ت |
| | | ٪١٠٠ | ئایا لە هەڵسەنگاندنەکاندا، ڕەچاوی جۆری پرسیارەکان کراوە؟ | ج |
| | | ٪٨٠ | ئایا پرسیارەکان هەمەڕەنگن لەڕووی ئاستی ئاسانی و گرانیدا؟ | چ |
| | | ٪٨٠ | ئایا ڕەچاوی لایەنی دەروونی خوێندکاران کراوە؟ | ح |
| | | ٪٨٠ | ئایا مامۆستا دەتوانێت لە کاتی وانەووتنەوەی بابەتەکە بەکاریبهێنێت؟ | خ |
| | | ٪٨٠ | ئایا هەڵسەنگاندنی خودی کە خوێندکار ئەنجامی دەدات لەڕێگەی بەرنامە ئەلیکترۆنی و ڤیدیۆ فێرکارییەکان دەتوانێت تاقیکردنەوەی خودی ئەنجام بدات و ئاستی خۆی و هەڵەکانی دیاریبکات؟ | د |
| | | ٪١٠٠ | ئایا (ڕێبەری مامۆستا)، سوودبەخشە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە وانەی موزیك دەڵێنەوە لە بەشی پەروەردەی هونەری؟ | ١٣ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا ئامادەکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان بەشێوازی پەڕتووك سوودی هەیە بۆ خوێندکاران؟ | ١٤ |
| | | ٪١٠٠ | ئایا جۆری نووسین و پیتەکان بەڕوونی بەدی دەکرێت؟ | ١٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦ | گونجاندن لە نێوان ڕەنگی نوسینەکان و باکگراوندی لاپەڕەکان هەیە؟ | ٪١٠٠ | | |
| ١٧ | ئایا ماوەی دێرەکان گونجاون؟ | ٪١٠٠ | | |
| ١٨ | ئایا قەبارەی وێنە و هێڵکارییەکان لەگەڵ پانتایی دەقەکان دەگونجێن؟ | ٪٨٠ | | |
| ١٩ | ئایا هەڵەی زمانەوانییان تێدایە؟ | | ٪٨٠ | |
| ٢٠ | ئایا هەڵەی زانستی تێدایە؟ | | ٪٨٠ | |
| تکایە هەر خاڵێکی دیکە یاخوود تێبینییەکت هەیە ، لە خوارەوە بینووسە: | | | | |

## ٣ ــ٤ــ ١٠  دیزاینکردنی  بابەتەکانی پڕۆگرامەکە بە شێوازی کۆتایی

لە ڕۆشنایی بیروبۆچوون و پێشنیازی شارەزایانی بواری پەروەردە و موزیك  توێژەر  بابەتەکانی نێو پڕۆگرامەکەی بەشێوەی پەڕتووك ئامادەکرد، بەجۆرێك هەر بابەتێك پێك دێت لە دوو بەرگ، کە یەکێکیان تایبەتە بە ڕێبەری مامۆستا، و ئەوی دیکەش  تایبەتە بە خوێندکار،  کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**یەکەم:  پەڕتوکی (ڕێبەری مامۆستا) (پاشکۆ: ١٦ – ١٨ – ٢٠) کە ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:**

١ - کۆرس بووك : کە تێیدا پێڕستی ناوەڕۆکی وانەکان و ژمارەی هەفتەکانی تێدا دیاریکراوە.

٢ - دیاریکردنی ئامانجەکان (ئامانجی گشتی – ئامانجی ڕەفتاری) بۆ هەر وانەیەك.

٣ - دیاریکردنی ڕێگاکانی وانەووتنەوە.

٤ - هۆکارەکانی فێرکردن و پێداویستییەکان.

٥- چالاکی: کە تێیدا چالاکی ڕۆژانەی مامۆستا لە میانەی وانەووتنەوەدا خراوەتە ڕوو.

چ- هەڵسەنگاندن: لەکۆتایی هەر وانەیەکدا چەند پرسیار و ڕاهێنانێك دیاریکراوە بەمەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندکاران و تێگەیشتنیان لە بابەتەکە.

**دووەم: پەڕتوکی (خوێندکار) (پاشکۆکانی: ١٧ – ١٩ – ٢١) کە ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:**

١ - کۆرس بووك: کە تێیدا پێڕستی ناوەڕۆکی وانەکان و ژمارەی هەفتەکانی تێدا دیاریکراوە.

٢ - دیاریکردنی (ئامانجی ڕەفتاری) بۆ هەر وانەیەك.

٣ -  ناوەڕۆکی تەواوی بابەتەکە بۆ هەر وانەیەك.

٤- چالاکی و هۆکارەکانی فێربوون .

## ٣ ـ٥ هاوکێشە ئامارییەکان

- هاوکێشەی کوپەر (Cooper) بۆ رێژەی رێکەوتن، بە مەبەستی دەرهێنانی ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزاکان لە سەر بڕگەکانی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

$$\text{ئاستی ڕەزامەندی} = \frac{\text{ژمارەی ڕەزامەندی}}{\text{ژمارەی ڕەزامەندبوون} + \text{ژمارەی ڕەزامەندنەبوون}} \times ١٠٠$$

(البهرزی، ١٩٨٩، لا. ٨٢)

# بەشی چوارەم

## (ئەنجامەکانی توێژینەوەکە)

٤ – ١ ئەنجامی توێژینەوەکە

٤ – ٢ ڕاسپاردەکان

٤ – ٣ پێشنیازەکان

# بەشی چوارەم

## (ئەنجامەکانی توێژینەوەکە)

### ٤ – ١ ئەنجامی توێژینەوەکە

بە پێی ئامانجی توێژینەوەکە، کە بریتی بوو لە پێشنیازکردنی پرۆگرامێك بۆ بابەتی موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی. توێژینەوەکە ئامانجەکانی خۆی بەدەستهێنا بەپێی ئەو ڕێکارییانەی کە لەبەشی سێیەمدا پێشکەش کراون، کە لە ئەنجامدا سێ بەرنامەی فێرکاری تایبەت بە بابەتەکانی (تیۆرەکانی موزیك – سۆلفێجی گشتی- سروود و گۆرانی) بەشێوازی پەڕتوك ئامادەکرا، کە هەریەك لەو بابەتانە پێك هاتبوون لە دوو پەڕتوك کە بریتین لە (پەڕتوکی ڕێبەری مامۆستا – پەڕتوکی خوێندکار) وەك ئەوەی لەپاشکۆکانی (١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢) دا هاتووە.

ئەنجامی توێژینەوەی ئێستا بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشوو بەم شێوەیە بوو:

توێژینەوەکانی (الیاس ٢٠١٣)، (ظاهر ٢٠١٣) و توێژینەوەی (جاد ٢٠١٦) تایبەت بوون بە ئامادەکردنی پرۆگرامی موزیك بۆ خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی. توێژینەوەی (منصور ٢٠١٦) بریتی بوو لە ئامادەکردنی پرۆگرامێکی فێرکاری بۆ بابەتی سروود و گۆرانی تایبەت بە خوێندکارانی قۆناغی (١، ٢، ٣)ی پەیمانگای هونەرە جوانەکان. توێژینەوەی (خەلیل ٢٠٠٨) بریتی بوو لە ئامادەکردنی ڕێبەرێك بۆ موعیدە تازە دامەزراوەکان کە ڕێنمایی ووتنەوەی بابەتی سۆلفێجی ڕۆژئاوایی لەخۆگرتبوو. توێژینەوەی (ئاغا ٢٠١٣) بریتی بوو لە ئامادەکردنی ژمارەیەك گۆرانی کوردی کەلەپوری و فۆلکلۆری بۆ بابەتی سۆلفێج تایبەت بە خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان. توێژینەوەی (مصطفی ٢٠١٤) بریتی بوو لە بەکارهێنانی بەرنامە کۆمپیوتەری بۆ وتنەوەی بابەتی سۆلفێجی ڕۆژهەلاتی. توێژینەوەی (عثمان ٢٠١٦) بریتی بوو لە پێشنیازکردنی ڕێگاو شێوازی وانە وتنەوەی موزیك لە کۆلێجەکانی پەروەردەی زانکۆکانی سودان.

بەڵام ئەنجامی توێژینەوەی ئێستا پێکهاتووە لە ئامادەکردنی سێ بەرنامەی فێرکاری بۆ بابەتەکانی (تیۆرەکانی موزیك – سۆلفێجی گشتی- سروود و گۆرانی) بۆ قۆناغی یەکەم و دووەمی بەشی پەروەردەی هونەری کە بۆ هەر بابەتێك دوو پەڕتوك ئامادەکراون بۆ هەریەك لە (مامۆستا و خوێندکار)، وە لێرەدا توێژەر مەبەستی خۆی لە ئامادەکردنی ئەم پەڕتوکانە دەخاتە ڕوو:

- لە پەڕتوکی (ڕێبەری مامۆستا) توێژەر ڕێنمایی و کارئاسانی بۆ مامۆستایانی بواری موزیك دەکات لە ووتنەوەی بابەتە موزیکییەکانی بەشی پەروەردەی هونەری، ئەویش لە ڕێگەی دانانی (کۆرسبووك، ئامانجی گشتی و ڕەفتاری، ناوەڕۆك، ڕێگاکانی وانەووتنەوە، هۆکارەکانی فێرکردن و چالاکییەکان، هەڵسەنگاندن) بۆ تەواوی بابەتەکە، چونکە زۆرینەی مامۆستایان دەرچووی بەشی موزیکن و شارەزای تایبەتمەندی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری نین لە ڕووی پێداویستی فێربوون و توانا و لێهاتوییان لە بواری موزیك.

- له (پەڕتوكی خوێندكار)، توێژەر ناوەڕۆكی تەواوی بابەتەكانی بۆ خوێندكار ئامادەكردووە پاڵپشت بە چەندین چالاكی و هۆكاری فێركردن، كە تێیدا پێداویستییەكانی فێربوونی ڕەچاوكردووە تاوەكو لەگەڵ ئاستی بەهرەمەندییان بگونجێت و سوودی هەبێت بۆیان كاتێك دەبن بە مامۆستای هونەر لە خوێندنگا بنەڕەتییەكان، چونكە گرنگی دراوە بە ڕێگا و شێوازەكانی فێركردنی موزیك.

## ٤ – ٢ ڕاسپاردەكان

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە ، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

أ- ڕاسپاردنی سەرۆكایەتی بەشی پەروەردەی هونەری لە كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سلێمانی، كە تاكە بەشە لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان، بە پەیرەوكردنی پرۆگرامە پێشنیازكراوەكە بۆ هەرسێ بابەتەكانی (تیۆرەكانی موزیك – سۆلفێجی گشتی- سروود و گۆرانی) .

ب- ڕاسپاردنی مامۆستایانی بابەتەكان لە بەشەكە بەبەكارهێنانی پرۆگرامەكە بۆ وتنەوەی بابەتەكان بە خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەری. بێجگە لە دابینكردنی ئامراز و كەرەستە پێویستییەكان كە لە بەرنامە فێركارییەكانی هەرسێ بابەتەكەدا هاتووە، بۆ ئەوەی پرۆسەكە بە سەركەوتویی بەڕێوەبچێت.

پ- ڕاسپاردنی مامۆستایانی بابەتی موزیك لە خوێندنگا بنەڕەتییەكان، لە لایەن بەرپرسانی پرۆگرامەكانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان، بۆ بەكارهێنانی  پرۆگرامە موزیكیە فێركارییەكانی هەرسێ بابەتەكە لە میانەی وانەووتنەوەدا، چونكە بەشێك لە وانەكان تەرخانكراون بۆ  هەنگاوەكانی فێركردنی موزیك تایبەت بە خوێندكارانی قۆناغی بنەڕەتی.

ت- ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی زانكۆی سلێمانی ،لەلایەن سەرۆكایەتی زانكۆ بۆ چاپكردنی  پەڕتوكە ئامادەكراوەكان بۆ هەریەك لە مامۆستا و خوێندكاری بەشی پەروەردەی هونەری لە كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سلێمانی.

**ج-** دەكرێت پەرتوكەكانی پرۆگرامەكە وەربگێڕێت بۆ زمانەكاتی تر وەك عەرەبی و ئینگلیزی، لە لایەن كەسانی پسپۆر، بۆ ئەوەی خەڵكانی تر سوودی لێ ببینن.

## ٤ – ٣ پێشنیازەكان

توێژەر بۆ پەرەپێدان و تەواوكردنی لایەنەكانی دیكەی ئەم توێژینەوەیە، پێشنیازی ئەم ناونیشانانەی لای خوارەوە وەك پرۆژەی توێژینەوە بۆ توێژەران و خوێندكارانی خوێندنی باڵا  لە بەشی پەروەردەی هونەری و بەشە هاوشێوەكانی دەخاتە ڕوو:

**أ-** کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سلێمانی لە بابەتی تیۆرەکانی موزیك.

**ب-** کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لە سەر لێهاتووی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی لە بابەتی سۆلفێجی گشتی.

**پ-** کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر دەستکەوت و لێهاتویی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی لە بابەتی سروود و گۆرانی.

**ت-** ئامادەکردنی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی مێژووی موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی.

**ج-** کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی لە بابەتی مێژووی موزیك.

**چ-** ئامادەکردنی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی ئامێری سەرەکی پیانۆ لە بەشی پەروەردەی هونەری- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی.

**ح-** کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر لێهاتویی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی لە بابەتی ئامێری سەرەکی پیانۆ.

**خ-** ئامادەکردنی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی موزیك تایبەت بە خوێندکارانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.

# لیستی سەرچاوەکان

## (لیستی سەرچاوەکان)

### ❖ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١- ئازید، جەلیل. (٢٠١٦). تیۆری موزیك. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٢- ئەلیاس، کاوان أحمد. (٢٠١٦). بەکارهێنانی گۆرانی شادیبەخش لە موزیکدانانی کوردی هاوچەرخدا (ناوەندی پارێزگای سلێمانی) وەك نموونە. (نامەی ماستەر). کۆلێجی هونەرە جوانەکان. زانکۆی سەڵاحەددین. هەولێر.

٣- باقی، محمدحمە. (٢٠٠٢). مێژووی موزیکی کوردی. هەولێر : چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٤- پیربال، فەرهاد. (٢٠١٠). مێژووی گۆرانی و موزیکی کوردی (چاپ. ١). هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٥- دزەیی، هۆمەر. (٢٠١٥). چیرۆکی موزیکی کلاسیك(چاپ.١) ئیستانبوڵ: چاپخانەی (Imak Ofset).

٦- ڕەووف، سەلاح. (٢٠٠٩). پۆلێنکردنی فۆڕم و پەیژەکانی موزیکی کوردی (چاپ. ١). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٧- زامدار، محمود. (١٩٨٠). دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی. بەغداد: چاپخانەی دارالحریة.

٨- زندەباق، حەسەن. (٢٠١١). کۆمەڵناسی و هونەری موزیك (و. ستار کەریم). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٩- سەعدی، چیایی کەمال. (٢٠١٤). مێژووی موزیکی جیهانی. هەولێر: پرۆگرامی خوێندنی بەشی موزیك. کۆلێجی هونەرە جوانەکان. زانکۆی سەڵاحەددین.

١٠- شەریف، عەبدولواحید ئیدریس. (٢٠١١). سروود و گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاری کوردی لە کرمانجی خوارووداا. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

١١- عەلی، ئەسعەد محمد. (٢٠١٠). گۆرانی فۆلکلۆری (و.ئامانج غازی)(چاپی یەکەم). هەولێر: چاپخانەی منارە.

١٢- فەرەج، غەمگین. (٢٠٠٥). دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك (چاپی یەکەم) هەولێر: چاپخانەی منارە.

١٣- لۆقلەك، ولیەم. (٢٠٠٠). بنەماکانی موزیك (و. عەبدوڵڵا جەمال) (چاپی یەکەم). سلێمانی: چاپخانەی داناز.

١٤- منصور، ئارەزوو ئیسماعیل. (٢٠١٦). پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ وانە پسپۆرییە بڕیارلێدراوەکانی بەشی موزیك لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستان. (نامەی ماستەر). کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی. زانکۆی سلێمانی.

١٥- هادی، بەختیار. (٢٠١٤). مێژووی موزیکی هاوچەرخ. سلێمانی: پرۆگرامی خوێندنی بەشی موزیك. کۆلێجی هونەرە جوانەکان. زانکۆی سلێمانی.

١٦- یاسین، بەرزان. ( ٢٠١٨). لەناو موزیکی کوردیدا (چاپی یەکەم). سلێمانی: چاپخانەی پیرەمێرد.

❖ **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١٧- إبراهيم، عبدالله.، الكلزة، أحمد. (١٩٨٢). المناهج المعاصرة (ط. ١) مصر: مطابع الفن.

١٨- ابراهيم، فاطمةرشيد. (١٩٨٧). دور الألعاب الموسيقية في تذوق الطفل للموسيقى. القاهرة: مجلة دراسات وبحوث.المجلد العاشر. العدد الاول. كلية التربية الموسيقية. جامعة حلوان.

١٩- ابراهيم، وليد يوسف. (٢٠٠٧). أثر استخدام التعليم المدمج في التحصيل المعرفي للطلاب المعلمين بكلية التربية لمقرر تكنولوجيا التعليم ومهاراتهم في توظيف الوسائل التعليمية واتجاهاتهم نحو المستحدثات التكنولوجية التعليمية. بحث منشور. مصر: مجلة الجمعية المصرية لتكنولوجيا التعليم: العدد ٢.

٢٠- ابو الريش، ألهام حرب. (٢٠١٣). فاعلية برنامج قائم على التعليم المدمج في تحصيل طالبات الصف العاشر في النحو الاتجاه نحوه في غزة. (رسالة ماجستير). كلية التربية. الجامعة الاسلامي. غزة.

٢١- اغا، أمانج غازى. (٢٠١٣). القيم الجمالية للأغانى الكوردية و توظيفها فى مادة " الصولفيج " ايقاعيا و لحنيا. (رسالة ماجستير). كلية الفنون الجميلة. قسم الفنون الموسيقية. جامعة صلاح الدين. أربيل.

٢٢- الياس، سيمون يعقوب. (٢٠١٣، أ): تجرية السورية فى تأليف مناهج التربية الموسيقية لمرحلة التعليم الأساسى. كليه التربية. جامعة دمشق. المجلة الأردنية للفنون: مجلد ٦. عدد ١.

٢٣- الياس. سيمون يعقوب. (٢٠١٣، ب): المعايير الوطنية لتأليف منهاج التربيّة الموسيقيّة لمرحلة التعليم الأساسيّ في الجمهوريّة العربيّة السوريّة. كليه التربية. جامعة دمشق. المجلة الأردنية للفنون: مجلد ٦. عدد ١.

٢٤- أنيس، أبراهيم.، منتصر، عبدالحليم.، الصوالحى، عطية.، أحمد، محمد. (١٩٧٢). المعجم الوسيط اللغه العربية. استانبول: المكتبة الأسلامية للطباعه و النشر و التوزيع.

٢٥- البهرزي، علاء شاكر. (١٩٨٩). تحليل التفاعل بين المدرس وطلبته في المواد الفنية العملية في قسم التربية الفنية. كلية الفنون الجميلة،جامعة بغداد.

٢٦- بودي، زكى. (٢٠٠٣). بناء وتطوير المناهج. مملكة السعودية العربية: مكتبة الملك فهد الوطنية للنشر.

٢٧- ترجمان، عودة. (٢٠٠٤). الموسيقى للجميع أفكار في التربية الموسيقية. فلسطين: مؤسسه صابرين للتطوير الفني.

٢٨- تمار، ناجى.، بريكة، عبدالرحمن. (٢٠١٨). المناهج التعليمية و التقويم التربوي. مصر: دار المعرفة للنشر و التوزيع.

٢٩- جاد، شيماء عبدالعزيز. (٢٠١٦). منهج مطور في التربية الموسيقية وفقاً لمعايير الجودة والاعتماد وفاعليته في تحقيق أهدافه لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية. (رسالة دكتوراه).كلية التربية النوعية. جامعة المنصورة. مصر.

٣٠- الحاوري، محمد عبدالله.، قاسم، محمد سرحان على (٢٠١٦). مقدمة في علم المناهج التربوية (ط.١). الجمهورية اليمنية: دار الكتب صنعاء.

٣١- حسنين، سعاد. (١٩٩٢). تربية السمع وقواعد الموسيقى الغربية. الجزء الأول. القاهرة: دار روتا برنت للطباعة.

٣٢- الحفني، محمود أحمد. (١٩٨٧). علم الآلات الموسيقية (ط١.). القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

٣٣- الحلو، سليم. (١٩٧٢). الموسيقى النظرية(ط. ٢). بيروت: دار مكتبة الحياة.

٣٤- حمام، عبد الحميد. (٢٠١٠). الموسيقى والأناشيد وطرق تدريسها. الأردن: جامعة القدس المفتوحة. أم السماق.عمان.

٣٥- حمام، عبدالحميد. (١٩٩٧). الموسيقا والأناشيد وطرائق تدريسها. فلسطين: منشورات جامعة القدس المفتوحة.

٣٦- حمدان، محمد زياد. (١٩٨٥). المنهج اصوله وأنواعه ومكوناته. القاهرة: دار العربية للكتاب.

٣٧- الخليفه، حسين جعفر. (٢٠١٠). المنهج المدرسي المعاصر مفهومه اسسسه مكوناته تنظيماته تقويمه تطويره (ط. ١). الرياض: مكتب الرشد.

٣٨- خليل، عنيات محمد محمود. (٢٠٠٠). المهارات الموسيقية ومدى توافرها في الطالب/ المعلم قسم الموسيقى بكلية التربية النوعية. مصر: جامعه عين شمس.

٣٩- خليل، نوال محمد. (٢٠٠٨). تسسل تربوى مقترح لتدريس منهج الصولفيج الغربى للمبتدئين لتسير عمليه التدريس للمعيدين بالمعهد العالى للفنون الموسيقيه بدولة الكويت. (بحث علمى)كلية التربية الموسيقيه. جامعة حلوان. القاهرة.

٤٠- خميس، محمد عطية. (٢٠٠٣). تطور تكنولوجيا التعليم. القاهرة: دار قباء للنشر والتوزيع.

٤١- درويش، عبد العزيز. (٢٠٠٣). دروس في التربية الموسيقية وكيفية كتابة النوتة الموسيقية (ط. ١). الإسكندرية: مطبعه الإشعاع الفنية.

٤٢- رزق، قسطندي. (٢٠٠٠). الموسيقى الشرقية والغناء العربي. القاهرة: مكتبة مدبولي.

٤٣- رسلان، مصطفى. (٢٠٠٨). المناهج الدراسية في مجتمع المعرفة : النظرية و التطبيق (ط.١). المدينة المنورة: مكتبة دار الزمان للنشر و التوزيع.

٤٤- زاكس، ك. (١٩٦٤). تراث الموسيقى العالمية (ت. سمحة الخولى). القاهرة – نيورك: مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر.

٤٥- الزاملي، على.، الصارمي عبدالله.، كاظم، على. (٢٠٠٩). مفاهيم وتطبيقات في التقويم والقياس التربوي. القاهرة: مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع.

٤٦- زاهيد، عبدالحميد. (١٩٩٩). الصوت في علم الموسيقى العربية دراسة صوتية. مراكش: دار وليلي للطباعة والنشر.

٤٧- زكريا، فؤاد. (١٩٥٦).التعبير الموسيقي (ط. ١). مصر :مكتبة مصر للطباعة و النشر.

٤٨- سامى، محمد محمود. (١٩٨٦). الموسيقية المدرسية وفق ٣٠ درس ( قواعد ونظريات وصولفيج - تذوق موسيقي -ألعاب حركية ). القاهرة: الأنجلو مصرية.

٤٩- سرحان، الدمرداشى.، كامل، منير. (١٩٧٨). تجاهات حديثه في اعداد المعلم (ط. ١). ليبيا.

٥٠- السيسي، يوسف. (١٩٨١). دعوه إلى الموسيقى. الكويت:عالم المعرفة. المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب.

٥١- شاهين، عبدالحميد. (٢٠١٠). تصميم المناهج. مصر: كلية التربية بدمنهور. جامعة الاسكندرية.

٥٢- صادق، آمال.، أمين، أميمه. (١٩٨٥). الخبرات الموسيقية في دور الحضانة ورياض الأطفال . القاهرة: مكبة الأنجلو المصرية.

٥٣- صبري،عائشه.، مختار، آمال. (١٩٨٨). طرق تعليم الموسيقى. القاهرة: مكتبة الأنجلو مصرية.

٥٤- طلب، نجلاء عبدالغفار. (٢٠١٠). فاعلية برنامج مقترح في التربية الموسيقية قائم على التعلم الذاتي في التحصيل المعرفي وتنمية بعض المهارات الموسيقية والتذوق الموسيقي لدى طالبات شعبة رياض الأطفال بكلية التربية بسوهاج. (رسالة دكتوراه). كلية التربية بسوهاج. جامعة سوهاج.مصر.

٥٥- الطوبجى، حسين حمدى. (١٩٩٤). وسائل الاتصال والتكنولوجيا فى التعليم. الكويت: دار القلم.

٥٦- ظاهر، محمد محمود. (٢٠١٣). فاعلية برنامج مقترح لتنمية بعض مهارات التربية الموسيقية في ضوء المعايير الدولية لدى طلبة الصف التاسع الأساسي بغزة. (رسالة ماجستير).كلية التربية. جامعة الازهر.الفلسطين.

٥٧- عباس، بلقيس. (١٩٨٢). تربية الصوت: الغناء المدرسي، التذوق الموسيقي. القاهرة: الجهاز المركزي للكتب الجامعية والمدرسية.

٥٨- عبد المعطي، هشام عبدالله. (٢٠٠٩). النحت المصري الحديث بين عولمة الشكل والهوية. (رسالة دكتوراه). كلية تربية نوعية. جامعه بنها.

٥٩- عبد الموجود، محمد.، اللقانى، أحمد حسين.، على، مدكور.، الناقة، محمود. (١٩٨١). اساسيات المنهج وتنظيماته. القاهرة: دار الثقافة للطباعة و النشر.

٦٠- عبدالكريم، حوحون. (٢٠١٨). تطوير المناهج التربوية وعلاقته بدافعية الميول لممارسة الأنشطة البدنية والرياضية لدى تلاميذ الطور الثانوي. (رسالة الماجستير). معهد علوم و تقنيات النشاطات البدنية و الرياضية. جامعة محمد خيضر بسكرة. الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.

٦١- عبدالكريم، عواطف. (١٩٨٩). دراسة أثر كل من المصاحبة الموسيقية والإيقاعية على التذكر الحركي في التمرينات دراسة تجريبية للمرحلة الإبتدائية. (رسالة ماجستير). كلية تربية موسيقية. جامعه حلوان. القاهرة.

٦٢- عبدالله، على (٢٠٠٢). الموسيقى علم وفن. العراق: دار الشؤون الثقافية العامة.

٦٣- عثمان، هاجر أبشر الامين. (٢٠١٦): طرق واساليب تدريس الموسيقى بكليات التربية بالجامعات السودانية. (رسالة دكتوراه). كلية دراسات عليا، جامعة السودان.

٦٤- عدوي، إنجي صلاح فريد. (٢٠٠٩). معايير الجودة في التربية الموسيقية لمراحل التعليم ما قبل الجامعي في بعض الدول الأجنبية (دراسة مقارنة). مصر: مجلة علوم وفنون الموسيقى: المجلد (١٩).

٦٥- العرفه، صلاح الدين. (٢٠٠٦). مفهومات المنهج المدرسي (ط. ١). القاهره: دار العالم الكتب.

٦٦- على ، محمد السيد. (٢٠١٠). اتجاهات و تطبيقاته و حديثة فى المناهج و طرق التدريس، دار المسيرة، عمان.

٦٧- علي، محمد السيد. (٢٠٠٣). تطوير المناهج الدراسية من منظور هندسة المنهج. القاهرة: دار الفكر العربي.

٦٨- العناني، حنان. (٢٠٠٢). الفن والدراما والموسيقى في تعليم الطفل (ط.١). الأردن: دار الفكر للطباعة والنشر.

٦٩- فريحي، حنان. (٢٠٠٨). فعالية بعض إستراتيجيات التفكير لتنمية الإبتكار الموسيقى لدى طلاب التربية الموسيقية بمحافظة الإسكندرية. (رسالة ماجستير). كلية التربية. جامعة الإسكندرية.

٧٠- فريد، طارق حسون. (١٩٩٠). تاريخ الفنون الموسيقية. العراق: مطبعة دار الحكمة.

٧١- فؤاد، عبد اللطيف. (١٩٨٤). المناهج وتنظيماتها وتقييم اثرها. القاهرة: دار الثقافة للطباعة والنشر.

٧٢- قدورى، حسين. (١٩٨٧). الموسوعة الموسيقية. بغداد: وزارة الثقافة والأعلام.

٧٣- القلاده، سليمان فؤاد. (١٩٩٠). تخطيط المنهج وتطويره (ط. ٢). بيروت: دار الفكر للطباعه والنشر.

٧٤- قوره، حسين سليمان. (١٩٨٤). الاصول التربويه في بناء المناهج (ط. ٧). القاهرة: دار المعارف.

٧٥- كريم، عادل.محمد. (٢٠١٣). البناء اللحني والإيقاعي للأغاني الفنية في عدد من الأقضية في محافظة السليمانية (چوارتا ـ قرداغ -رانيه – پشدر). (رسالة ماجستير). كلية الفنون الجميلة. جامعة صلاح الدين – اربيل.

٧٦- الكسباني، محمد السيد علي. (٢٠١٠). مصطلحات في المناهج وطرق التدريس. مصر: مؤسسة حورس الدولية للطباعة والنشر.

٧٧- لايختنتريت، هوجو. (١٩٦٤). الموسيقى و الحضارة (ت. أحمد حمدى). مصر: وزارة الثقافة والإرشاد القومي.

٧٨- م.فينى، ثيودور. (ب.س). تاريخ الموسيقى العالمية (ت.سمحة الخولى). قاهرة: دار المعرفة.

٧٩- مازن. حسام محمد. (٢٠٠٧). هندسة مناهجنا التعليمية فى إطار الهوية الثقافية العربية والتحديات العصرية، مصر :كلية التربية- جامعة سوهاج.

٨٠- مرعي، توفيق أحمد.، الحيله، محمد محمود. (٢٠٠٠ – ٢٠١١). الأسس الاجتماعية للمناهج التربوية الحديثة (ط. ١). عمان: دار الميسرة.

٨١- المصري، أسامه. (٢٠٠٤). الإستفادة من أغاني المهد في إثراء الأنشطة الموسيقية لمرحلة رياض الأطفال. (رسالة ماجستير). كلية التربية الموسيقية، جامعه حلوان.

٨٢- مصطفى، سيروان محمد. (٢٠١٤). استخدام تكنولوجيا المعلومات فى الصولفيج الشرقى (الصولفيج الغنائى و الايقاعى الكوردى انموذجا ). (رسالة ماجستير). كلية الفنون الجميلة. جامعة صلاح الدين – اربيل.

٨٣- مصطفى، صلاح عبدالحميد. (٢٠٠٢). المناهج الدراسية، عناصرها أسسها وتنظيماتها (ط. ١). الرياض: دار المريخ للنشر.

٨٤- الملط، خيري ابراهيم. (٢٠٠٩). التربية الموسيقية الشاملة بين رياض الأطفال والتعليم الابتدائى. الإسكندرية: مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع .

٨٥- الموسوي، سالم عبدالله. (٢٠١٨ – ٢٠١٩). محاضرات مناهج وطرائق وتقنيات تعليم ،-للصفوف الثالثة قسم علوم الحياة. بغداد: كلية التربية للعلوم الصرفة، جامعة بغداد.

٨٦- موسى، احمد محمد عبد ربه. (٢٠٠٨). مدخل الى علم الموسيقى، نابلس: دار نون للنشر.

٨٧- نجم الدين. امال محمد هدم. (٢٠١٧). واقع تخطيط مناهج تعليم الاساسى و مدى ملاءمتها للبيئات السودانية المختلفة. (رسالة دكتوراه). كلية التربية. جامعة السودان للعلوم و التكنولوجيا. السودان.

٨٨- النجيحي، محمد لبيب.، مرسى، محمد منير. (١٩٧٧). المناهج والوسائل التعليمية المفهوم. القاهرة: الأنجلو المصرية.

٨٩- هندي، صالح.، عليان، هشام عامر. (١٩٩٩). تخطيط المنهج وتطويره (ط.٣). بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر.

٩٠- هيلات، مصطفى قسيم.، خصاونه، فاطمه يوسف. (٢٠٠٧). التربية الفنية والموسيقية في تربية الطفل. الأردن: دار المسيرة.

٩١- الوكيل، حلمى أحمد.، المفتي، محمد الامين. (١٩٩٩).المناهج :المفهوم، العناصر، الأسس، التنظيمات، التطوير،القاهرة: مكتبةالأنجلو المصرية.

٩٢- الياسري. متمم جمال غني مهدي. (٢٠١٦). نظريات ونماذج في تصميم المناهج. العراق: كلية التربية للعلوم الانسانية. جامعة بابل.

### ❖ سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

93- Boldrey, R. (1994). Guide to Operatic Roles and Arias. Caldwell Publishing Company.

94- Berton. C. (1960). Coloratura, Lyric and Dramatic Soprano, Vol. 1. Rowman & Littlefield Publishers, Inc.

95- Li Yuan. (2008). Open Educational Resources - Opportunities and Challenges for Higher Education. Briefing paper prepared for the UK Joint Information Systems Committee Centre for Educational Technology & Interoperability Standards (JISC CETIS).

96- Milheim, W. D. (2006) Strategies for the Design and Delivery of Blended Learning Courses. Educational and Delivery Technology, Inc.

### ❖ سەرچاوەکان لە ئەنتەرنێت

٩٧- الخفاجي، ابتسام جعفر جواد كاظم. (٢٠١٧). المناهج ( تعريفها ، وانواعها). كلية التربية الاساسية. جامعة بابل. وەرگیراوە لە:

http://basiceducation.uobabylon.edu.iq لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١١) کراوەتەوە.

٩٨- أكاديمية BTS . (٢٠١٨). المنهج التكاملي و أهمية و وأسسه و و أنواعه. وەرگیراوە لە https://www.bts-academy.com لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٦) کراوەتەوە.

٩٩- بهبهاني، هيفاء. (٢٠١٦).منهج الكفايات. وەرگیراوە لە: https://www.aljarida.com/articles/ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٢) کراوەتەوە.

١٠٠- الجنوبي، عبدالله. (٢٠١٢). المنهج التكاملي (ما له و ما عليه) موضوع للنقاش و حوار. وەرگیراوە لە:
https://groups.google.com/g/design1434/c/GDJXhmtPTtY?pli=1 لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٥) کراوەتەوە.

١٠١- حسين، اسراء. (٢٠٠٩). مفهوم المنهج ومكوناته. وەرگیراوە لە:
https://esraa-2009.ahlamountada.com/t348-topic لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٧) کراوەتەوە.

١٠٢- الحياري. ايمان. (٢٠١٧). عيوب التعليم الافتراضي. وەرگیراوە لە: https://mawdoo3.com/ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٢) کراوەتەوە.

١٠٣- الدليمي، ناهدة عبد زيد .(٢٠١٠). التعلم عن البعد، مفهومه وتطوره وفلسفته. وەرگیراوە لە: https://www.edutrapedia.com/ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٢) کراوەتەوە.

١٠٤- رمضان، تامر. (٢٠٢٠). المنهج التكنولوجى. وەرگیراوە لە:

https://sites.google.com/site/tamer900home/home/almnhj-altknwlwjy لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٠) کراوەتەوە.

١٠٥- الزيدي، عدي عبرة عبيد. (٢٠١٨). منهج المواد المترابطة والواسعة ، شبكة جامعة بابل. كلية العلوم الاسلامية. وەرگیراوە لە:

http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=19&depid=1&lcid=75431

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١١) کراوەتەوە.

١٠٦- الشمري، عبدالكريم. (٢٠١٢).نموذج ويلر من نماذج تطوير المناهج. وەرگیراوە لە:

http://abdulkrem556.blogspot.com/2012/11/blog-post_8863.html. لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٥) کراوەتەوە.

١٠٧- عبدالفتاح، تامر أحمد. (٢٠٢٠). الموسيقي في مصر القديمة. وەرگیراوە لە:
https://ancientegyptcivilization.com/music-in-ancient-egypt/ لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٥) کراوەتەوە.

١٠٨- عزف. (٢٠٢٠). العناصر الموسيقى، izif.com کراوەتەوە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢).

١٠٩- عمران خالد،. كريم، على. ( ٢٠١٦). تطوير المنهج. وەرگیراوە لە:
http://tasmeem2016.atspace.cc/material8.htm لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٠) کراوەتەوە.

١١٠- فرج، عبد اللطيف حسين. (١٤٣٣هجرى). صناعة المناهج وتطويرها في ضوء النماذج. وەرگیراوە لە: http://www.almarefh.net/ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٦) کراوەتەوە.

١١١- الفرماوى، محمود .(٢٠١٢). موضوع شامل عن تطوير المنهج الدراسي. وەرگیراوە لە:https://www.abhathna.com/?q=node/189727 لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٥) کراوەتەوە.

١١٢- لحدو، ساندرا. (٢٠١٧). مفهوم التعليم الافتراضي. وەرگیراوە لە: https://mawdoo3.com/ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٢) کراوەتەوە.

١١٣- المطيرى، أشواق. (٢٠٢٠). نماذج تصميم المنهج. وەرگیراوە لە: https://app.emaze.com/@AORQQWZTF#1

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٢) کراوەتەوە.

١١٤- المساعدي، رياض هاتف عبيد. (٢٠١٢).منهج الوحدات الدراسية.كلية التربية الاساسية. جامعة بابل. وەرگیراوە لە:

http://basiceducation.uobabylon.edu.iq/lecture.aspx?fid=11&lci له ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٢) کراوەتەوە.

١١٥- مهران، أبتسام. (٢٠٢٠). أنواع تصميم المناهج الدراسية. وەرگیراوە لە: https://www.almrsal.com/post/890581 لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٣) کراوەتەوە.

١١٦- السبيعي، ندى عبدالله. (٢٠٢٠). التنظيم الحلزوني في المنهج. وەرگیراوە لە: https://www.adhwa.sa/706207.html لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١١) کراوەتەوە.

١١٧- تمار، ناجى.، بريكه، عبد الرحمن. (٢٠١٨): المناهج التعليمية و التقويم التربوي، دار المعرفة للنشر و التوزيع، مصر. https://www.academia.edu/15330746 لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٧) کراوەتەوە.

١١٨- الياسري، متمم جمال غني مهدي. (٢٠١٦). نظريات ونماذج في تصميم المناهج. كلية التربية للعلوم الانسانية. جامعة بابل. وەرگیراوە لە:
http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=10&depid=5&lcid=48004

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٣) کراوەتەوە.

119-Consulta, G. (2008), Addle Model. From: https://www.slideshare.net/consgp/the-addie-model-presentation

لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٧) کراوەتەوە.

120- Plank, A. (1992). Music Definition, Oxford Dictionary. From:

https://app.memrise.com/course/448089/the-oxford-3000-3/118/ لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٧) کراوەتەوە.

# پاشکۆکان

# پاشکۆی ژمارە (١)

## لیستی شارەزایان و هەڵسەنگێنەران بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە

| ژ | ناو | نازناوی زانستی | پسپۆری | ناونیشان | جۆری ڕاوێژکردن | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | أ | ب | پ | ت | ج | چ | ح | خ | د | ر | ڕ | ز | ژ | س |
| ١ | د.كريم شريف قەرەچەتانی | پرۆفیسۆر | دەروونزانی گەشە | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | | | ✓ | | | | | | | | |
| ٢ | د.نظام عبدالجبار حسین | پرۆفیسۆر | ڕێگاكانی وانەووتنەوەی زمانی كوردی | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | ✓ | | | ✓ | | | | | | ✓ | |
| ٣ | د. عەبدوڵا جمال ئەشرەف | مامۆستا | موزیك دانان | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی هونەرە جوانەكان | | | | | ✓ | | | | | | | | | |
| ٤ | د.بەرزان یاسین محەممەد | مامۆستا | ئێتنۆمیوزیكۆلۆژی | دەرەوەی ووڵات | | ✓ | | | | | | | ✓ | | ✓ | | | |
| ٥ | د.نەبەزحەمە ڕەشید ئەبوبەكر | - | ئامێری ڤیۆلین و ڕابەریكردن | پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی | ✓ | ✓ | | | | | | | | | | ✓ | | |
| ٦ | م.ئامانج غازی شاكر ئاغا | مامۆستا | موزیكۆلۆگ | زانكۆی سەلاحەددین كۆلێجی هونەرە جوانەكان | | | | ✓ | | | | | ✓ | ✓ | | | ✓ | |
| ٧ | م.خۆشی لطیف طە | مامۆستا | دەروونناسی كۆمەڵایەتی | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | | | ✓ | | | | | | | | |
| ٨ | م. ئاواز میرزا فەرەج | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی پەروەردەی هونەری | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | ✓ | | | | | | | | | | |
| ٩ | م. بەختیار حمە هادی حمە امین | مامۆستای یاریدەدەر | مێژوو و تیۆرەكانی موزیك | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی هونەرە جوانەكان | ✓ | ✓ | | | ✓ | | | | | | | | | ✓ |
| ١٠ | م. توانا عبدالرحمن | مامۆستای یاریدەدەر | فەلسەفەی هونەری | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | | | ✓ | | | | | | | | ✓ |
| ١١ | م. چیایی كەمال سەعید | مامۆستای یاریدەدەر | موزیكۆلۆجی | زانكۆی سەلاحەددین كۆلێجی هونەرە جوانەكان | | ✓ | | | | | | | | | ✓ | | | |
| ١٢ | م. دارا عبدالرحمن أحمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی پەروەردەی هونەری | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | ✓ | | | | | | | | | | |
| ١٣ | م. دلان عثمان عبدالكریم | مامۆستای یاریدەدەر | زمانی كوردی | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی زمان | | | | | | | ✓ | | | | | | | |
| ١٤ | م. ڕۆژان خالید محمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی پەروەردەی هونەری | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | ✓ | | | | | | | | | | |
| ١٥ | م.ڕێگر محمد سەلیم | مامۆستای یاریدەدەر | **ڕێگاكانی وانەووتنەوەی زمانی كوردی** | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | | | | ✓ | | | | | | ✓ | ✓ |

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | م. سالار شكرى على | مامۆستای یاریدەدەر | موزیکۆلۆگ | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی هونەرە جوانەکان | | | | | ✓ | | | ✓ | ✓ | ✓ | | | ✓ | |
| ١٧ | م. سیروان محمد مصطفى | مامۆستای یاریدەدەر | موزیکۆلۆگ | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی هونەرە جوانەکان | | | | | | | | | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | |
| ١٨ | م. شێرکۆ محەمەد صالح عبدالله | مامۆستای یاریدەدەر | ئامێری ڤایۆلین | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی هونەرە جوانەکان | | | | | ✓ | | | | | | ✓ | ✓ | | |
| ١٩ | م.کاوان محمد الیاس | مامۆستای یاریدەدەر | موزیك دانان | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی هونەرە جوانەکان | | ✓ | | | ✓ | | | ✓ | | | | | | |
| ٢٠ | م. هەژار ئەحمەد مستەفا | مامۆستای یاریدەدەر | موزیك دانان | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی هونەرە جوانەکان | | | | | | | | ✓ | | | ✓ | ✓ | | |
| ٢١ | م.ئارام کاوە صبغە الله | ماستەر | پەروەردەی موزیك | پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆك | | ✓ | ✓ | | | | | ✓ | | | | | | |
| ٢٢ | م.بزاف کیفی فرج | ماستەر | پەروەردەی موزیك | پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆك | | ✓ | ✓ | | ✓ | | | | | | | | | ✓ |
| ٢٣ | م.بژار ماهر احمد | ماستەر | موزیکۆلۆگ | پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی | ✓ | | ✓ | | ✓ | | | ✓ | | | | ✓ | | |
| ٢٤ | م.سۆان حمە أمین أحمد | ماستەر | ڕێگاکانی وانەووتنەوە | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی | | | | ✓ | | | | | | | | | | |
| ٢٥ | م.یادگار محمد أمین | ماستەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی پەروەردەی هونەری | پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدان | | | | ✓ | | | | | | ✓ | | | | |
| ٢٦ | هەڵکەوت محمد ابراهیم | سەرپەرشتاری پەروەردەیی | زانستی موزیك | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی | | ✓ | ✓ | | | | | | ✓ | | | | | |
| ٢٧ | خالید احمد عزیز سەرکار | سەرپەرشتاری پەروەردەیی (خانەنشین) | ژەنیاری ڤیۆلین و ئاوازدانەر | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی | | ✓ | ✓ | | | | | | | ✓ | | | | ✓ |

**پیتەکان بریتین لە جۆری ڕاوێژکردنی پرس و ڕاسپاردەکان کە بریتین لە:**

أ = دەستنیشانکردنی ناوی بابەتە موزیکییەکان.

ب = هەڵبژاردنی بابەتەکانی خوێندنی موزیك و ناوەڕۆکەکانیان و دابەشکردنیان بەسەر قۆناغ و سیمیستەرەکان لە بەشی پەروەردەی هونەری.

پ = پێداوستییەکانی فێربوونی خوێندکاران و هۆکارەکانی فێرکردن لە ناوەڕۆکی پرۆگرامە.

ت = ڕاستگۆیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکە.

ج = هەڵبژاردنی گۆرانییەکانی بابەتی سۆلفێجی گشتی.

چ = هەڵبژاردنی سروود و گۆرانییە نیشتمانییەکان بە پێی گونجاوییان لەڕووی دەرونییەوە.

ح = پۆلێنکردنی سروود و گۆرانییە نیشتمانییەکان.

خ = هەڵبژاردنی سروود و گۆرانییە نیشتمانییەکان بە پێی گونجاوییان لەڕووی میلۆدییەوە.

د = ڕێکخستنی ناوەڕۆکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە .

ر = دیاریکردنی ڕێگا و شێواز و ستراتیجەکانی وانەووتنەوە.

ڕ = دیاریکردنی چالاکییەکانی بابەتەکانی پرۆگرامەکە.

ز = دیاریکردنی ئامرازەکانی فێرکردنی بابەتەکانی پرۆگرامەکە.

ژ= دیاریکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی پرۆگرامەکە.

س= هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ تەواوی پرۆگرامەکە.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

(ڕاپرسی داخراو بەمەبەستی هەڵبژاردنی بابەتە موزیکییەکان لە بەشی پەروەردەی هونەری و لەڕووی تایبەتمەندی جۆری ناوەڕۆك و دابەشکردنییان بەسەر قۆناغ و سیمیستەرەکاندا

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی پەروەردەی هونەری
خوێندنی باڵا / ماستەر

**ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان**

بۆ بەڕێز :

سڵاوی زانست...

توێژەر، خوێندکاری (خوێندنی باڵا/ ماستەر) لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی موزیك لەبەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی)، ئامانج لە توێژینەوەکە، دانانی پرۆگرامی خوێندنی موزیکە بۆ بەشی پەروەردەی هونەری بەپێی سیستەمی (بۆلۆنیا پرۆسێس)، یەکێك لە پێداویستییەکانی پرۆگرامەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ناوی بابەتە موزیکییەکان کە لە چوارچێوەی پلانی خوێندنی بەشی پەروەردەی هونەریدا هەیە، جێی ئاماژەیە ساڵانی ڕابردوو تەنیا لە قۆناغەکانی (دووەم – سێیەم) بەپێی (سیستەمی ساڵانە) وانەی موزیك دەخوێندرا و ناوی بابەتەکان تەنیا (موزیك) بوون، بەڵام دواتر لیژنەی زانستی بەشی پەروەردەی هونەری لەدوای ئەنجامدانی وۆرکشۆپێکی هاوبەشی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی تایبەت بە سیستەمی پرۆگرامەکانی خوێندن، بڕیاریدا بە زیادکردنی بابەتەکانی موزیك بۆ (شەش) بابەت بە جۆرێك کە لە هەر چوار قۆناغەکەدا بخوێندرێت، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بە ڕاوێژکردن لەگەڵ چەند مامۆستایەکی پسپۆڕی موزیك هەستا بە پێشنیازکردنی ناوی (٩) بابەتی موزیك، بەجۆرێك لەگەڵ هەنگاوەکانی فێربوونی موزیك و پرۆگرامی خوێندنی موزیك لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگونجێت، بۆیە بە پێویستی زانی نمایشیان بکات بەسەر ئێوەی بەڕێزدا وەك مامۆستای شارەزاو پسپۆڕ لەم بوارەدا، بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاو سەرنج و پێشنیازەکانتان سەبارەت بە بابەتە موزیکییەکان و هەڵبژاردنی شیاوترین و پێویسترین بابەتیان و دیاریکردنی تایبەتمەندی جۆری ناوەڕۆکەکانیان و دابەشکردنیان بەسەر سیمیستەر و قۆناغەکاندا، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی برگەکانی ئەم ڕاپرسیەوە توێژەر دڵنیا دەبێتەوە لە ڕادەی شیاوییان، داواکار ماندوبونتان بەرزدەنرخێنێت و هاوکاریتان خزمەتێکی گەورەیە بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و توێژینەوەی زانستی، لەگەڵ ڕێز و پێزانیندا.

تکایە مامۆستای بەڕێز، ئەم زانیارییانە پڕبکەرەوە:

ناوی پسپۆڕ:...................................... پلەی زانستی : ....................................... بڕوانامە : ............................

ڕەگەز: ........................پسپۆڕی گشتی............................................ پسپۆڕی ورد.......................................

| سەرپەرشتیاری یەکەم: | سەرپەرشتاری دووەم : | توێژەر: |
|---|---|---|
| پ.د.جواد نعمت حسین | پ.ی . م وفاء محمد حسین | تۆڵە ئومێد محمود |

# پاشکۆی ژمارە (٣)

(ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی ڕادەی شیاوی پێداویستی خوێندکاران لە فێربوونی بابەتە موزیکییەکان و هۆکارەکانی فێرکردن

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی پەروەردەی هونەری
خوێندنی باڵا / ماستەر

## ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان

بۆ بەڕێز :

سڵاوی زانست...

تـوێژەر، خوێنـدکاری (خوێنـدنی بـاڵا/ ماسـتەر) لـە بەشـی (پـەروەردەی هونـەری)، هەڵدەسـتێ بـە ئەنجامـدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی موزیك لەبەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پـەروەردەی بنـەڕەتی – زانکـۆی سـلێمانی)، بە ئامـانجی ئامـادەکردنی پرۆگرامـی خوێنـدنی موزیـك بـۆ بەشـی پەروەردەی هونەری، یەکێك لە پێداویستییەکانی توێژینەوەکە، بریتی یە لە پێداویستی خوێندکاران لـە فێربـوونی بابەتـە موزیکییـەکان، داواکار لەبەڕێزتـان بفەرمـوون بەدەستنیشـانکردنی شـیاوی و نەشیاوی و ڕادەی شایسـتەی برگەکانی ڕاپرسییەکە، بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی ودروستی ئەو بابەت و هۆکارە فێرکردنانەی کە لە ئاسـت پێویستی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەریین لە میانەی خوێندنی زانکۆدا و هەروەها بتوانێت سـوودی لـێ ببینن کاتێك دەبن بە مامۆستا لـە خوێنـدنگا بنەڕەتییـەکان، ڕادەی زانسـتیبوونی برگەکـانی ڕاپرسـییەکە بەنـدە بە پێشنیازە سەنگینەکانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینیان هەیە.

هاوکاریتان جێگەی پێزانینی بەڕێزتانە بۆ زانست.

تێبینی/ تکایە مامۆستای بەڕێز وەڵامی ئەم زانیارییانە بدەرەوە:

ناوی پسپۆڕ:....................................... پلەی زانستی : ......................................

بڕوانامە : ........................................ ڕەگەز: ..................................................

پسپۆڕی گشتی.................................. پسپۆڕی وورد...........................................

سەرپەرشتیاری یەکەم: سەرپەرشتاری دووەم : توێژەر:

پ.د.جواد نعمت حسین پ.ی . م وفاء محمد حسین تۆڵە ئومێد محمود

## پاشكۆی ژماره (٤)

(ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ئامانجی ( گشتی – ڕەفتاری) پرۆگرامەکە لەلایەن پسپۆرانەوە

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سلێمانی
كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی پەروەردەی هونەری
خوێندنی باڵا / ماستەر

### ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان

بۆ بەڕێز :

سڵاوی زانست...

تـوێژەر، خوێنـدكاری (خوێنـدنی بـاڵا/ ماسـتەر) لـە بەشـی (پـەروەردەی هونـەری)، هەڵدەسـتێ بـە ئەنجامـدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی موزیك لەبەشی پەروەردەی هونەری – كۆلێجی پـەروەردەی بنـەڕەتی – زانكـۆی سـلێمانی) بە ئامـانجی ئامـادەكردنی پرۆگرامـی خوێنـدنی موزیـك بـۆ بەشـی پەروەردەی هونەری، یـەكێك لـە پێداویسـتییەكانی توێژینەوەكـە، ئامادەكردنی ئامانجەكانـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هەستاوە بە دیاریكردنی ئامانجە فێركارییە گشتییەكان و ڕەفتارییەكان بـە شـێوەیەكی سـەرەتایی بـۆ هەریـەك لـە بابەتـەكانی (تیۆرەكـانی موزیـك – سـۆڵفێجی گشـتی – سـروود و گـۆرانی)، داواكـار لەبەڕێزتـان بفەرمـوون بەدەستنیشـانكردنی شـیاوی و نەشـیاوی و ڕادەی شایسـتەی بڕگەكـانی ڕاپرسـییەكە، بەمەبەسـتی دڵنیـابوون لە ڕاستی ودروستی، ڕادەی زانستیبوونی بڕگەكانی ڕاپرسییەكە بەندە بە پێشنیارە سـەنگینەكانی بەڕێزتـانەوە، بـۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینیان هەیە.

هاوكاریتان جێگەی پێزانینی بەڕێزتانە بۆ زانست.

تێبینی/ بەسوپاسەوە بۆچوونەكانی بەرێزتان جەختبكاتەوە لەسەر لایەنی:
١- ڕاستكردنەوەی زمانەوانی.
٢- بنەماكانی ئامادەكردنی پێوەر.
٣- زیادكردن یان كەمكردنی بڕگەكان.
٤- ئاستی لەخۆگرتنی ڕاپرسییەكە بۆ كۆی بابەتەكە.

ناوی پسپۆڕ:......................................... پلەی زانستی : .......................................

بڕوانامە : ......................................... ڕەگەز: ..............................................

پسپۆڕی گشتی......................................... پسپۆڕی وورد.............................................

سەرپەرشتیاری یەكەم: سەرپەرشتاری دووەم : توێژەر:

پ.د.جواد نعمت حسين پ.ی . م وفاء محمد حسين تۆڵە ئومێد محمود

## پاشکۆی ژماره (٥)

### ئامانجی (گشتی – ڕەفتاری) پرۆگرامەکە لەلایەن پسپۆرانەوە بە شێوەی کۆتایی

**أ : ئامانجە فێرکارییە گشتییەکان لە  بابەتی (تیۆرەکانی موزیك)**

**ئەرکی مامۆستا لە گەیاندنی پەیامەکەی بە خوێندکار:**

| ڕ | برگەکان | بوار |
|---|---|---|
| ١ | ناساندنی دەنگەکانی موزیك | زانیاری |
| ٢ | ناساندنی  ستەیڤ و کلیلی سۆڵ | زانیاری |
| ٣ | ناساندنی  کلیلەکانی دیکەی موزیك و  ستەیڤی گەورە | زانیاری |
| ٤ | گەشەکردنی توانا لەڕێگەی بەرنامە فێرکارییەکانی  مۆبایل | لێهاتویی |
| ٥ | ناساندنی هێمای نۆتە و پشووەکان | زانیاری |
| ٦ | ناساندنی نۆتە و پشووە درێژکراوەکان | زانیاری |
| ٧ | ناساندنی ڕێبەرەکانی کێش | زانیاری |
| ٨ | ناساندنی نیشانەکانی دێز و بیمۆڵ | زانیاری |
| ٩ | ناساندنی میانەی نێوان دەنگەکانی موزیك | زانیاری |
| ١٠ | ناساندنی سکێل و کۆردەکانی مێجەر و ماینەر | زانیاری |
| ١١ | زیادکردنی حەز و ئارەزووی خوێندکاران بۆ موزیك لە ڕێگەی فلاش کارد و ڕێگای یاری | ویژدانی |
| ١٢ | ناساندنی نیشانەکانی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ و میانەکان لە موزیکی ڕۆژهەلاتیدا | زانیاری |
| ١٣ | ناساندنی مەقام و گرێ و ڕەگەز پێکهێنەرەکانی | زانیاری |
| ١٤ | ناساندنی سکێلی ئەو مەقامە سەرەکییانەی کە ڕێبەری سکێلەکانیان چارەگەتۆنی بەرناکەوێت | زانیاری |
| ١٥ | ناساندنی سکێلی ئەو مەقامە سەرەکییانەی کە ڕێبەری سکێلەکانیان چارەگەتۆنی بەردەکەوێت | زانیاری |
| ١٦ | زیادکردنی مەیلی خوێندکاران بە نمایشکردنی ئاوازی مەقامەکان | ویژدانی |

**ب : ئامانجە ڕەفتارییەکان لە  بابەتی ( تیۆرەکانی موزیك )**

**پێویستە خوێندکار لە کۆتایی وانەکەدا  بتوانێت:**

| ڕ | برگەکان | ئاست |
|---|---|---|
| ١ | چەمکی موزیك بە وردی  پێناسە بکات | بیرخستنەوە |
| ٢ | مێژووی سەرهەڵدانی پیتەکانی موزیك بەباشی ڕونبکاتەوە | بیرخستنەوە |
| ٣ | ناوی دەنگەکانی موزیك  بە ڕیزبەندی بژمێرێت | بیرخستنەوە |
| ٤ | ناوی دەنگەکانی موزیك لەسەر بنەمای زمانە جیهانییەکان بەباشی جیا بکاتەوە | شیکردنەوە |
| ٥ | ڕێگای یاری دەنگزمێر بەتەواوی بەکاربهێنێت | جێبەجێکردن |
| ٦ | دەنگەکانی موزیك لە پلەی یەکەمەوە (بنکە) بۆ پلەی هەشتەم (لوتکە) بەتەواوی ڕێکبخات | پێکهێنان |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | دەنگەکانی موزیك لە پلەی هەشتەم (لوتکە) بۆ پلەی یەکەم (بنکە) بە تەواوی ڕێکبخات . | پێکهێنان |
| ٨ | چەمکی ستەیڤ بە وردی پێناسە بکات | بیرخستنەوە |
| ٩ | شێوەی ستەیڤ بەباشی بکێشێت | پێکهێنان |
| ١٠ | دەنگەکان لەسەر هێڵەکانی ستەیڤ بەوردی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ١١ | دەنگەکان لەناو بۆشاییەکانی ستەیڤ بە تەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ١٢ | دەنگەکان لەبەشی سەرەوەی ستەیڤ بە تەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ١٣ | دەنگەکان لەبەشی خوارەوەی ستەیڤ بە تەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ١٤ | چەمکی کلیل بە وردی پێناسە بکات | بیرخستنەوە |
| ١٥ | کلیلی سۆڵ بە وردی پێناسە بکات | بیرخستنەوە |
| ١٦ | شێوەی کلیلی سۆڵ بە باشی بکێشێت | پێکهێنان |
| ١٧ | دەنگەکانی سەر هێڵی ستەیڤ بە پێی کلیلی سۆڵ بە تەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ١٨ | دەنگەکانی ناو بۆشایی ستەیڤ بە پێی کلیلی سۆڵ بەتەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ١٩ | شوێنی دەنگەکانی سەروی ستەیڤ بەپێی کلیلی سۆڵ بە تەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ٢٠ | شوێنی دەنگەکانی خواروی ستەیڤ بەپێی کلیلی سۆڵ بە تەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ٢١ | چەمکی کلیلی فا بە وردی پێناسە بکات | بیرخستنەوە |
| ٢٢ | شێوەی کلیلی فا بە باشی بکێشێت | پێکهێنان |
| ٢٣ | دەنگەکانی سەر هێڵی ستەیڤ بە پێی کلیلی فا بە تەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ٣٤ | دەنگەکانی ناو بۆشایی ستەیڤ بە پێی کلیلی فا بەتەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ٣٥ | شوێنی دەنگەکانی سەروی ستەیڤ بەپێی کلیلی فا بەتەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ٣٦ | شوێنی دەنگەکانی خواروی ستەیڤ بەپێی کلیلی بە تەواوی فا دیاریبکات | پێکهێنان |
| ٢٧ | کلیلی دۆ بە وردی پێناسە بکات | بیرخستنەوە |
| ٢٨ | کلیلەکانی موزیك کە لەسەر هێڵەکانی دیکەی ستەیڤ جێگر دەبن لەیەکتر جیا بکاتەوە | پێکهێنان |
| ٢٩ | چەمکی ستەیڤی گەورە بەوردی پێناسە بکات | بیرخستنەوە |
| ٣٠ | شێوەی ستەیڤی گەورە بە باشی بکێشێت | پێکهێنان |
| ٣١ | دەنگەکانی سەر ستەیڤی گەورە بە تەواوی دیاریبکات | پێکهێنان |
| ٣٢ | چەمکی کلیلی پێرکەیشن بە وردی پێناسەبکات | بیرخستنەوە |
| ٣٣ | ستەیڤەکانی تایبەت بەنوسینی میلۆدی لە ڕیتمی بە باشی جیابکاتەوە | شیکردنەوە |
| ٣٤ | ناوی نۆتەکان بەپێی خایاندنی کاتەکانیان بەڕیزبەندی بژمێرێت | بیرخستنەوە |
| ٣٥ | ناوی پشووەکان بەپێی خایاندنی کاتەکانیان بەڕیزبەندی بژمێرێت | بیرخستنەوە |
| ٣٦ | نۆتەکان بە باشی لەیەکدی جیابکاتەوە | شیکردنەوە |
| ٣٧ | پشووەکان بە باشی لەیەکدی جیابکاتەوە | شیکردنەوە |
| ٣٨ | نۆتەکان لە پشووەکان بە تەواوی جیابکاتەوە | شیکردنەوە |
| ٣٩ | شێوەی نۆتەکان لەسەر ستەیڤ بە باشی بکیشێت | پێکهێنان |
| ٤٠ | شێوەی پشووەکان لەسەر ستەیڤ بە باشی بکیشێت | پێکهێنان |
| ٤١ | خایاندنی کاتی نۆتەکان لەڕێی ئاماژەوە بەباشی جێبەجێبکات | جێبەجێکردن |
| ٤٢ | خایاندنی کاتی پشووەکان لەڕێی ئاماژەوە بە باشی جێبەجێبکات | جێبەجێکردن |
| ٤٣ | بە پێی ترپەی هێماکان، دەنگەکان لەڕێی ئاماژەی دەستەوە بە تەواوی بخوێنێتەوە | جێبەجێکردن |
| ٤٤ | نیشانەکانی درێژکردنەوەی هێماکانی خایاندنی دەنگ بەخاڵ بژمێرێت | بیرخستنەوە |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٥ | درێژکردنەوەی هێماکانی خایاندن بە دانانی نیشانەی  خاڵ بە باشی ڕونبکاتەوە | تێگەیشتن |
| ٤٦ | خایاندنەکان بە جیاوازی ژمارەی خاڵ بە تەواوی لەیەکدی جیابکاتەوە | شیکردنەوە |
